دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

هەڵبژاردەی چیرۆك
لە ئەدەبی گەلانەوە

# بەڵێ لە بەهار ئەچێ



دکتۆر هیوا عمر احمد

لەئینگلیزییەوە کردویەتی بە کوردی

بۆ وەرگێڕە بەڕێزەکەی

دیاریە

٢٠٠٤/٢/٢٨

هەڵبژاردەی چیرۆك
لە ئەدەبی گەلانەوە

# بەڵێ لە بەهار ئەچێ

دکتۆر هیوا عمر احمد
لەئینگلیزییەوە کردویەتی بەکوردی

سلێمانی 2000

* ناوی کتێب: بەڵێ لە بەهار ئەچێ
* وەرگێڕانی: د.هیوا عمر احمد
* بابەت: کورتە چیرۆک
* چاپی یەکەم سلێمانی/ 2000
* تیراژ: 400
* ژمارەی سپاردن : ( 445 ) ی 2000
* کۆمپیوتەرو چاپی دەزگای سەردەم

زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ( 81 )

## ناوەرۆك


| | | |
|---|---|---|
| ١١-٤ | ئەشكەنجە | |
| ١٦-١٢ | گەشت | 88 short stories by guy de moupassant – london. 1950. Page 409-414 |
| ٢١-١٧ | باوك | هەمان سەرچاوە. لاپەرە (٣٩٢-٣٩٦) |
| ٢٦-٢٢ | بێوەژن | هەمان سەرچاوە. لاپەرە (٣٥٨-٣٦٤) |
| ٣١-٢٧ | كەرپەسە | هەمان سەرچاوە. |
| ٤٦-٣٢ | خانچی | Russian Stories pushkin to Gorky by Janko-1950 page 23-36. |
| ٥٣-٤٧ | گەڕانەوە | هەمان سەرچاوە. |
| ٥٩-٥٤ | دڵێكی نهێنی دركێن | Edgar allan poe stories by laura bench 1961 pages 17-25 |
| ٦٥-٦٠ | بەڵێ لە بەهار ئەچێ | Short story writing page 96-105 |
| ٨٢-٦٦ | ئازیز | Portable checkove |
| ٩٢-٨٣ | جوانە مەرگ بوو | Short story writing by Wilson R. Thornley a banton book 1979 page 81-97. |

## ئەشکە نجە
## *گریێ دڵم بۆ کێ بکەمەوە*

-چیکۆڤ

شەو تارای تاریکی دادابۆوە، چرای شەقامەکە زۆر نەبوو داگیرسابوون، پێچە کلوی بەفرەکە دائەبارییە سەربان و پشتی ئەسپ و سەرشان و شەبقەی فەرووی رێبوارەکان. خەڵکەکە، بەهێواشی لەبەر رۆشنایی چراکاندا سەمایان ئەکرد.

-جۆنا پۆتاپۆ-ی گالیسکەوان، بێجووڵە خۆی لەسەر گالیسککەی گرمۆڵە کردبوو. بەفرەکە هێندەی سپی کردبوو لەتارمایی ئەچوو وادیار بوو ئەگەر بەفرەکە بەتەواویش دایپۆشێ، بیر لەوەناکاتەوە خۆی بتەکێنێ. ماینە پیرە بچووکەکەی بێبزووتن راوەستا بوو، هێندە لەش و لاری رێك و پێك بوو لەبووکە شوشە ئەچوو. دوور نیە ماینەکەش لەبیرکردنەوەدا بوو بێ، ئەگەر یەکێ لەو سەوزە بارو مێرگ و گاسنەدا دابڕێت کەپێی راهاتووە، بهێنرێتە ئەم شوێنە جەنجاڵە پڕ لەرووناکی و ترسێنەرەوە، هەر خولقێنراوێ بێ، ستەمە بیرێ بکاتەوە.لە شێوانەوە، هاتوونەتە ئێرە، بەڵام یەك کەسیش نەهاتووە سواری گالیسکەکەی بێ. وا تاریکی شەوەکە چڕ ترو رووناکی چرا کزەکان گەشترو قاوو قیژو جەنجاڵی رێگاکەش پتر ئەبێ. دەنگێ هاتە گوێی؛

-{ئەرێ کابرا، نامگەیەنیتە کەناری -ڤیبۆرگ؟}

چاوی کردەوە ، لە نێوان برژانگە بەفراویەکەیەوە، ئەفسەرێکی بەدی کرد پاڵتۆیەکی شەبقەداری لەبەردابوو.ئەفسەرەکەهاواری کرد:

-{ئەڵێی خەوتووی، نامگەیەنیتە کەناری -ڤیبۆرگ؟}.

جڵەوی ماینەکەی توونـد کردەوە ، ماینەکە جووڵاو وەکو خاوەنەکەی خۆی لە بەفرەکە تەکاند. ئەفسەرەکە سوار بوو، گالیسکەوانەکە خۆی گورج کردەوە،

فیکەیەکی لێداو قامچییەکی ڕەوەشاند ماینەکە خۆی قیت کردەوە، ملی بڵند کردەوە ، قاچە باریکەکانی جووڵاند، گالیسکەکە بەرێ کەوت. هاوارێ لە تاریکستانییەکەوە بڵند بووەوە:

{ئەوە ئەڵێی شێت بووی، بۆ کوێ لێ ئەخوڕی ، بەرەو لای ڕاست وەرگەڕێ}.

ئەفسەرەکە قیژاندی بە سەریدا:

{ ئەڵێی نازانی لێ بخوڕی، کابرا دەستە ڕاستت بگرە}.

گالیسکەوانێ جنێوێکی پێ دا، کابرایەك بە بەردەمیاندا تێپەڕی، شانی بەر قەپۆزی ماینەکە کەوت، شانی تەکاندو مۆڕیەکی لە-جۆنا- کرد. جێی بە خۆی نەئەگرت ، ئەتووت لە سەر پشکۆ ... ڕاگیراوە، شانی بەرزکردەوە ، چاوی بەم لاو بەولادا ئەگێڕا ، وەك نەزانێ لە کوێیەو بۆچی لو جێیەدایە ئەفسەرەکە بە گاڵتەپێکردنەوە ووتی:

-{ چەندە ناکەس بەچەن ، بە دەستی ئەنقەست ڕێت پێ ئەگرن}.

دەمی هەڵهێنایەوە شتێ بڵێ، بەڵام ووشەکان لە قورگیدا گیران ، تەنیا بۆڵەبۆڵێکی لێوە هات .ئەفسەرەکە پرسی :

-{ چی ئەڵێی؟}

ئەم قورگی پاك کردەوە ، زەردەخەنەیەکی گرت ووتی:

-{ئەم هەفتەیە ، قوربان، کوڕەکەم ئەم هەفتەیە مرد }.

-{بە ڕاستتە بەچی مرد؟}

بە تەواوەتی ئاوڕی لێدایەوە ووتی:-

-{خوا ئەزانێ ، تا-ی هەبوو، سی ڕۆژ لە نەخۆشخانە کەوتو ئیتر مرد، فرمانی خوای بە جێهینا}

دەنگێ لەتاریکییەکەوە هات:

-{پیاوخراپ ئاگاداربە، ئەڵێی شێتی، کوێری، چاوت نییە؟}

ئەفسەرەکە ووتی:

-{خێراکە، خێراکە بەم شێوەیە بڕۆین بۆ بەیانی ناگەین}.

خۆی قیت کردەوە، جێی بە خۆی نەئەگرت، چەند جارێ ئاوڕی لەئەفسەرەکە دایەوە، ئەویش چاوی نوقاندبوو، وادەرئەکەوت نایەوێ گرێی بۆ شل بکات.

پاش ئەوەی ئەفسەرەکە دابەزی، لە بەردەم شوێنێکی جەنجاڵدا گالیسەکەی ڕاگرت و لێی مات بووەوە، بەفرە سپییەکە بەسەر خۆی و ماینەکەیدا توێژی بەستەوە، کاژێری دووان ڕابوورد دوو گەنجی لاوازو باڵا بەرزو گەنجێکی کورت و پشت کۆم، بەجنێو بەیەکدان و هەراو هوریا پۆستاڵ لە زەوی خشاندنەوە بەرەو لای ئەم هاتن. پشت کۆمەکە، بە دەنگێکی ناقۆڵاوە ووتی:-

{ئەرێ کابرا، بمان گەیەنەرە پردی پۆلیس بیست -کۆبیک-ت ئەدەینێ}.

لغاوی ماینەکەی توند کردەوە، فیکەیەکی لێدا، قسەی خۆمان بێ بیست کۆبیک هەر پارە نییە، بەڵام ئەو لەو ساتەدا بیری لای پارە نەبوو. ڕۆبڵێک و پێنج کۆبیک-ی لا وەک یەک وابوو. تەنیا ئەوەی لا گرنگ بوو کەمێ بگەیەنێتە شوێنێ.

گەنجەکان بە بگرەو بەردەو قاووقیژەوە سەرکەوتن، ئەبوایە دوانیان دابنیشن، بڕیاریان دا لە بەرئەوەی پشت کۆمەکە کورت ترە ئەبێ بەپێوە بێت، لە پشت -جۆنا-وە ڕاوەستا، بە دەنگێکی پچڕ پچڕەوە ووتی:-

-{با بڕۆین}

قسەکەی تەواو کرد

-{خێراکە، ئەمە کەی گالیسکەیە، لەوانەیە بگەڕێی لەم شارەدا لەم گالیسکەیە خراپتر نەدۆزیتەوە}.

جۆنا ووتی

-{هەر ئەوەندەم پێ ئەکرێ}.

-{ دەی خێراکە، هەر ئەوەندەت پێ ئەکرێ؟ بۆ ناتەوێ هەروا لێبخوری، گەر خۆت گورج نەکەیتەوە تێت ئەسرەوێنم}.

گەنجێکیان ووتی:_

-{ سەرم دێشێ، دوێنێ چوار شوشە براندی-م لای -دۆکماسۆف- خواردەوە}.

ئەوی تریان بە غەمباریەوە ووتی:-

-{ کورە شوورەیی‌یە ئەم درۆ زلانەت لە چی‌یە؟}

-{ دە وەرە مەمرە، بەڕاستمە}

-{ وایە، جا کێ درۆی لەتۆ بیستووە؟}

جۆنا- قاقا پێدەکەنی ووتی:-

-{ چەندە بە کەیفن}.

پشت کۆمەکە هاواری کرد:

-{ داوەشێی بۆ خۆت و لێخورینت، کابرا قامچی‌یەکی لێدە، با گورج بێتەوە}.

وورده وورده هەست بەتەنیایی‌یەکەی ئەئەما. پشت کۆمەکە تێی ئەخوری و بە دەنگی لەرزۆکەوە نەفرەتی لێ ئەکردو جنێوی پێئەدا، تا هاورێیەکی نوکتەیەکی ئەگێڕایەوە، ئەوسا پێئەکەنی تاکو ئەکەوتە کۆکە کۆك.

دوو هاورێکەی کەوتنە باسی کیژێك ناوی -پترۆڤنا- بوو، گالیسکەوانەکە ئاورێکی لێدانەوە، پاش کەمێ ئاورێکی تری لێدانەوەو بەمینجەوە ووتی:-

-{ سەیرکەن، ئەم هەفتەیە کورەکەم مرد }.

پشت کۆمەکە پاش ئەوەی لە کۆکین کەوت ووتی:-

-{ هەموومان ئەمرین، کوڕە کابرا دەستو بردت بێ، وابڕوا ناگەین }
-{ شەقازلەیەك لە بناگوێی بسرەوێنە با خێرا بێتەوە }
-{پیری کەنەفت گوێت لێیە؟ بە شەقازلەیەك گورجت بکەمەوە. گەر یەکێ ڕێزی مرۆڤیوەك تۆ بگرێ، ئەبێ بەپێ بڕوا، گوێت لێیە یان لات گرنگ نیی‌یە چی ئەڵێین؟}
جۆنا بەپێکەنینەوە ووتی:-
-{ خوا بتان هێڵێ،چەندە گەنجو بەکەیفن }.
یەکێ لە گەنجەکان لێی پرسی:
-{ ئەرێ تۆ ژنت هەیە؟}
-{ من، ها ها ها، گەنجو بێ غەمن، ئێستا زەوی تەڕو شێدار ژنمە، دیارە مەبەستم-گۆڕ-ە... کوڕەکەم مردوو من بەزیندوویی مامەوە! شتێکی سەیرە، مەرگ بەهەڵەدا، لەباتی ئەوەی من بباتەوە، ژیانی کوڕەکەمی وەرگرتەوە }.
ئاوڕی لێدانەو، تا پێیان بڵێ؛کوڕەکەی چۆن مرد، بەڵام پشت کۆمەکە هەناسەیەکی خۆشی هەڵکێشاو سوپاسی خوای کردو ووتی:-
-{ گەیشتینە جێ }
بەدەم ئەوەی بیست -کۆبیك-ەکەی خستە گیرفانی سەرنجی لێئەدان کەچۆن لەتاریکییەکەدا دیار نەئەمان.
دیسان کەوتەوە تەنیایی، دیسان خامۆشی لە ئامێزی گرتەوە، دیسان کەوتەوە هەنسك هەڵکێشان، دڵی لەجاران تەنگتر بوو، بە دوو چاوی پڕ لەئەشکەنجەو ژانو دوو دڵییەوە سەرنجی ئەو حەشاماتەی ئەدا، بە شەقامەکەدا ڕائەبووردن. تۆ بڵێی یەکێ لەو خەڵکە نەیەوێ گوێ بۆ ڕازەکانی شل بکات؟ بەڵام چیبکات؟ خەڵکەکە نەهەست بە بوونی ئەو ئەکەنو نەهەست بەئەشکەنجەو ژانەکانی ئەکەن. ئەگەر دڵی بتەقییایە، ئەشکەنجەو ژانەکانی

لافاوێکیان هەڵ ئەستاند جیهانی ئەکرد بەژێرەو بەڵام کەس نایان بینێ، لەشوێنێکی وادا خۆیان شاردۆتەوە، لە ڕۆژی نیوەڕۆدا نادۆزرێنەوە.

دەرگاوانێك بارێکی بە کۆڵەوە بوو بەلایدا تێپەڕی، جۆنا لێی پرسی:-

-{ کات بووە بە چەند؟ }.

-{ لە نۆ تێی پەڕاندووە، ئەرێ کابرا بۆچی لێرەدا ڕاوەستاوی، لەم ناوە دوورکەوەرەوە. }.

چەند هەنگاوێ دوورکەوتەوە، خۆی گرمۆڵە کردەوەو جلەوی بۆ ئەشکەنجەو ژانەکانی شل کردەوە. وای هەست ئەکرد، بێ سوودە گەر بیەوێ ڕوو لە خەڵکی بکات هەریەکە بە کاری خۆیەوە سەری قاڵە پاش کەمێ خۆی گورج کردەو وەك سەری بیەشێ سەرێکی باداو لغاوی مایەنکەی توونە کردەوە، ئیتر حەوسەڵەی نەما، ناتوانێ لەوە زۆرتر بەرگە بگرێ. لەدڵی خۆیدا ئەیووت:-

-{ باشتر وایە بچینەماڵەوە }.

مایەنکە وەك ئاگای لە بیرکردنەوەکەی بێ کەوتە پەلە کردن. پاش کاژێرو نیوێك لە تەنیشت ئاگردانێکی کۆنو پیسو پۆخڵ لێی دانیشت. خەڵکی لەسەر زەویو ئاگردانو سەکۆی ناو ژوورەکەدا لێی خەوتبوون، پرخەیان ئەهات. ژوورەکە بۆگەنی لێوە ئەهات، سەیری خەوتووەکانی ئەکردو خۆی ئەخوراند، لەوە پەشیمان بووبووەوە کە زوو هاتبۆوە، کەوتە بیرکردنەوە؛

-{ پارەی ئالیکی مایەنکەشم پەیدا نەکردووە، بۆیە هێندە دڵم تەنگە، ئەوەی کاری خۆی بزانێو خواردنی خۆیو مایەنکەی مسۆگەر بکات هەست بەحەوانەوە ئەکات}

لەسووچێکی ژوورەکەوە، شۆفێرێ ڕاست بۆوە، بە بۆڵە بۆڵەوە بەرەو شوێنی لای ئاوەکە ئەچوو، جۆنا-لێی پرسی:

-{ئەتەوێ شتێ بخۆیتەوە؟}

-{وا دیارە}

-{نۆشی گیانت بێ، بەڵام برادەر کوڕەکەم مرد، گوێت لێیە شتێکی سەیرە! ئەم هەفتەیە لە خەستەخانە کوڕەکەم مرد}.

سەیرێکی کرد، تا بزانێ قسەکانی چ کارێکیان تێکردووە، بەڵام هیچ سوودی نەبوو، کابرا سەری خۆی داپۆشی و لێی خەوتەوە. ئاهێکی هەڵکێشاو کەوتە خوراندنی لەشی، شۆفێرەکە چەندە تینووی شتێ بووبیخواتەوە، ئەمیش هێندە تینووی قسەکردن بوو، وا خەریکە ببێ بە هەفتەیەک، کوڕەکەی مردووە، بەڵام تاکو ئێستا نەیتوانیوە بە تەواوی بۆ کەسێکی باس بکات. زۆری لەدڵ دابوو، پێویستی بەوە بوو هەڵی ڕێژێ. ئەیوویست باسی ئەوە بکات، کوڕەکەی چەند نەخۆش بوو؟ چۆن بە دەست نەخۆشییەکەیەوە ئەینالاند؟ لە سەرەمەرگدا چی ووت؟ چۆن مرد؟ ئەیوویست باسی ناشتنەکەی بکات، چۆن چوو بۆ نەخۆشخانە جلوبەرگی کوڕەکەی وەربگرێتەوە. ئەیوویست باسی ئەوە بکات جگە لە کوڕە جوانەمەرگ بووەکەی کچێکیشی هەیە، ناوی -ئەنیسیا-یەو لە لادێ ئەژی. ئەیوویست بە جیا باسی -ئەنیسیا-ش بکات.

ئەیوویست ئەوەی گوێی بۆ ڕائەدێرێ بڵێ {نۆو، ئاخ}، بەشداری ئەشکەنجەو خەمەکانی بکات، وای بەبیردا ئەهات باشتر وایە ئەم قسانە بۆ ئافرەتێ بکات، هەرچەندە ئافرەت بەگەوج ئەزانێ بەڵام بەس نییە دوو قسە ئەکەن و ڕستێ فرمێسك ئەرێژن. لە دڵی خۆیدا ووتی:-

-{ با بچمە دەرەوە سەرێ لە ماینەکەم بدەم، هێشتا زۆری ماوە بۆ خەوتن}

پاڵتۆکەی لەبەرکردو چوو بۆ تەویلەکە، ماینەکەی ڕاوەستابوو، چاوەکانی ئەبریسکانەوە، بیری لە (کا) و (جۆ)و جوداس ئەکردەوە.

نەی ئەتوانی بیر لە کوڕەکەی بکاتەوە، ئەبێ باسی بۆ یەکێ بکات، بەڵام بیر لێکردنەوەو لێڕامان ئازارێکی ئەدەن مرۆڤ بەرگەی نەگرێ.

جۆنا- لەماینەکەی پرسی:

-{ئەوە کاوێژ ئەکەی، نۆشی گیانت بێ، ئازیزەکەم بخۆ، گەر جوداس‌و جۆ-مان دەست نەکەوێ کا-ئەخۆیین، من زۆر پیر بووم بە باشی گالیسکەکەم بۆ هەڵناسورێ، ئەمە لە کوڕەکەم ئەوەشایەوە هەر لەخۆی ئەهات، نەئەبوایە بمردایە!}.

پاش کەمێ بێدەنگی قسەکەی تەواوکرد:-

-{ئازیزەکەم چۆنت پێ‌ئەڵێم وابوو، کۆزما-ی کوڕم مرد، بەڵام بۆچی؟ بەبێ هۆ. تۆ لە خۆت بڕوانە،}

گوڕ جووانوویەکی بچوکت هەبێ‌و بڵێین تۆ دایکی جووانووەکەی، کووتوپڕ جووانووەکە ڕۆیشت‌و مرد... چەندت پێ‌ناخۆش ئەبێ؟ دڵ گران نابێ؟

ماینەمە بەردەوام بوو لەسەر کاوێژ کردن، گوێی بۆ خاوەنەکەی شل کردبوو، کە مشتێ کاو جۆی بۆ ڕاگرتبوو، بەسەرهاتی مردنی کوڕەکەی بۆ ئەگێڕایەوە.

# گەشت

جی.دی.موپاسان

({سانت ئەنگیس –6–ی مایس})

هاوڕێی ئازیز: بۆت نووسیبووم بەووردی باسی هەموو ئەو شتانەت بۆ بنووسم کە لەم،،، گەشتەمدا ئەیبینم و دێتەڕێم یان کە لەیەکێکی ترەوە ئەیبیستم.

بەئاسانی ئەتوانم بەچەند دێڕ یان پەرەگراف باسێکی تەڕوبڕی ئەو ناوچانەت بۆ بکەم کە پێیدا تێئەپەڕیم یان تیایدا ئەمێنمەوە، بەڵام وابۆت ئەنووسم کە تۆ ئەتەوێ. تاوێ لە باسی خۆمان گوێ کەڕ ئەکەم و تەنها باسی ئاسۆی ڕۆژێکی بەهارت بۆ ئەکەم لەگەڵ ئەو مرۆڤانەی ئاسۆکەیان ڕازاندبووەوە، وا دەست پێئەکەم.

بەهارە وەرز وەرزی خواردن و خواردنەوەیە وەرزی هەستکردنە، هەروەك چۆن پاییز وەرزی بیرکردنەوەیە بەرەو شاری (مۆناکۆ) ڕێکەوتم، هەر کە گەیشتمە جێ بەناو باخچە پرتەقاڵ و لیمۆو دار زەیتوونەکانی سەرگردە بەرزەکان دا گەڕام. هەرگیز لەژێر دار پرتەقاڵدا نووستووی؟ کە بۆنی تیژو خۆشی پرتەقاڵ هەواکە پڕ ئەکات مێشکی مرۆڤ ئەسمێ و سەرمەستی ئەکات، ئەیخاتە جیهانێکی پڕ هیواو خەون و حەزەوە.

بناری چیا هەڵدێرەکان کراون بە تەلان بۆ دارلیمۆ، بۆ هەرلایەك ئەڕوانی لەنێوان لێوارەکاندا، ئەستێك ئەبینی. ئەستێلکەکان بۆ گلدانەوەی ئاوی باران دروستکراون. ئەستێلکەکان چاڵی گەورە گەورەن، لێوارەکانیان یەکجار خزە.

بەیەکێ لەم بنارانەدا سەرنەکەوتم، ماندووبووم، وویستم کەمێ بحەوێمەوە. گەیشتمە قەراغی یەکێ لەو ئەستێلکانە، لاقم خستە سەرلاق و لەکەناریا.. دانیشتم خەیاڵ بردمی‌یەوە، ئاوی ئەستێلکەکە هێندە تاریک و مەنگ بوو، ئەتووت چاڵەکە لەباتی ئاو پڕە لە مەرەکەب.

لەنێوان گەڵاو لق و پۆپی درەختەکانەوە، لای خواروومەوە دەریای ناوەڕاستم ئەبینی، بەڵام هێشتا ئەستێلکەکە زیاتر سەرنجی ڕاکێشابووم، لە ناخڵەڤا دەنگێك ڕای‌چڵەکاندم، پیرەمێردێکی قنج‌وقیت بوو لێی پرسیم:-

-{تۆ کەس‌وکاری ئەو منداڵە بەستەزمانەی؟}

-{ کام منداڵ؟}

وا دیاربوو تەریق بووەوە، خۆی چەماندەوەو ووتی:-

-{ ببوورە، وا سەیری ئەو ئاوەت ئەکرد وام ئەزانی.. خەیاڵی ئەو کارەساتە جەرگ بڕە بردووتی‌یەوە، کە لێرەدا قەوما }.

حەزم ئەکرد بزانم چی قەومابوو، داوام لێکرد بۆم بگێڕێتەوە، بەڕاستی بەسەرهاتێکی زۆر دڵ تەزێن و جەرگ بڕبوو، هەرچەندە ئەو جۆرە کارانە زوو زوو ئەقەومێ، بەڵام دەرگای خەمێکی قووڵی لەدڵمدا کردەوە. نازانم خۆی وا دڵتەزێن بوو، یان کاریگەری دیمەنی چیاو تابلۆی گوڵ و تاریکی ئەو چاڵە بوو کە لەدەمی ئاوەڵای دێوی مەرگ ئەچوو. لەوانەیە لای تۆ وانەبێ، چونکە تۆ لە ژوورێکدا ئەو بەسەرهاتە ئەبیستی دوورە لەو شانۆیەوە کە کارەساتەکەی تیا ڕوویداوە.

چەند ساڵێ لەمەوبەر، بەهارێ دوو برای بچووك، لەم گوزەرەدا یاری ئەکەن و دێنە قەراغی ئەستێلکەکە، دایەنەکەشیان لەبن دارێکدا سەرقاڵی خوێندنەوە ئەبێ، پاش نیوەڕۆ، قریشکەیەك دایەنەکە ڕائەچڵەکێنێ، شڵپە شڵپی ئاوی ئەستێلکەکە وای لێ ئەکا بەرزەپێ ڕاست بێتەوە. توومەز منداڵە

بچووکەکەیان کە پانزە ساڵان ئەبێ قاچی ئەخلیسکێو ئەخزێو ئەکەوێتە ناو ئاوەکەوە. دایەنەکەش بێوەستان، بێبیرکردنەوە خۆی هەڵئەداتە ناو ئاوە قووڵەکەوە، وەکو بەقووتاچوو جارێکی‌تر سەری دەرهێنایەوە.

لەهەمان کاتدا، کوڕە بچووکەکەیان سەر لەئاوەکە دەرئەهێنێو دەست بۆ براکەی ڕائەوەشێنێو داوای یارمەتی لێئەکا، ئەمیش ئەچێتە ناو ئاوەکەوە، هەر چۆنێ ئەبێ بە مەلەکردن.. براکەی ڕائەکیشێتە لای دیواری ئەستێلکەکەوە، هەوڵئەدا بە دیوارەکەدا سەربکەوێ، بەلام لەبەر لووسیو خزی ناتوانێ، بچووکەکەشیان زۆر لاوازو بێهێز ئەبێ، بەلام هێدی هێدی سەرئەکەوێو لە ئاوەکە دێتە دەرەوە، دەستی براکەی ئەگرێ دەریبهێنێ، بە دەم گریانەوە ئەڵێ:-

-{ناتوانم ڕات کێشمە سەرەوە، ناتوانم.... ناتوانم}. ئیتر دەست ئەکات بە هاوارکردن.

-{فریامان کەون، فریامان کەون}.

بەلام لەو چۆڵاییەدا کێ گوێی لە دەنگێتی؟ کێ بەهانایانەوە بێ؟ بەم شێوەیە تا چەند کاژێرمانەوە، ڕوویان لەیەک بوو، بیریان لەهەمان شت کردەوە، هەمان ترس دایگرتبوون. بەردەوامیش هاواریان ئەکرد، گەورەکەیان لە سەرمادا هەڵئەلەرزی، بە براکەی ووت:-

-{حەوسەلم نەما، خەریکم بکەوم، خوات لەگەڵ برا بچووکەکەم}. ئەوی کەیان بە دەم گریانەوە ئەی ووت،

-{نا، نابێ هێشتا ماوتە، خۆت ڕابگرە}.

ئێوارە هات، خامۆشی باڵی بەسەر دارستانەکاندا کێشا، ئەستێرەکان لە ئاوەکەدا ئەدرەوشانەوە، برا گەورەکە سەری گێژی ئەخوارد، ووتی؛

-{ ها، کاتژمێرەکەمت بدەمێ}. ئەو کاتژمێرە، لەوکاتـەوە، چـەند ڕۆژێ لەوەوبـەر بـەدیاری وەریگرتبـوو، خۆشـی دڵـە بچکۆلەکـەی بـوو. براکـەی کاتژمێرەکەی لێوەرگرت و لەسەر سەوزەگیاکە داینا، تا ئـەهات تاریکییەکـە چڕتر ئەبوو، جارێکیکەش کوڕە گەورەیان بە براکەی ووت:-

-{خوات لەگەڵ برا بچکۆلەکەم دایەو (بابە)ش لە جیاتی من ماچ بکە}.

پەنجـە گـۆت بووەکـانی شـل بـوون، کەوتـە نـاو ئاوەکـەوەو سـەری دەرنەهێنایەوە، برا بچکۆلەکەی کەوتە هاوارکردن وەکو شێت ئەگریاو براکەی بانگ ئەکرد:-

-{پاول، پاول}.

پاش کەمێ تێی تەقاندو بە دڵ شکاویو بە هەڵەداوانەوە، خۆی گـەیاندە لای دایكو باوکی، جنگ لەسەرشـان لەگـەڵیدا هـاتن بـۆ سـەر لاشـەی کـوڕە خنکاوەکەیان، لەپێشەوە لەبەر تاریکی ڕێگەکەی هەڵەکرد، بەڵام لە دواییدا هـەرچۆنێ بـوو شـوێنەکەی دۆزییـەوە. ئەبوایـە ئـاوی ئەسـتێلکەکە بەربدرایەتەوە، کێ ئـەڵێ خاوەنەکەی قایل ئەبێ؟ پێویستی بە ئاوەکەیـە بـۆ لیمۆکانی بۆ ڕۆژی دوایی دوو لاشەکەیان دەرهێنایەوە.

ئازیزەکەم خۆنەبینی لەکارەساتی ڕۆژنامە ئەچوو. بـەڵام ئەگـەر ئەوچاڵـە گەورەیـەت ئەبینی، ئەوا بەخۆت دا ئەچوویتـەوە. ئەوسا لـە کوێـرەوەری ئـەو منالە ئەگەیشتی کە دەستی نابووە دەستی براکەییو زۆرانی لەگەڵ مردندا ئەگرت.

بیر لەوە بکەرەوە، هەر کە دەست لە کاتژمێرەکەوە ئەدا، براکەیو ڕووداوە ناهەموارەکـەی دێتـەوە بـەرچاو، هـەر لـە ئەسـتێلكو دیوارەکـانی تـا ئـاوە مەنگەکەو دەمو چاوی هەڵبزرکاوی براکەی، ئای کە ئەمە دڵ ئەگووشێ.

ئەمڕۆ تا ئێوارە غەمباربووم، کەوتمە هەڵزنین بە بنارەکەدا.

دار پرتەقاڵــەکانم بەجێهێشــتو گەیشــتمە دارزەیتوونــەکان، ئەوانیشــم بەجێهێشت، چوومە ناو دارکاژەکانەوە، کــە بــەرەو دۆڵــی بــەردان بوومــەوە، پاشماوەی قەڵایــەکم بینــی، ئــەڵێن گوایــە ســەرۆك –ساراســین– لــە ســەدەی دەیەمی زایینــیدا دروستی کردووە. سێلام شاخو بــەردەمم دەریایــە، ئــەو.. دەریایــەی { کۆرسیکا} یــان تارمــایی –کۆرسیکا–ی تیائــەبینم. لەناســۆی بەرفراوانی ســەر دەریاکەدا تارمایی دوو منالْ دێتــە بــەرچاوم، یــەکێکیان لــە قــەراغی ئەســتێلکێکدا پاڵکــەوتووە، دەســتی ئەویکــەیانی گرتــووە کــە تــا بینــەقاقای لــە ئاوەکەدایــەو ڕووبــەڕووی یــەك ئــەگرین. دەنگێکــی لــەرزۆك لــە گوێمدا ئەزرنگێتەوە:–

–{خوات لەگەڵ برا بچکۆلەکەم، با کاتژمێرەکەت بدەمێ}

هاوڕێی ئازیز:–

(({لەوانەیە ئەم نامەیەت پێسەیر بێت، دوور نییە دڵتەنگت بکات، هەوڵ ئەدەم لە نامەکانیکەدا وانەبم.})).

# باوك

**جی. دی. مۆپاسان**

هاوڕێیەکم هەبوو، ناوی –جیان دی ڤالنۆکس– بوو، پاش ئەوەی پانزە ساڵ لەناو شاری پڕ جەنجاڵی پاریس دا ژیا، لە پڕ هات بەسەرڕیاو گەڕایەوە ئەو ناوچەیەی کە بۆ یەکەم جار چاوی تیا هەڵهێنابوو، تەلارێکی لە جەنگەڵی کەنار ڕووبارێکدا دروستکردو تیایا نیشتەجێ بوو. کە جارجارە دیدەنیمان ئەکردو لای ئەماینەوە، وەکو گوڵ ئەگەشایەوە، ڕووی نەئەدا بەکەسانیتر، هەر کە ئەگەڕاینەوە ئیتر کونجی تەنیایی ئەگرتەوە.

هەفتەی پێشوو، چووم بۆ لای، پێشوازیەکی گەرمی لێکردم، زۆربەی کاتی ڕۆژ پێکەوە ئەبووین. جارجارەش من ئەچووم بۆ پیاسەکردنو ئەو سەری ئەکردەوە خوێندنەوە، شەویش ڕازی قسەمان دائەبەستو تا نیوەشەو قسەمان ئەکرد.

چوارشەممەی رابردوو، پاش ماندوویی ڕۆژ، هەر لە کاژێری (نۆ)وە لە کەنار ئاوەکەدا، دانیشتینو کۆڕی.. قسەمان دابەست، باسی ئەستێرەکانی ڕاستە سەرمات ئەکرد چۆن ئەدرەوشانەوە، بیرۆکەکانمان کورتو تێکەڵو پێکەڵ بوو، لە ووڕێنە ئەچوو. من باسی خۆرم ئەکرد، کە هەموو ڕۆژێ لە پاش زەردەپەر بزر ئەبێو بۆ سبەینێ لە کازیوەدا، کاروانی تیشکە زێرینەکانی بەسەر شارو دێدا ئەپرژێنێو مژدەی هاتنەوەیمان ئەداتێ. بیرمان لە گیاندارانی ئەم سەر زەمینە ئەکردەوە، بیرمان لە هەموو ئەو شتانە ئەکردەوە کە ئەشێ مرۆڤ بەخەون بیانبینێ.

لە ناکاودا، هاوارێ لە دوورەوە هات:

–{قوربان، قوربان}.

جیان وەڵامی هاوارەکەی دایەوە:-

-{(باپتی) من وا لێرەم}.

کاتێ نۆکەرەکەیان گەیشتە لامان، بە هەنسکەبڕکێوە ووتی:-

-{قوربان میوانتان هاتووە}.

هاوڕێکەم دایە قاقای پێکەنین و پرسی؛

-{ئەمڕۆ نۆزدەی مایسە؟}.

-{بەڵێ قوبان}.

-{زۆر چاکە پێیان بڵێ با چاوەڕێم بکەن، هەر ئێستە دێمە لایان}.

کاتێ نۆکەرەکە لە چاو وون بوو، هاوڕێکەم دەستیدایە باڵم و ووتی:-

-{ با پیاسەیەك بکەین و بەسەرهاتێکی خۆشت بۆ بگێڕمەوە}.

پاش کەمێ دەستیکرد بە گێڕانەوەی کارەساتەکە؛

-({حەوت ساڵ لەمەوبەر، تازە هاتبوومەوە ئێرە، ئێوارەیەکی خۆشی وەکو ئەم ئێوارەیە، بەسواری بە جەنگەڵەکەدا کەوتمە پیاسەکردن، بە ژێر درەختە حوچەکاندا ئەڕۆیشتم و چاوم بڕیبووە ئەستێرەی ئاسمانە تاریکستانەکە، بیرم لە پاریس ئەکردەوە کە زۆر نەبوو بۆ یەکجاری بەجێم هێشتبوو، پاش ئەوەی پانزە ساڵ تیایا ژیام. بە ڕێگای گوندی -کرۆزیل-دا نزیکەی (10)میل دوورکەوتمەوە، سەگێکم هەبوو لەگەڵما بوو، گەماڵێکی زلەی ئەڵمانی بوو، ناوی -بۆك- بوو، بەموو لێم جوێ نەئەبووەوە، لەپڕ وەستاو گوێی قوڵاغ کردو ڕایکردو کەوتە وەڕین. وام ئەزانی ئەیەوێ ڕێویەك، گورگێ یان بەرازێکی کێوی بگرێ کە لەو.. گوزەرەدا هەستی پێکردوون. زۆری نەبرد ناڵەو هاواری مرۆڤێکم هاتە گوێ. خۆم گورج کردەوەو دامە غار، لەوە دڵنیابووم یەکێکیان کووشتووە یان ئازارداوە، کەلە شوێنی دەنگەکە نزیك بوومەوە، (بۆك) سێ هەنگاو لەپێشمەوە بوو، دووبارە وەستایەوەو گوێی قوڵاغ کردەوە، ڕای کرد سەگێکی گەورەو ڕەش ڕێی

پێگرتین، ئاگر لە چاووی ئەباری، کەڵبە سپی یەکانی ڕیچ ئەکردەوە، خەریك بوو هەڵمەتی بۆ بەرم، سەگەکەم دەست پێشخەری کردو شالاوی بۆ برد، گازیان لەیەك ئەگرت و یەکیان ئەگەوزاند، بەجێم هێشتن و بەرەو دەنگەکە ڕۆیشتم، ئەسپێکم بینی لە چەقی ڕێگاکەدا لێی کەوتبوو، دابەزیم و ئاژەڵەکەم پشکنی، گالیسکەیەکی کاروانچیانەم بینی، هاوارو ناڵینەکەی لێ بەرز ئەبووەوە. بەسەر پێپلیکانە تەختەکانی گالیسکەکەدا سەرکەوتم خۆم بۆ دەست گیرکردنی تاوانبارەکە ئامادەکردبوو. کە دەرگاکەم کردەوە، چی ببینم، سەرم سوڕما، تاوانباری چی، کابرایەم بینی چۆکی دادابووە سەر زەوی و ئەپاڕایەوە، تاقە نوێنیێ لە گالیسکەکەدا بوو، شتێکی لەسەر بوو وەك مار گینگڵی ئەداو ئەجولایەوەو هاواری ئەکردو ئەیناڵاند، ئەویش ئافرەتێ بوو ژانی منالێ بوون گرتبووی. کە لە کارەساتەکە تێگەیشتم چووم بەلای کابرا بەستەزمانەکەوە، هانای بۆ هێنام یارمەتی بدەم و ژنەکە لەو ئازارە ڕزگاربکەم، بەدەم پاڕانەوەوە ئەیووت کە هەرگیز ئەم چاکەیەی لەبیرناچێتەوە گەر بێ و ژنەکەی ڕزگار بکەم. ئەوە یەکەم جاربوو ئافرەتێ ببینم بەژانەوە، هەرگیز یارمەتی مێینەم نەدابوو لەکاتی ژان گرتندا.

کاتێ هاتمەوە سەرخۆم، لە کابرام پرسی بۆچی نەیبردووە بۆ گوندەکەی نزیکیان، تومەز لاقی ئەسپەکەیان شکابوو، هەرچۆنێ بوو کەمێ هێمنم کردەوە؛

-{باشە برا ئێستاکە دوانین، ئەتوانین ژنەکەت بگەیەنینە گوندەکە}.

-{بەلام ئەو سەگە وێڵانە ناهێڵن پێ بەرینە دەرەوە}.

بیرم لەوە ئەکردەوە، سەگەکان بکوژم، لە دوایی دا وا هات بەسەرما، هێمنیان بکەمەوەو لەگەڵ خۆمانیاندا.. ببەین. پاش دە خولەك هەموو شتێ ئامادە بوو، هێدی هێدی و گالیسکەکە هەڵتەك هەڵتەك کەوتە ڕێ، ئافرەتە بەستەزمانەکە، وەکو ساوای ناو لانك ئەجوولایەوە. بە تەنیا کەوتینە ڕێ، جار

جاره ئەچەقین و پەكمان ئەكەوت، جارێكی تر چاكمان ئەكردەوە، سەگەكانیش لە تەنیشتەوە ڕێیان ئەكرد. منالەكە لەدایك بوو، هاوارو نالینەكە نیشتەوە. سێ كاژێری خایان، تا گەیشتینەوە ئێرە. دایك و منالەكەمان خستە ناو جێگاوە. ئەسپی خۆم غاردا بچم بەدوای دكتۆردا، كابرای هەژار سەری لێشێوابوو، پەشۆكابوو بەدیار دایك و منالەكەوە.

-{كچە}.

تا هەفتەیەك لای خۆم هێشتمنەوە، دایكەكە زۆر سوپاس مەند بوو، ئەیووت هەرگیز ئەم پیاوەتی‌یەی لە بیر ناچێتەوە. بۆ سالی دوایی، لە هەمان ڕۆژدا، پاش زەردەپەڕ، ئەو نۆكەرەی كە كەمێ لەمەوبەر هاواری بۆ هێناین، بە هەلەداوان هات و ووتی "میوانمان هاتووە" سەیرم كرد خۆیان بوون، هێنامنە ژوورەوە، كابرایەكی درێژی خەلكی باشووری لەگەلدابوو، باسی ئەم كارەی منی پێگەیشتبووەوە، زۆر بە ئابڕووەوە خۆی چەماندەوەو ڕێزی خۆی نواند. هاتبوو سوپاس و ستایشی ئەو كارەی من بكات. نانی ئێوارەمان پێكەوە خوارد، تا ڕۆژێ دوایی مانەوە.

ئیتر ئافرەتەكە هەموو سالێ لەگەل كیژۆلەیەكی ناسك و كابرایەك دا لە هەمان ڕۆژدا دێتەوە، سەرم لێ ئەدەن، كیژۆلەكە بەو كابرایەی ئەوت {بابە}.

گەیشتینە لای خانووەكە، سێ تارمایی‌مان لەسەر پێپلیكانەكان بینی، بە پێوە ڕاوەستابوون چاوەڕوانی ئێمەیان ئەكرد، درێژەكەیان چەند هەنگاوێ هاتە پێشەوەو خۆی چەماندەوەو ووتی:-

-{قوربان جەنابی –لیكۆمتی- ئەمڕۆ هاتووین سوپاس مەندی خۆمانتان پێ بلێینەوە}.

پاش ئەو بچوكەكەیان بە دەنگێكی لەرزۆك و ناسكەوە كەوتە قسەكردن،

زۆر سەرم سوڕمابوو لە قسەكانیان، دایكەكەم بردە ئەولاوە، پاش كەمێ قسەكردن لێم پرسی:

-{ئەمە باوكی ئەو كیژۆڵەیەیە؟}.

-{نەخێر قوربان}.

-{ئەی باوكی مردووە؟}

-{نا نەخێر قوربان، تا ئێستاش جارجارە یەكتر ئەبینین، ئەو بۆ خۆی (ژەندرمە)یە}.

-{ئەی كەواتە ئەو كابرایە كێبوو، كاتی ژان گرتنت بەم كیژۆڵەیەوە لە گەڵتا بوو؟}

-{ئەو كابرایە جەردە بوو، وەكو سڵقی ڕووت ڕووتی كردمەوەو پارەكانی دزیم}.

-{ئەی جەندرمەكەی باوكی منداڵەكەی ئەناسێ؟}

-{ئەی چۆن قوربان، بەڵام لە بەر منداڵەكانی ژنەكەی تری نای پەرژێتە سەر بەخێوكردنی ئەم}.

# بێوەژن

جی.دی.مۆپاسان

پاییزێکی بە تۆف و ڕەهێڵەبوو، گەڵاڕێزان دەستی پێ‌کردبوو، وەرزێکی یەکجار شێدار بوو، بەتایبەتی دارستانە ڕووتەکان. مرۆڤ کە ئەچووە ناو ئەو جەنگەڵە شێدارانەوە، لە قوڕولیتەدا ئەچەقاو لەشی دائەهێزرا.

سەرەرای ئەمە خەڵکی ئەچوون بۆ ڕاو، سەگەکانیان هێندە قوڕاوی‌و تەڕ ئەبوون بەئاستەم ئەیان توانی ڕاوە دووی نێچیربن. ئێوارانیش لە ژوورێکی گەورەدا کۆئەبوونەوە پاش نان خواردنی ئێوارە یاری -لۆتۆ-یان ئەکرد، گەردەلوول هەڵی ئەکردو بەتووندی پەنجەرەکانی ئەدا بەیەکدا.

لەم شەوە ساردانەدا، باسی جوامێری خۆیان ئەکردو سەرگروشتەیان ئەگێڕایەوە، خانمێکی گەنج دەستی پیرێژنێکی گرتبوو، لێی وورد ئەبووەوە. پەنجەی براتووتەی پیرێژنەکە ئەنگوستیلەیەکی قژە سەری تیابوو، خانمەکە ووتی:

-{پورێ، بەسەرهاتی ئەم ئەنگوستیلەیەمان بۆ ناگێڕیتەوە؟ سەیرکەن ئەڵێی لە قژەسەر چنراوە!}

پیرێژنەکە شڵەژاو ڕەنگی هەڵبزرکا ووتی:-

-{بەسەرهاتەکەی زۆر جەرگ بڕو ناسۆراوییە، سەرچاوەی ژیانی پڕ دەردو نامرادی منە، تکایە داوام لێ مەکەن بۆتان بگێڕمەوە، نامەوێ باسی بکەم}.

هێندە داواویان لێ‌کرد، ناچار دەستی‌کرد بەگێڕانەوەی:-

(( زۆرجار گوێتان لێم بووە باسی بنەماڵەی -سان تینز-م کردووە من سێ پیاوی دوا بەرەی ئەم بنەماڵەیەم ئەناسی، هەرسێکیان لە سێ ساڵدا بە هەمان شێوە مردن، ئەم.. قژەسەرە هی ئەوەی دواییانە، تەمەنی -سیانزە- ساڵان بوو، خۆی بۆ من کوشت. لەوانەیە ئەمەتان پێ‌سەیر بێ، وانی‌یە؟

بنەماڵەیەکی شێت و سەرگەرم بوون، بەڵام تا بڵێی مرۆڤی چاك بوون، ئەوان شێت و سەرگەرمی خۆشەویستی بوون، هەر لە باوکیانەوە تا کوڕەکانیان، زۆر دڵ گەرم بوون، جلەویان بۆ کەف وکوڵی دڵگەرمی شل کردبوو، ئەویش بە هەڵدێری دا ئەدان و زۆر سەرکێشی پێ ئەکردن، تەنانەت تاوانیشی پێ ئەکردن. قژیان لول و برۆیان تەنك و ریشیان چڕو چاویان گەورەبوو، تێڕوانینەکانیان هێندە قووڵ بوو، بێ ئەوەی بزانی بۆ، یان، چۆن؟... جەرگ و هەناوی مرۆڤی ئەبڕی.

باپیری خاوەنی ئەم قژەسەرە، لە تەمەنی -65- ساڵیدا گیرۆدەی ئەوینی کچی دەرگەوانەکەی بوو، کیژێکی تەنکەی پێست پەمەیی و شۆخ و شەنگ و دەنگ ناسك بوو، مریەمی بەیادی مرۆڤ ئەهێنایەوە. باپیرە خاتوونەکەی بردە ماڵی خۆیان، وا گیرۆدەی بوو بوو، هەناسەیەك بێ ئەو هەڵی نەئەکردو بەموو لێی دوور نەئەکەوتەوە، بووك و... کچەکەی ئەمەیان پێ سەیر نەبوو، زۆر بەشتێکی ئاسایی یان ئەزانی. هەرگیز بەدڵ ڕەقی یەوە لە ئەویندارییان نەئەڕوانی، ئەگەر ڕووداوێکی جەرگ بڕ ڕووی بدایە ئەیان ووت:-

-{ئۆو، ئاخۆ چەند دەردەسەریان دی بێت}.

پایزێکیان، لاوێك کە ناوی -دیگرادیل- بوو، بۆ ڕاوکردن هاتە ئەو گوزەرە، دڵی بە خاتوونەکەی باپیرەدا چوو، باپیرەش وەك هیچ ڕووی نەدابێ، نقەی نەکرد، تا ڕۆژێکیان لە گەووری سەگەکانیاندا، بە هەڵواسراوی، دۆزییانەوە. کوڕەکەشی ساڵی -1841-بە هەمان شێوە لەمیوانخانەیەکی پاریس دا، بە پیلانی گۆرانی بێژێکی ئۆپرا، کوژرا.

کوڕێکی دوانزە ساڵان و بێوەژنێکی لەدوا بەجێ ما، بێوەژنەکە پووری من بوو. کوڕەکەیان نارده ماڵی ئێمە لە 0بیرتیلۆن- بەخێوی بکەین. ئەوسا من تەمەنم حەڤدە ساڵان بوو.. کوڕەکەیان زۆر سەیر بوو، ئەتووت هەموو دڵگەرمی و بزێوی و سەرکێشی بنەماڵەکە لەم دا کۆبۆتەوە. هەمیشە بەتەنیا

بەرێی ناو دارەکاندا پیاسەی ئەکرد، سەری شۆڕ ئەکردەوەو دەستی ئەخستە پشتی. لە پەنجەرەی ژوورەکەی خۆمەوە چاووم لێبوو جار جارە سەری بەرز ئەکردەوەو چاوی ئەبڕییە ئاسمان.

شەوە ساواکان، پاش نان خواردنی ئێوارە، پێی ئەووتم:

-{ئاموزا با بچین کەمێ بگەڕێین}.

پێکەوە ئەچووینە ناو باخچەکەمان، لە پڕ ئەوەستاو دەستی ئەگووشیم و ئەیووت:-

-{سەیرکە، سەیری ئەوێکە، بەڵام نازانی چی ئەڵێم، گەر لە قسەکانم تێبگەی بەختیار ئەبیت، بۆ ئەوەش بزانی چی ئەڵێم ئەبێ ئاگری خۆشەویستی دڵت ڕۆشن بکاتەوە}.

منیش پێئەکەنیم و لە ئامێزم ئەکرد، جار جارەش پاش نان خواردنی شێوان، لەسەر کۆشی دایکم دائەنیشت و ئەیووت:-

-{دەی پورێ، چیرۆکی دڵداریمان بۆ بگێرەوە}.

دایکیشم باسی هەموو بەسەرهاتەکانی بنەماڵەکەی بۆ ئەگێڕایەوە، چەندی ڕاست بوو، دوو ئەوەندەشی پێوە ئەنا. کوڕەکە بەم چیرۆک و باسانە،ئەهەژاو دەستی ئەدا بەیەکداو ئەیووت:-

-{من ئەتوانم لەوان چاکتر دڵداری بکەم}.

زۆری پێنەچوو، زۆر بەگەرمی لەگەڵم دا ئەجووڵایەوە.

هەموو ڕۆژێ گوڵی بۆ ئەهێنام، هەموو ئێوارەیەکیش پێش ئەوەی بچێتە ژوورەکەی خۆیەوە دەستی ماچ ئەکردم و لەژێر لێوەوە ئەیووت:

-{من تۆم خۆش ئەوێ}.

زۆر تاوانبار بووم، ئەو ڕەفتارە منالانەیەم پێخۆش بوو، دڵم پێی ئەکرایەوە. وەکو یاری هەڵم ئەسوڕاند. هەرچەندە تەمەنی دوانزە ساڵان بوو، بەڵام ئەمەی هەموو بەراست وەرگرتبوو. نامەی دڵداریشم بۆ ئەنووسی. دایکی و دایکیشم ئەیان خوێندەوە، ئەویش زۆر بەگەرمی وەڵامی ئەدامەوە،

وای‌ئەزانی خۆشەویستی‌یەکی پەنهانیمان هەیە. بەم جۆرە ساڵیکمان بردەسەر، ئێوارەیەکیان، چووینە باخچەکەمانەوە. چوکی داداو داوێنی کراسەکەی ماچ کردمو چەندجارێ ووتی:-

-{من تۆم خۆش ئەوێ، خۆشم ئەوێی، خۆشم ئەوێی، خەریکە بۆت بمرم، خۆئەگەر هەڵم بخەڵەتێنیو یەکێکی کەت خۆش بوێ، ئەوا وەکو باوکم ئەکەم}.

بەدەنگێکی نزم قسەکەی تەواوکرد:-

-{ ئەزانی باوکم چی‌کرد؟}

نقەم نەکرد، خۆی بەرز ئەکردەوەو لەسەر پەنجی پێ ئەوەستاو بە دەنگێکی خۆشو ناسکەوە، ناوی خۆمی بەگوێدا ئەچرپانم:-

-{جین ڤیڤی}.

کە ئەشم ووت:

-{من ماندووم، با بچینەماڵەوە}.

هیچی نەئەوت، دوام ئەکەوتو ئەچووینە ماڵەوە.

جارێکیان، لەسەر پێ‌پلیکانەکە، ڕای‌گرتم ووتی:

-{گەر دڵم بشکێنی خۆم ئەکوژم}.

ئەو ساتە بۆم دەرکەوت، کە من زۆر پێم لێ ڕاکێشابوو، ڕۆژێکیان، هاتە نزیکمەوە پێم ووت:-

-{تۆ لەوە گەورەتری ئەم یاری‌یە منالآنەیە بکەیت، لەوەش منالٚ تری کە کاتی ئەوەت هاتبێ خۆشەویستی بکەی}.

وام ئەوانی بەم قسانە لە کۆڵم ئەبێتەوە، لە پاییزدا.. ناردمان بۆ خوێندن، هاوین گەڕایەوە، من گوێم نەدایەو خۆم لێ. دوورخستەوە، تێ‌گەیشت مەبەستم چی‌یە؟ تا هەفتەیەك ئەوەندە زوویر بوو زەندەقم چووبوو. لە بەیانی ڕۆژی نۆهەم دا، کە لە خەو هەڵسام پارچە کاغەزێکم بینی خرابووە ژێر ژوورەکەمەوە، تیایدا نووسرابوو:-

-{دڵت شكاندم، بڕیاری مردنت دا بەسەرمدا، نامەوێ كەس پێش تۆ بمدۆزێتەوە، لەبەرئەوە وەرە بۆ ئەو شوێنەی پار پێم ووتی -من تۆم خۆش ئەوێ-}

خەریك بوو شێت بم، زۆر بەپەلە خۆم كۆكردەوە، چنگ لەسەرشان خۆم گەیاندە جێژووانەكە. شەپقە بچوكەكەیم بینی لەناو قوڕو چڵپاوی سەر زەوی‌یەكەدا، سەرم هەڵبڕی لاشەیەكم بینی، لەنێو لق وپۆپی درەختێكدا ئەشەكایەوە. نەم ئەزانی چی‌بكەم؟ لە هۆش خۆم چووبووم كەوتبووم، كە هاتمەوە هۆش خۆم لەجێگادا كەوتبووم، كەس‌وكاركە دەورەیان لێدابووم، دایكم لای سەرمەوە دانیشتبوو، لەپێشدا وام زانی خەونم دیووە؛ پرسسم:-

-{ئەی -گۆنتران- كوانێ؟}

نقەیان لێوە نەهات، زانیم كە خەونم نەدی‌بوو، هەمووی ڕاست بوو، نەمتوانی ئیتر سەیری لاشەكەی بكەم، بەڵام داوای كەمێ لەقژەسەرەكەیم كرد})

دەستی بەرز كردەوە، ئەنگوستیلەكەی پیشان داین‌و قسەكەی تەواوكرد:-

-{ئەمە قژە سەرەكەیە}.

دەستی كرد بەگریان، بەدەستەسڕەكەی چەند جارێ چاوی سڕی:-

-{بڕیارم داوە، خۆم بە بێوەژنی ئەو منالە سیانزە ساڵەیە بزانم‌و هەرواش بمێنمەوە}.

سەری شۆڕكردەوە، دایە پڕمەی گریان، كە شەو دڕەنگ بوو وورده وورده بڵاوەیان لێكرد وادیاریوو كارەساتەكە زۆر كاری لە ڕاوچی‌یەكیان كردبوو، بۆیە بەگوێی هاوڕێكەیدا چرپاند.

# کەرپەسە

چیکۆف

کۆنستابل-پیاوێکی کونجە بوو، بە بەرچنەیەک تریێوە، بە دوای-ئۆشۆمیلۆف-ی پشکنەری پۆلیس دا ڕای ئەکرد، کە پاڵتۆیەکی نوێی لەبەردا بوو، جگەرەیەکی بە دەستەوە بوو، بەرەو بازاڕ ئەچوو.

هێمنی باڵی بەسەر هەموو لایەکدا کێشابوو، چۆلەکە بە کوژەت لە گۆرەپانی بازارەکەدا نەئەبینی، تەنانەت دەرۆزەکەریشی لێ نەبوو. دەرگای دووکانە بچووک و بارەکان کەمێك کرابوونەوە.

لەپڕ دەنگێك بەرز بۆوە:

-[گازم لێ ئەگرێ، سەگی پیس، لە چنگم دەرناچی، گازگرتن قەدەغەیە، بیگرن مەیەڵن دەرچێ].

وەرینی سەگێکیش ئەهات. پشکنەرەکە بەرەو دەنگەکە چوو، بینی وا سەگێك لە دوکانی-بیشۆجین-ی تەختە فرۆشەوە ئەیەوێ خۆی لە دەستی ئەو کابرایە ڕابپسکێنێ کە کراسێکی بەرۆك چنراوی لەبەردابوو، بەروانکەکەی کرابۆوە، پەلێکی.. پاشەوەی سەگەکەی گرتبوو، هاوارێ کرا:

-[نەهێڵن دەربازبێ]

لە دوکانەکانەوە، خەڵك بە سەریاندا دابارین، کۆنستابل-بە دەنگی بەرز بە سەرۆکەکەی ووت:-

-[قوربان ئەمە لە خۆپیشان دانەکەی پار ئەچێ].

کابرای بەروانکە لەبەر، لە پێش دوکانێك دا وەستابوو پەنجەی بەرز کردبۆوە، خوێن لە قامکی ئەتکا، پەنجەی پیشانی خەڵکەکە ئەدا:

-[سەگی هار، بۆ کوێ لە دەستم دەرئەچی؟].

کابرای پەنجە خوێناوی-خریۆکین-ی زەرەنگەر بوو، سەگەکە لە ناوەندی حەشاماتەکەدا لەسەر گازەرای پشت کەوتبوو، دوو پەلی پێشەوەی بڵاوکردبۆوە، ئەلەرزی، توولەیەکی برزووی سپی کونج کونج بوو، پەڵەیەکی زەرد بە پشتیەوە بوو. پشکنەرەکە، دری بە خەڵکەکەداو پرسی:-

-[چی ڕووی داوە؟ بۆچی کۆبوونەتەوە، تۆ بۆچی پەنجەت بەرز کردۆتەوە، ئەی ئەوە کێ بوو هاواری ئەکرد].

-خریۆکین- کۆکی ووتی:-

-[قوربان من بووم، سەری خۆم کز کردبوو بە ڕێی خۆمەوە، هاتم بۆ ئێرە ئەختێ کارم بە-مەتری مەتریس- بوو، بەڵام ئەو سەگە چەپەڵە بەبێ هۆ شالاوی بۆ هێنام و پەنجەی گەزیم، قوربان من کابرایەکم کارەکەم پڕە لە وورده‌کاری، لەوانەیە نەتوانم هەفتەیە پەنجەم بجوڵێنم و کارەکەم پەکی بکەوێ، کەواتە با کەمێ لەو پەك کەوتنەم بە خاوەنی سەگەکە ببژێرم، یاساش پشتی ئەمە ئەگرێ].

پشکنەرەکە بە دڵ ڕەقیەوە تەماشای سەگەکەی کرد، ووتی:-

-[ئەمە سەگی کێیە؟ ئەبێ فێری بکەم چۆن وا لە سەگەکەی بکات کە خەڵکی ئازار نەدات، ئەمە دژی یاسایە، ئەبێ خاوەنی ئەم سەگە سزا بدرێ].

لە پاشا ڕووی کردە-کۆنستابل- ووتی:-

-[خاوەنەکەیم بۆ بدۆزەرەوە، داوایەکی لە دژ بنووسە، ئەبێ هەر ئێستا ئەم سەگە لە سێدارە بدرێ، دوور نییە سەگێکی هاریش بێ، ئەمە سەگی کێیە، بۆ قسە ناکەن؟]

هاوارێ لە قەڵەباڵغیەکەوە بڵند بۆوە؛

-[وا بزانم سەگی جەنەڕاڵ-زیجالۆف-ە].

پشکنەرەکە، کەوتە مینجە مینج:-

-[هی جەنەڕاڵ-زیجالۆف-، ئا یاریدەم بدە با پاڵتۆکەم دابکەنم، ئای هەوا چەندە گەرمە لەوانەیە بش بارێ].

ڕووی کردە-خریوکین- ووتی:-

-[نازانم چۆن ئەم سەگە پەنجەی تۆی گەزی، ئەم توولەیەکی بچوکی بەستەزمانە، پێم نالێی چۆن گەیشتە پەنجەی تۆ کە هێندەی چەتوڵێ ئەبێ؟ خۆت پەنجەی خۆت برینداز کردووە، ئەم دەست بڕیەی بۆچییە؟ بۆ من ناتان ناسم چ دەستبڕو ساختەچییەکن].

یەکێ لە خەڵکەکەوە هاواری کرد:-

-[بە گاڵتەوە جگەرەیەکی نا بە کەپووی سەگەکەوە، قوربان ئەویش گازی لێ گرت، کەس بەرپرسیار نییە،-خریوکین- خۆی نەبێ، کە بە دوای گێچەڵا ئەگەڕێ].

-خریوکین- ووتی:-

-[خێلی ناشرین، تۆ کەی منت دیوە وا بکەم؟! درۆ ئەکەی، پشکنەر خۆی پیاوێکی دنیا دیدەیەو ئەزانێ کاممان ڕاست ئەکەین، یاساش ئەڵێ؛ یەکسانی هەیە لە نێوان خەڵکیدا، با پێت بڵێم برایەکم پۆلیسە].

دەنگێ بڵند بووەوە:-

-[شانازی مەکە].

-کۆستابل- بە دەنگێکی نزم و لەسەرخۆوە ووتی:-

-[ئەمە سەگی جەنەڕاڵ نییە، سەگەکانی ئەو هەموو هی ڕاون].

پشکنەرەکە پرسی:-

-[دڵنیای؟].

-[بەڵێ قوربان].

پشکنەرەکە ووتی:-

-[ڕاست ئەکەی، سەگەکانی جەنەڕاڵ گرانبەهان و باش پەروەردە کراون. سەیرکەن ئەم سەگە چەند لاوازو پیس و پۆخڵە، چۆن جەنەڕاڵ شتی وا ڕائەگرێ، بۆ ئێوە شێت بوون، خریۆکین- نەهێڵی خاوەنەکەی وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچێ، ئەبێ سزا بدرێ، بەڵێ کاتی ئەوە هاتووە سزا بدرێ].

-کۆنستابل لە بەرخۆیەوەووتی:-

-[بەلام لە سەگی جەنەڕاڵیش ئەچێ، کێ ئەتوانێ تەنیا بە تەماشاکردن بیناسێتەوە، ئەو ڕۆژە سەگێکی وام لەناو سەگەکانی جەنەڕاڵدا بینی].

هاوارێ بڵند بووەوە:-

-[پێی ناوێ سەگی جەنەڕاڵەو بڕایەوە].

-[ -کۆنستابل- یاریدەم بدە با پاڵتۆکەم لەبەر بکەمەوە، ساردی کرد، سەگەکەش بەرە بۆ ماڵی جەنەڕاڵ لێیان بپرسە بزانە هی ئەوانە، پێشیان بڵێ- ئۆشۆمیلۆف- لە چەقی ڕێگادا دۆزیویەتەوە و بۆی ناردۆتەوە، با بەرەڵاشی نەکەن بۆچی خەڵکی پێی ڕابوێرن و کەپووی بسووتێنن، سەگ گیاندارێکی ناسکە، بەلام گەوجە تۆ دەستت دانەوێنە، بەس قامکە گلاوەکەتمان پیشان بدە، سووچ سووچی خۆتە].

قسەکەی تەواو نەکردبوو یەکێ ووتی:-

-[ئا ئەوە-بڕۆخەر-ی گەورەوانی جەنەڕاڵە لێی بپرسن، بزانن سەگی ئەوانە].

ئەویش ووتی:-

-[هەرگیز سەگی وامان ڕانەگرتووە].

پشکنەرەکە ووتی:-

-[کەواتە پێی ناوێ ئەمە سەگێکی وێڵەو دەمەوەری ناوێ، پێم ووتن سەگێکی وێڵە، بیکوژن و بڕایەوە].

-برۆخەر- قسەکەی تەواو کرد ووتی:-

-[سەگی ئێمە نییە، بەڵام سەگی براکەی جەنەڕاڵە، ئێمە سەگی وا ڕاناگرین، بەڵام براکەی.......!]

پشکنەرەکە زەردەخەیەك گرتی و بە پەرۆشەوە هاواری کرد:

-[-فلادیمێر نیمانچ-ی برای جەنەڕاڵ هاتووەو هێشتا من نەم زانیوە!؟].

-برۆخەر- ووتی :

-[ڕاستییەکەی وایە].

-[بەڵێ سەیرە، وویستی سەر لە براکەی بداو من نازانم، کەواتە ئەمە سەگی ئەوە، ئەی کە شادمانم، چەند سەگێکی جوانکەلەو هێمنە، چۆن ئەگەزێ، وەرە سەگە ئازیزەکەم مەلەرزە، برسیتە؟ وەی چەند توولەیەکی جوانکەلەیە].

-برۆخەر- سەگەکەی بانگ کردو لە دووکانەکە دوورکەوتنەوە، پشکنەرەکە پاڵتۆکەی لە خۆیەوە پێچاو بە هەرەشەوە بە -خریۆکین-ی ووت:-

-[دوای چارت ئەکەم].

ئەمەی ووت و بەرەو گۆرەپانەکە ڕۆیشت، حەشاماتەکە کەوتنە پێکەنین بە-خریۆکین-.

# خانچی

**پۆشكین**

كێ هەیە لە ئێمە لە گەشتەكانیدا، پیشی لە خانچیەكان نەخواردبێتەوەو پیایاندا هەڵ نەشاخابێ؟ كێ لە كاتی پەستیدا سكاڵای لە دەست سستی و پشت گوێ خستنیان نەكردووە، كێ بە كێویو دەبەنگی دانەناون؟

بەڵام با قسەیەكیش بۆ دز بكەین، با خۆمان بخەینە شوێنی ئەوان، ئەو ساتە لەوانەیە كەمێ بە دڵنەرمیەوە بڕیاریان بەسەردا بدەین با بزانین خانچی كێیە؟ كوژراوی دەستی مووچە خۆری-یەكی پلە چواردە-یە. هەر بە ناو مووچە خۆرەو تەنیا ئەوەی لێ قازانج كردووە ناهێڵێ ڕاستەوخۆ بكەوێتە بەر شەق و زلەو تێ سرەواندنی گەشت كەرەكان. خوێنەران وەرن با بزانین ئەرك و كاری ئەو مرۆڤە چیە؟ كە میر ڤازیمسكی بە گاڵتەجاڕیەوە بە دیكتاتۆر ناویان ئەبات. ئەركەكانیان لەو كارە سەختانە ئەچێ كە بە دیلەكان ئەسپێردرێ. شەوو ڕۆژ دانیشتنیان نیە، گەشت كەرەكانیش جامی تووڕەیی و ماندوویی گەشتەكانیان بەسەر ئەم دا قڵپ ئەكەنەوە. وا ئەزانن سووچی خانچیە؛ ئاوو هەوا ناخۆشە، ڕێ بەندانە، گالیسكەوان كەللە ڕەقە، ئەسپەكان باش ڕێ ناكەن. كاتێ خۆیان ئەكەن بە خانەكاندا، وەك دوژمن سەیری خانچی ئەكەن، ئەمیش ئەو كاتە بەختەوەرە كە ئەتوانێ زوو میوانە ناوەختیەكانی بەڕێ بكات. گەر خوانەخواستە ئەسپ و ماین ئامادە نەبوون، ئەكەوێتە بەر گەردەلوولی جنێوو تووڕەیی گەشت كەرەكانەوە. لە تۆف و ڕەهێڵەدا، لە زوقم و بەفر بارین دا، لەوپەڕی سەرماو سۆڵەدا ناچار ئەبێ ئەم ماڵە و ماڵ بكات. جار جارە لە داڵانەكەیاندا پشوو ئەداو كەمێ خۆی لە

تووڕەیی میوانەکانی ئەدزێتەوە. کاتێ جەنەڕاڵ دێت، خانچی بە لەرزەوە باشترین ئەسپی ئەداتێ، کە بە تایبەتی بۆ کاربەدەستانی میری ڕاگیراوە. جەنەڕاڵ ئەوڕاو هیچ سوپاسمەندی نانوێنێ، پاش کەمێ دەنگی زەنگوڵەیەک دێت، پۆستەگێڕی میرییە، خۆی ئەکات بە ژووردا و داوای گۆڕینی ئەسپەکانی ئەکات.

ئەگەر ئێمە بە وردی لەمانە هەموو بڕوانین، لە خانچی دڵگران نابین، بەڵکو بەزەییمان بۆی ئەجووڵێ. ئەوە بیست ساڵ ئەبێ، من باکووری ڕوسیا-تەی و پەی ئەکەم، هەموو ڕێگایەک چووم، زۆر لە دەستەی شۆفێران ئەناسم، کەم خانچی هەیە نەیناسم. بەو هیوایەم بەرهەمی ئەم گەشتانەم بەم زووانە پێشکەش خوێنەران بکەم، بەڵام ئێستا هەر ئەوەندە ئەڵێم خەڵکی زۆر بە هەڵە لە خانچی گەیشتوون. بەڵام لە ڕاستیدا خانچی مرۆڤێکی ئاشتی خوازو خزمەت گوزارو قوربانی دەرو کۆمەڵایەتییە، زۆر بە پەرۆشی پارەو پوولەوە نین. هەرچەندە گەشت کارەکان گفت و گۆی خانچییەکان بە هیچ و پووچ دائەنێن. بەڵام زۆر شتی چاک و خۆشیان لێ ئەبیسترێ. من خۆم گفت و گۆی ئەوانم لە گفت و گۆی ئەو مووچە خۆرە پلە شەشانە پێ باشترە، کە لە گەشتدا تووشیان ئەبین. زۆر هاوڕێی خانچیم هەیە، بەڵام یەکێکیانم زۆر پێ نزیکە، ئیش و کار بە یەکتری ناساندین، ئێستاش چیرۆکەکەیتان بۆ ئەگێڕمەوە؛

«[لە مانگی ئایاری ساڵی 1861ی زایینیدا بە ئیش و کارێکی بچووک ڕێم کەوتە ناوچەی-س-. ئێستا ئەو ڕێو بانە کوێر بۆتەوە، بە گالیسکەیەک ئەچووم، ئەسپەکانیم لە خانەکاندا ئەگۆڕی و کرێکەیشم ئەدا. لەبەرئەمە زۆر ڕەزا قوورس نەبووم لای خانچییەکان، زۆر جار پیایاندا هەڵ ئەشاخام، واشم ئەزانی مافی خۆمە. کاتی لاویم و کەف و کوڵی گەنجێتیم وای لێ کردبووم زۆر لەوە پەست ئەبووم کە ئەسپەکانی منیان ئەدا بە کاربەدەستێکی بەرزی میری.

بەو ڕانەهاتبووم تەنانەت لەسەر سفرەی دادوەریش، کە نۆکەرەکە لە چێشت دانان دا بم- پەڕێنێ. بەڵام ئێستا ئەو شتانە بە ئاسایی ئەزانم. باشە چیمان لێ دێت، ئەگەر زیرەکی مرۆڤ بخەینە پێش پلەو پایەوەو بەوە ڕێزی بگرین. هەرا بەرپا ئەبێ، باشە نۆکەرەکان لە کێمانەوە دەست پێ بکەین؟. بەڵام با بگەڕێمەوە سەر چیرۆکەکەی بۆتان بگێڕمەوە:

ڕۆژێکی گەرم بوو، سێ قۆناغ لە خانی-س-ەوە دوور بووم، باران دەستی بە بارین کرد، ئەتووت جلەکانم لە ئاو هەڵکێشراوە. کاتێ گەیشتمە خانەکە، خەمم ئەوەبوو زوو جلەکانم بگۆڕم و کەمێ چا-م فریاکەوێ. خانچییەکە هاواری کرد :

-[ئا.. دۆنیا، سەماوەرەکە لێ بنێ و کەمێ کەرە بێنە].

لەم قسانەدا بوو، کچێکی چواردە ساڵان لە پشت پەردەی ژوورەکەوە بەرپەڕی و بەرەو داڵانەکە تێی تەقاند، گیرۆدەی جوانییەکەی بووم.

لە خانچییەکەم پرسی:-

-[ئەمە کچتە؟]

بە شانازییەوە ووتی:-

-[بەڵێ قوربان، چ کچێکی زیرەك و کارامەیە، چۆتەوە سەر دایکە هەژارەکەی].

دانیشت و کەوتە نووسینی پسووڵەی ڕابووردن-ەکەم. منیش سەیری ئەو وێنانەم ئەکرد کە دیواری ژوورە پاك و خاوێن و کەم دەستانەکەی ڕازاندبووەوە. وێنەکان چیرۆکی (کوڕە وونەکە) یان ئەگێڕایەوە. یەکەمیان پیرەمێردێکی دەوڵەمەند بە بەرگی شەوە-وە ڕێی بۆ کوڕەکەی چۆڵ کردبوو کە دوو دڵ و بە پەرۆش بوو بۆ وەرگرتنی پارەو قایل کردنی باوکی. لە دووەمیان دا کوڕەکە بە کەش و فشەوە لەسەر مێزێ دانیشتبوو، بە هاوڕێی نانی و ئافرەتی بێ شەرم دەورە درابوو. لەوی تریاندا کوڕە گەنجەکە جل و

بەرگی ڕیشاڵ ڕیشاڵ بووی لە بەردا بوو، پاش ئەوەی ماڵ و سامانەکەی بە فیڕۆ دابوو، بە ڕازی بەخێو ئەکردو نانی لەگەڵ ئەخواردن، خەم و پەژارە لە دەم و چاوی‌دا ئەخوێندرایەوە. لە وێنەی چوارەم دا کوڕەکە گەڕابووەوە ماڵەوە، لە بەردەم باوکی‌دا هاتبووە سەرچۆك، باوکی هەمان جل و بەرگی لەبەردایەو بە پێشوازی کوڕەکەیەوە هاتووە. چێشتکەرەکان گوێرەکەیەکی قەڵەویان سەربڕیوە، برا گەورەکەی لە نۆکەرەکەیان ئەپرسن، بۆچی وا سەرقاڵن.

لەژێر هەریەکەیاندا چەند دێڕێ هەڵبەستی ئەڵمانی نووسرابوو، پڕاو پڕی وێنەکان بوو. تا ئیمڕۆ ئەمانەو ئینجانە پڕ گوڵ و پێخەفە سەرچەف دارەکەو هەمو شتەکانی تری ناو ژوورەکەم لە یاد ماوە. ئێستاش خانچی‌یەکەم لە بەرچاوە. تەمەنی پەنجا ساڵێ ئەبوو، گورج و گۆڵ بوو، ژیان چاڵ و چۆڵی خستبووە دەم و چاوی. پاڵتۆیەکی سەوزی درێژی لە بەردا بوو، سێ مەدالیای بە قردیلەی کاڵەوە بووی بەسەر سنگ دا شۆڕ بوو بووە. خەریك بوو کرێی گالیسکەوانەکەم ئەدا، دۆنیا بە سەماوەرێکەوە گەڕایەوە. ئەو شۆخە ئەشمیلە کە بە تیلەی چاوە شینە گەورەکانی سەیری کردم، زانی چەندە کاری تێ کردووم. کەوتمە قسەکردن لەگەڵیا. وەکو مرۆڤێکی دنیا دیدە زۆر بە سەربەستی ئەدوا. پیاڵەیەك چا-م دا بە دۆنیا-و پەرداخێ خواردنەوەم بۆ باوکی تێ کرد. بە جۆرێ سەری قسەو باسمان دابەستبوو، ئەتووت لە کۆنەوە خزم و ناسیاوی یەکین. زۆری خایاند تا ئەسپەکان ئامادە بوون، هێشتا پێم ناخۆش بوو دۆنیا-و باوکی بەجێ بهێڵم. کە ماڵئاوایم لێ کردن، خانچی‌یەکە هیوای گەشتێکی خۆشی بۆ خواستم. دۆنیا-ش تاکو گالیسکەکە لە گەڵم دا هات، لە داڵانەکەدا وەستام و داوای ماچێکم لێ کرد، قایل بوو. ماچم زۆر کردووە، بەڵام هیچیان وەکو ئەمەی دۆنیا- یادگارێکی زیندوو خۆشی بەجێ نەهێشتووە.

پاش چەند ساڵێ بە ئیش و کار ڕێم کەوتەوە ئەو گوزەرە. دۆنیا-م هاتەوە یاد، حەزم ئەکرد بیبینمەوە. بیرم کردەوە کێ ئەڵێ خانچییەکەیان نەگۆڕیوە؟ کێ ئەڵێ دۆنیا- شووی نەکردووە؟ کێ ئەڵێ یەکێکیان نەمردووە. کە لە خانی-س- نزیک کەوتمەوە، پەژارە دایگرتم. ئەسپەکانم بەستەوە، چوومە ژوورەکەوە. یەکسەر وێنەی چیرۆکی (کوڕە وونەکە)م ناسییەوە، جێگەو مێزەکە لە شوێنی خۆیان دا بوون، بەڵام بەر-پەنجەرەکە گوڵی لێ نەبوو!. هەمو شتێکی ژوورەکە شێواوو پشت گوێ خرابوون، خانچییەکە نووستبوو پەستەکێکی لە خۆییەوە پێچابوو. کە چوومە ژوورەوە ڕاپەڕی و هەڵسا، بەڵێ خۆی بوو (سیمۆن ڤایرین)ی خانچی بوو، بەڵام زۆر پیر بوو بوو. کاتێ خەریک بوونی بە تۆمارکردنی پسووڵەی ڕابووردن-ەکەمەوە سەرنجی قژە ماش و برنجییەکەیم دا. چەند چرچێکی قووڵ و درێژ کەتبووە دەم و چاوە تەراش نەکراوەکەی، پشتی کۆمابووەوە، کێ بڕوا ئەکا؟ تەنیا سێ چوار ساڵ لە تەمەن وا بەسەر مرۆڤ بهێنێ و ئەو کابرا گوورج و گۆڵە وا کەنەفت بکات. لێم پرسی:-

-[نامناسیتەوە؟ لە زووەوە یەکتر ئەناسین].

بە مۆنییەوە وەڵامی دامەوە:-

-[لەوانەیە، ئەم ڕێگایە قەرەباڵغە و زۆری پێدا ئەڕوات]

-[کچەکەت لە چیدایە؟]

ناوچەوانی گرژ کرد، ووتی:-

-[خوا ئەزانێ].

ووتم:-

-[شووی کردووە؟]

وەك گوێی لێم نەبووبێ، ووڕتەی لێوە نەهات. خۆی بە پسوولەکەوە خەریك کرد، منیش لە کورتی بڕیمەوە و داوام لێ کرد چایەکم بۆ لێ بنێ. حەزم ئەکرد بزانم چی قەوماوە، ووتم بەڵکو خواردنەوە زمانی بەربدات. بە هەڵەدا نەچووبووم، دەستی نەکردبوو بە خواردنەوەی پەرداخی یەکەم تێبینیم کرد مۆنییەکەی نەمابوو، لە پەرداخی دووەمدا زمانی بەربوو، ئەوە بوو بیری کەوتەوە کە ناسیاوی یەکین، کەوتە گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتەی زۆر بە پەرۆش بووم بۆ بیستنی، ووتی:-

-[کەواتە دۆنیا-ت ئەناسی، جاکێ دۆنیا-ی نەئەناسی؟ ئاخ دۆنیا، چ کچێ بووی؟ کێ بێرەدا هاتووە ستایشی کردووە، کەس سەرزەنشتی نەئەکرد. خانمەکان هەمیشە دیاریان بۆ ئەهێنا، جارێ دەستەسڕێ، جارێکی تر گوارە-یان بۆ ئەهێنا. پیاوان بە ئەنقەست ئەوەستان، گوایە بۆ نان خواردن وەستاون، بەڵام تەنها بۆ سەیری باڵای دۆنیا-بوو. کام گەشت کەرەی زۆر توڕە بوو، کە دۆنیا دەرئەکەوت هێمن ئەبووەوەو بە زمانی شیرین لەگەڵ من دا ئەکەوتە گفت و گۆ. تەنانەت هەمو مووچە خۆرو کاربەدەستە بە پەلەکانیش زیاد لە نیو-کاتژمێر لەگەڵیدا ئەدوان. ئەمە جگە لەوەی هەموو -کاری ماڵەکەش بەسەر شانی دۆنیا-وە بوو، هەر خۆی پاکی ئەکردەوە چێشتی لێ ئەنا. منیش پیرەمێردێکی گێل بووم، زۆر دڵشاد بووم، زیاد لە ئەندازە ئەم لاواندەوەو نازم ئەکێشا، کەس نازانێ چەندە بەختیار بووە لە گەڵمدا، بەڵام کێ ئەتوانێ لە چارەنووس ڕابکات؟ ئەوەی نووسرابێ ناگەڕێتەوە].

ئیتر دەستی کرد بە گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتەی ژیانی لێ تاڵ کردبوو. زستانی بەسر پێرار، لە ئێوارەیەك دا، لەو کاتەی خانچییەکە خەریکی ڕێکخستنی دەفتەرێکی تازە ئەبێ و دۆنیا-ی کچی لەودیو پەردەی ژوورەکەوە خەریکی جل دوورین ئەبێ. گالیسکەیەك ئەگاتە خانەکە، کابرایەکی لێ دائەبەزێ، پاڵتۆیەکی درێژی سەربازی لە بەردابوو، مل پێچێکی لە مل دا بوو، کلێتەیەکی جەرکسی لە سەردا بوو. کە هاتە ژوورەوە داوای

ئەسپی کرد، ئەسپی ئامادەی لێ نەبوو، خەریك بوو بەسەر خانچی‌یەکەدا بنەڕێنێ و بیداتە بەر قامچی. دۆنیا- کە زۆر هەڵوێستی وای دیبوو، لە پشت پەردەکە دێتە دەرەوە، لە کابرا ئەپرسێ گەر بفەرمووێ شتێ بخوات. دەرکەوتنی دۆنیا- کاری خۆی کرد، تووڕەیی کابرا نیشتەوە، بەوە قایل بوو کە ئەبێ چاوەڕێی ئامادەبوونی ئەسپەکانی بکات. داوای نانی شێوانی کرد. کە پاڵتۆ تەڕەکەی داکەندو مل پێچەکەی لە ملی کردەوە، کابرایەکی قۆز بوو، سمێڵێکی ڕەشی قەیتانی هێشتبۆوە. لەسەر کورسی‌یەك دانیشت و بە ڕووخۆشیەوە کەوتە دواندنی خانچی و کچەکەی، کە نانی شێوان ئامادە کرا، ئەسپەکانیش گەڕانەوە. خانچی‌یەکە چوو بە بێ ئالیك لە گالیسکەکەی کابرای بەستن، بەڵام کە گەڕایەوە، بینی کابرا لە جێگادا کەوتبوو، زۆر نەخۆش دیار بوو، وای ئەنواند لە هۆش خۆی چووە. کەواتە نەینەتوانی هەستێ بڕوات، چی بکەن باشە؟ خانچی‌یەکە پێخەفەکەی خۆی دایە، بڕیاریدا ئەگەر تا بەیانی چاك نەبووەوە، دکتۆری بۆ بانگ بکات. ڕۆژی دوای پەرێشانتر بوو، نۆکەری کابرایان بە سواری نارد بۆ شار دکتۆر بهێنێ. دۆنیا- چارۆکەیەکی لە سرکە هەڵکێشراوی بە سەری‌یەوە بەست و لای سەری‌یەوە دانیشت، کەوتە جل دوورینەکەی خۆی. کە خانچی‌یەکە ئەهاتە ژوورەوە کابرا ئەیناڵاندو خۆی بە نەخۆش پیشان ئەدا، دوو کووپ قاوەی خواردەوەو بە دەم ناڵە ناڵەوە داوای نانی نیوەڕۆی کرد. دۆنیا- لای سەری بەرنەئەدا، کە داوای خواردنەوەی ئەکرد، ئەچوو ئەو ئاووگی لیمۆ-یەی بۆ ئەهێنا کە بەدەستی خۆی ئامادە کردبوو. کابرا لێوی تەڕ ئەکردو پەرداخەکەی ئەگەڕاندە دواوە و بە پەنجە لاوازەکانی بۆ سوپاسمەندی دەستی دۆنیا-ی ئەگووشی. بۆ نیوەڕۆ دکتۆر گەیشتەجێ، تریەی دڵی نەخۆشەکەی گرت و بە ئەڵمانی لەگەڵی‌دا دوا. بە ڕووسی بەمانی ووت کە نەخۆشەکە پێویستی بە چەند ڕۆژێ حەوانەوەو هێمنی هەیە تا بتوانێ بڕوا. کابرا بیست و پێنج ڕۆبڵی دا بە دکتۆرەکەو

داوای لێ کرد نانی نیوەڕۆیان لەگەڵدا بخوات. چەندیان توانی خواردیان و خواردیانەوە، لە دواییدا بە شادییەوە بەڕێی کرد.

ڕۆژی دوایی نەخۆشەکە تەواو چاك بووەوە، زۆر ڕووخۆش بوو، نوکتەی بۆ ئەگێڕانەوە و فیکەی لێ ئەداو لەگەڵ گەشت کەرەکاندا ئەدواو پسووڵەی بۆ تۆمار ئەکردن. خانچییەکە هێندە هۆگری بوو بوو، ڕۆژی سێهەم زۆری پێ ناخۆش بوو کە میوانە ڕووخۆشەکەیان بەجێیان بهێڵێ. یەك شەممە بوو، دۆنیا لەسەر ڕێ بوو بچێ بۆ کڵێسە، گالیسکەی کابرا ئامادە کرابوو. پاش ئەوەی کرێیەکی باشی دا بە خانچییەکە لە بری مانەوەی ئەو چەند ڕۆژەی، ماڵئاوایی لێ کردن. بە دۆنیا-ی ووت پێخۆشحاڵ ئەبێ گەر بیەوێ تا کلێسە بیگەیەنێ، بە تایبەتی کە کلێسەکە لەوپەڕی گووندەو لەسەر ڕێی ئەم دایە. دۆنیا- مات بوو، باوکی ووتی:-

-[کچم لەچی ئەسڵەمیتەوە، خۆ ئەو پیاوە گورگ نییە بت خوات، با تاکو کلێسە بت گەیەنێ].

لەناو گالیسکەکەدا لەپاڵ کابرادا دانیشت، نۆکەرەکە سەرکەوت و گالیسکەوانەکە فیکەیەکی لێداو ئەسپەکان کەوتنە ڕێ خانچییە بەستەزمانەکە نەینەزانی چۆن ڕێی دۆنیا-ی دا لەگەڵ ئەو کابرایەدا سواربێ؟ چۆن ئەوەندە بێ لێکدانەوە بوو، خۆ کوێر نەبوو بوو؟ نیو- کاتژمێری نەبرد کەوتە دڵە ڕاوکێ، هێندە پەرێشان بوو بوو بەرەو کلێسە کەوتە ڕێ. کە نزیك بووەوە، خەڵك بڵاوەیان لێ ئەکرد. بەڵام-دۆنیا- لە هیچ لایەکەوە دیار نەبوو. چووە ژوورەوە، قەشە لە-دووانگە-کەوە دائەبەزی، کابرای مۆمەوان، مۆمەکانی ئەکوژاندەوە. تەنیا دوو پیرێژنی لێمابوو، لە سووچێکدا نوێژیان ئەکرد، بەڵام دۆنیا- دیار نەبوو، پاش زۆر لەخۆکردن لە مۆمەوانەکەی پرسی کە ئایا کچەکەی هاتبوو بۆ پاڕانەوە؟ ئەویش نەی بینیبوو. بە دڵشکاوییەوە بەرەو ماڵەوە گەڕایەوە. تەنیا تروسکاییەك ڕووناکی لەوەدا بەدی ئەکرد، بەڵکو کەف و کوڵی گەنجێتی، وەك زۆر کچی تر،

وای له دۆنیا- کردبێ تا خانەکەی ئەو لایانەوە چووبێ و بگەڕێتەوە. بە دڵ گوشراوی‌یەوە، چاوەڕێی گەڕانەوەی گالیسکەوانەکەی ئەکرد. وا دیار بوو هەرگیز نایەتەوە، بەڵام دەمەو ئێوارە گەڕایەوە، کۆستی خانچی کەوت، دۆنیا-ی لەگەڵ نەبوو.

حەوسەڵەی نەما، بەرگەی ئەو سیابەختی‌یەی نەگرت. یەکسەر لەو جێگایەدا کەوت، کە ڕۆژی پێشو کابرای لەسەر کەوتبوو، یەکە یەکە ڕووداوەکانی ئەهاتەوە پێش چاو، گەیشتە ئەو باوەڕەی کابرا بە درۆ خۆی نەخۆش خستبوو. تا یەکی گرانی لێ هات، بردیان بۆ شاری-س- و یەکێکیان لە جێی دانا تاکو ئەگەڕێتەوە. هەمان دکتۆر هات بۆ بینینی، ئەوەی بۆ خانچی‌یەکە درکاند کە گەشت کەرەکە وەك گوێزی ساغ بوو، بەڵام بە ساختە خۆی نەخۆش خستبوو وە ووتی لە ترسی کابرا نەبوایە هەر ئەو کاتە پێی ئەوت. جا نازانین دکتۆرە ئەڵمانی‌یەکە ڕاستی ئەکرد یان ئەیوویست وا خۆی دەرخات کە گوایە پێشبینی‌یەکانی ڕاست دەرئەچن. هەرچۆنێ بێت قسەکانی کەمێ باری خەمی خانچی‌یەکەی سووك نەکرد. کە چاك بووەوە دوو مانگ مۆڵەتی وەرگرت، بێ ئەوەی کەس بڵێ نیازی چی‌یە، کەوتە سۆراخی کچە وون بووەکەی. لە تۆماری پسووڵەی ڕابووردن-ی خانەکانەوە بۆی دەرکەوت؛ کابرا- کابتن مینسکی- ناوەو لە-سمولینسك-ەوە چووە بۆ-بترسبورك-.

ئەو گالیسکەوانەی بردبوونی، ئەیووت:

-[کچەکە بە درێژایی ڕێگاکە هەر گریاوە].

هەرچەندە وا دەرئەکەوت کە بە ویستی خۆی لەگەڵ کابرادا ڕۆیشتووە، خانچی‌یەکە لە دڵی خۆی‌دا ئەیووت:

-[کێ ئەڵێ وا نی‌یە؟، کچە وونەکەم ئەدۆزمەوەو ئەگەڕێنەوە ماڵەوە].

بەم هیوایەوە بەرەو-بترسبورگ- کەوتە ڕێ، کە گەیشتە ئەوێ، لە سووپاگای-ئیزمایلۆفسکی- لای ئەفسەرێکی خانەنشین کراوی ناسیاوی دابەزی. کەوتە سۆراخ کردن، زۆری نەبرد زانی کە کاپتن-مینسکی- لەم

شارەیەو لە ئوتێلی -دیمۆس- دابەزیوە، بڕیاریدا بەیانی بچێ بۆ لای. بەیانی زوو خۆی گەیاندە ئەو بەشەی بۆ کاپتن تەرخان کرابوو. لە هۆڵی چاوەڕێ کردن دا وویستی ڕێی بدەن کاپتن ببینێ و پێی بڵێن کۆنە سەربازێك هاتۆتە دیدەنیان. نۆکەرێ خەریکی پێڵاو بۆیاخ کردن بوو پێی ووت:-

-[جەنابی کاپتن خەوتووە و پێش کاتژمێری یانزە کەس نابینێ].

خانچی‌یەکە چووە دەرەوەو لە کاتی دیاری کراودا گەڕایەوە، مینسکی خۆی هات بە پیری‌یەوە، جل و بەرگی خەوتنی لە بەردا بوو، کلێتەیەکی سووری لەسەردا بوو، پرسی :-

-[ها برا بزانم ئیشت چی‌یە؟].

دڵی پیرەمێردەکە گووشرا، چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسك، هەر ئەوەندەی بۆ کرا بە دەنگێکی لەرزۆکەوە ووتی:-

-[قوربان لە ڕێی خوادا، بەزەییێ بجوڵێ].

مینسکی- جوان لێی وورد بووەوە، سوور بووەوە، دەستی گرت و بردی‌یە نووسینگاکەیەوە، دەرگاکەی لە دوایانەوە داخستەوە

-[قوربان، هەرچی‌یەك بوو ڕۆیی. کچەکەم پێ بدەرەوە، بە لای کەمەوە کەیفی خۆتت لەگەڵدا کردووە، ئیتر بۆ بە قوڕیا ئەبەی؟].

گەنجەکە بە پەشۆکاوی‌یەوە ووتی:-

-[ئەوەی چوو، ڕابوورد. من هەڵەم لەگەڵدا کردی. داوای لێ بوردنت لێ ئەکەم، وا نەزانی من دەستبەرداری دۆنیا- ئەبم. سوێندت بۆ ئەخۆم کە بەختیارە، کەواتە بۆچی لەگەڵتا بێتەوە، خۆشی ئەوێم و ژیانی کۆنی لەبیر چۆتەوە، ئەوەش ڕووی‌دا وەکو یادگارێ هەر ئەمێنێ.].

شتێکی خستە قۆڵی چاکەتەکەیەوە، دەرگاکەی کردەوە...، خانچی‌یەکە بێ ئەوەی بزانێ خۆی لە شەقامەکەدا بینی‌یەوە. تا ماوەیەك حەپەسا، کە هاتەوە... هۆش خۆی... هەستی بە بوونی بابۆڵەیەك کاغەز کرد لە قۆڵی چاکەتەکەی‌دا. کە دەری هێنا چەند بیست و پێنج ڕوبڵ-ێك بوو، فرمێسکی

پەستی و قین زایە چاوەکانی‌یەوە، پارەکەی گرمۆڵە کردو فڕێی دایە سەر زەوی‌و بە پاژنەی پێوە چووە سەری و لێ‌ی‌دا ڕۆیشت. زۆری نەبرد کەمێ داماو بەرەو دواوە گەڕایەوە، بەڵام دیاربوو لێ‌ی نەمابوو. گەنجێکی پۆستە کە ئەمی بینی، بەپەلە خۆی کرد بە گالیسکەیەك داو هاواری لە گالیسکەوانەکە کرد لێخوڕە.

خانچی‌یەکە هەوڵی نەدا دوای بکەوێ و لێ‌ی بستێنێتەوە، بڕیاری‌دا بگەڕێتەوە سەر ئیش و ماڵەکەی خۆی، بەڵام ئەیوویست هیچ نەبێ بۆ دواجار دۆنیا-ی کچی ببینێ. بەم ئاواتەوە بۆ دوو سبەی گەڕایەوە بۆ لای- مینسکی-، بەڵام نۆکەرەکەی بە توندو تیژی‌یەوە، بە پاڵ کردی‌یە دەرەوەو پێ‌ی ووت:-

-[جەنابی کاپتن نایەوێ کەس ببینێ].

دەرگاکەی بە ڕوودا داخستەوە، کەمێ وەستا، ئیتر چوو بە ڕێی خۆیەوە. ئێوارە پاش ئەوەی تا توانی لە کڵێسە نوێژو سکاڵای کرد، بە شەقامی- لیتینایا-دا ئەڕۆیشت، کاپتن-ی لە گالیسکەیەکی زەنگیانەی‌بچووکدا بەدی کرد، کە لە بەردەم خانوویەکی سێ نهۆم دا وەستا-مینسکی- لێ دابەزی و بە پەلە سەرکەوتە سەرەوە.

بیرێکی خۆش بە مێشکی خانچی‌دا هات. گەڕایەوە دواوە، لەگەڵ گالیسکەوانەکەدا کەوتنە قسەکردن لێ‌ی پرسی:

-[ئەرێ کابرا ئەمە گالیسکەی کاپتن مینسکی نی‌یە؟].

-[وایە، بەڵام تۆ بۆ ئەپرسی؟]

-[کاپتن ڕای سپاردبووم نامەیەك بە دۆنیا- بگەیەنم، بەڵام ناونیشانەکەیم بزر کردووە]

-[دۆنیا- لە نهۆمی دووهەمدایە، بەڵام برا تۆ درەنگ پیا گەیشتی، ئێستا خۆی لایەتی].

خانچی‌یەکە ووتی:-

-[قەیناکا، سوپاست ئەکەم، هەر ئەبێ نامەکە بگەیەنم].

ئەمەی ووت و خۆی کرد بە خانووەکەداو سەرکەوتە سەرەوە، دەرگاکە داخرابوو، لە زەنگیدا، پاش چەند چرکەیەکی تاڵی چاوەڕوانی، دەرگاکە کرایەوە. پرسی:-

-[ئەری-ئەڤدۆتیا سیمینۆڤنیا- لێرەیە؟].

کارەکەرە گەنجەکە وەڵامی دایەوە:-

-[بەڵێ لێرەیە، بەڵام تۆ بۆ ئەمە پەرسی؟].

خانچییەکە بێ ئەوەی وەڵامی بداتەوە، خۆی کرد بە هۆڵەکەدا. کارەکەرەکە هاواری کرد:-

-[قەدەغەیە، نابێ. ئەڤدۆتیا سیمینۆڤنیا- میوانی هەیە].

ژووری یەکەم و دووهەم تاریک بوون، سێهەم ڕووناك بوو، ژوورێکی ڕێك و پێك بوو. لە دەرگاکەدا ڕاوەستا، بینی-مینسکی- خەیاڵ بوو بوو، دۆنیا-ش بەوپەڕی پۆشتەیی‌یەوە.. لەسەرلا لەسەر قۆڵی کورسییەکەی کاپتن دانیشتبوو. لە-مینکسی- وورد ئەبووەوەو بە پەنجە پڕ ئەنگوستیلەکانی یاری بە عەزیە ڕەشەکەی ئەکرد هەرگیز لەوەو بەر کچەکەی وابە جوانی نەبینی بوو، دۆنیا- بێ ئەوەی سەر بەرز بکاتەوە پرسی:-

-[ئەوە کێیە؟].

باوکی هیچی نەوت، کە وەڵامی نەبیستەوە سەری بڵند کردەوە، بە دەم قریشکەیەکەوە لە هۆش خۆی چوو، کەوتە سەر ڕاخەرەکە. مینسکی بە شڵەژاوی‌یەوە ڕاستی کردەوە، کە پیرەمێردەکەی بینی لە ناو دەرگاکەدا، دۆنیا-ی داناو بەرەو پیرەمێردەکە چوو، دانی لێ ڕیچ کردەوە، لە تووڕەیی‌دا ئەلەرزی، ووتی:-

-[چیت ئەوێ، بۆچی وەکو جەردە دوام کەوتووی ئەتەوێ سەرم ببڕی؟ بۆ دەرەوە.].شانی چاکەتەکەی گرت و بە هەمو هێزی خۆیەوە پاڵی پێوەناو خستی بەسەر پێ پلیکانەکاندا. پیرەمێردەکە گەڕایەوە لای هاوڕێ خانەنشین

کراوەکـەی، ئـەویش وا ڕێی بـۆ دانـا سـکاڵایەك لـە-مینسـکی- بکـات. خانچییەکە پاش بیرکردنەوە قایل نەبوو، بڕیاریدا واز لە مەسەلەکە بهێنێ، پاش دوو ڕۆژ لە-پترسبورگ-ەوە بەرەو ماڵەوە بووەوە. دەستی کردەوە بـە کاروباری خۆی، خانچییەکە بەوە کۆتایی بە چیرۆکەکەی هێنا کە ووتی:-

-[ئەمە سێ ساڵە بێ دۆنیا ئەژیم. دەنگ و باسیشی نازانم، خوا ئەزانێ ماوە یان مردووە، هەموو شتێ ئەبێ. دۆنیا نە یەکەم و نە دوا کچە بکەوێتە داوی کاپتنـەوە. ئەو سەرشێتە کەمێ کەفیان لەگەڵ ئەکاو ئیتر وەکـو سـەگ وێڵیان ئەکات، چەند ڕۆژێ ئەتلەس و مەخمەل لەبەر ئەکەن، پاشـان لەگـەڵ خلتەی بارەکاندا ئەبێ جادەکان بماڵن. کە بیر ئەکەمەوە لەوانەیە دۆنیا-ش وای لێ بێت، ئەو گوناهە ئەکەم و ئاوات بە مردنی خۆم ئەخوازم].

تاکو بەسەرهاتەکەی گێڕایەوە، پێنج پەرداخ خواردنـەوەی هـەڵدا، چەند جارێ چاوەکـانی پـڕ بـوون لـە فرمێسـك. بـە شـێوەیەکی کاریگـەر وەکـو-تێرنیش-ی چامە دڵ ڕفێنەکەی-دیمـتریف-، چاوی بـە چمکـی کراسـەکەی ئەسڕی. زۆر کاری تێ کردم، تا ماوەیەکی زۆریش پاش ڕۆیشتنم نەم ئەتوانی لە یادی دەرکەم و بیر لە دۆنیا-ی بەستەزمان نەکەمەوە.

جارێکی تر کە بە ناوچەی-س-دا ڕائەبووردم، خانچییەکەم هاتەوە بیر، بـەڵام زۆری نـەبرد زانیـم کـە خانەکـە کوێـر بۆتـەوە، بـەڵام کـەس نەیئـەزانی پیرەمێردەکە ماوە یان مردووە، لەبەرئەمە بڕیارم دا چەند ئەسپێ بە کرێ بگرم و بـەرەو گوندی-ن- بکەومە ڕێ. کـات پـاییز بـوو، هـەورە خۆڵەمێشـییەکان بەری ئاسمانیان گرتبوو، کزە بایەك لـە کێڵگـە دوورەکانـەوە ئـەهات. گـەڵای زەرد-هەڵگەڕاوی درەختـی سـەر ڕێگاکـە لـە وەریـن دا بـوون. لـە زەردەپـەڕدا گەیشتمە گوندەکە، لە بەردەم پۆستەخانەکەدا وەستام. ئافرەتێکی قەڵەو هاتە داڵانەکە، ئەو شوێنەی دۆنیـا-ی بەستەزمانم تیا ماچ کرد. کـە لێـم پرسـی، پێی ووتم:-

-[ساڵێکە خانچییەکەمردووە].

ئەمە ژنی ئەو (بیرە) دروست کەرە بوو کە خانووەکەی بە کرێ گرتبوو، لە چوونە بێ ئەنجامەکەم پەشیمان بوومەوە. حەوت ڕوبڵ-یشم لە کیس چوو. لە ژنەکەم پرسی:-

-[بەچی مرد؟].

ووتی:-

-[جەناب سەری کردبووە خواردنەوە].

-[لە کوێ نێژراوە؟].

-[لەو لای دێوە، لە پاڵ ژنەکەیدا نێژراوە].

-[ئەتوانن گۆڕەکەیم پیشان بدەن].

-[ئەی بۆ نا، فانکا- بەس یاری بەو پشیلەیە بکە، وەرە لەگەڵ ئەم جەنابەدا بڕۆ، گۆڕی خانچی پیشان بدە.]

منداڵێکی جل و بەرگی ڕیشاڵ ڕیشاڵ بوو هاتە دەرەوە، قژی سووروو چاوێکی کوێر بوو، بردمی بۆلای گۆڕەکە، لە ڕێگا لێم پرسی:-

-[خوالێخۆش بووت ئەناسی؟].

-[ئەی چۆن! فێری جووزەلە دروست کردنی کردم، خوالێخۆش بوو کە لە بارەکە ئەهاتە دەرەوە، دوای ئەکەوتین و ئەمان ووت:-

-[باپیرە، باپیرە فستقێکمان بدەرێ- فستقی بۆ هەڵ ئەداین، زۆر جاریش یاری لەگەڵدا ئەکردین].

-[ئەی گەشت کەرەکان باسی ناکەن؟].

-[ئێستا خەڵکی کەم بێرەدا دێن، جار جارە باج نووس بە پەلە تێ پەڕێ. ئەویش پەیوەندی بە مردووانەوە نییە لە هاوین دا. خانمێك هات و هەواڵی پیرەمێردەکەی پرسی، هاتە سەر گۆڕەکەی].

بە پەرۆشەوە لێم پرسی [چۆن خانمێك بوو؟]

وەڵامی دامەوە:-

-[خانمێکی زۆر جوان بوو، بە گالیسکەیەک هات شەش ئەسپ ڕای ئەکێشا. سێ منداڵ و سەگێکی ڕەشی بچووک و دایەنی منداڵەکانی لەگەڵدا بوو، هەر کە پێمان ووت خانچی‌یەکە مردووە- دایە پڕمەی گریان و بە منداڵەکانی ووت:-

-هارو هاجی نەکەن، من ئەچم بۆ گۆڕستانەکە- وویستم لەگەڵی بڕۆم ووتی:-

-خۆم ڕێگا ئەزانم- خانمێکی دەس و دڵ باش بوو پێنج کۆپیکی دامێ].

-گەیشتینە گۆڕستانەکە، جێگەیەکی چۆڵ و پەرژین نەکراو بوو، لێرەو لەوێ خاچی دارینە ئەبینران، یەک -درەختیشی تیا نەبوو، هەرگیز گۆڕستانی وا کەلاوەم نەدی بوو.

منداڵەکە خۆی هەڵدایە سەر گۆڕێکی هەڵنەبەستراو، کە خاچێکی ڕەشی سەر مسی تیا چەقێنرا بوو، ووتی:-

-[ئەمە گۆڕەکەیە].

لێم پرسی:-

-[خانمەکەش هات بۆ ئێرە؟]

فانکا- ووتی:

-[هات بۆ ئێرە، لە دوورەوە چاوم لێ بوو، کەوتە سەر چۆک، ماوەیەکی درێژ وا مایەوە پاشان چوو بۆ گوندەکە، قەشەیەکی بانگ کردوو پارە دایەو لێ‌ی‌دا ڕۆیشت. خانمێکی دڵڕفێن بوو، پێنج کۆپیکی دامێ].

پێنج کۆپیکم دا بە منداڵەکە، ئیتر وام نەزانی حەوت ڕۆبڵەکەم لە کیس چووە. لە چوونەکەشم،،، پەشیمان نیم.

14ی ئەیلول ی-1830-ی زایینی

# گەڕانەوە

جی. دی. مۆپاسان

گوندەکە لە ئامێزی ئەو دۆڵەدا مات بوو بوو، کە تاکو دەریاکە ئەکشا. شەپۆلی بچووکی ئاوەکە خۆی ئەدا بە ڕۆخەکەدا، چەند پەڵە هەورێکی بچووک و سپی بە خێرایی ئاسمانەکەیان بڕی تا بەری خۆرە درەوشاوەکە بەردەن.

ماڵۆچکەیەکی تەنیا لە کەناری ڕێی گوندەکەدا ئەبینرا، ئەمە خانووی- مارتن لیڤیسکی- یان پێی ئەووت. دیوارەکانی لە قوڕو سەربانەکەی لە پووش و قامیش دروست کرابوو، سەوزاییەکی بچووکی لە بەردەمدا بوو، پیازو کەللەرم و مەعدەنۆس و سەوزەی تێدا چێنرابوو، پەرژینێ لە ڕێگاکەی جیائەکردەوە.

لیڤیسکی لە ڕاوە ماسی بوو، ژنەکەی سەر قاڵی برژاندنی ناوکە میوە بوو، کە لەسەر ڕووبەرێکی فراوان بڵاوی کردبووەوە، کیژێکی چواردە ساڵان لەسەر کورسییەك لە پاڵ دەروازەی خانوەکەدا، دانیشتبوو گۆرەوی ئەچنی، کیژێکی لەو منداڵتر خەریکی لایلایەو خەواندنی ساواکەی باوەشی بوو، دوو منداڵیش لەسەر زەوی بەرامبەر یەك دانیشتبوون، خۆڵە پەتانییان ئەکرد. خامۆشی باڵی بەسەردا کێشابوون، جار جارە گریانی ساواکە گۆمی خامۆشییەکەی ئەشڵەقاند.

پشیلەیەك لەسەر بەر پەنجەرەی خانووەکەدا نووستبوو، لە خوارووییەوە مێرووە باڵدارەکان بەسەر گوڵە مێخەکی پەنای دیوارەکەدا ئەخوولانەوە، کیژی پاڵ دەروازەکە هاواری کرد:-

—دایه

دایکەکە وەڵامی دایەوە:—

—چیە ڕۆڵە؟

—دیسان هاتەوە.

پیرەمێردێکی وەك دەرۆزەکەر، لە بەیانی‌یەوە، کە باوکیان ڕەوانەی سەر کەشتی‌یەکە کردو گەڕانەوە، دەورو خولی خانۆکەکەیان ئەدا. نەخۆش و زویر دیاربوو. بەرامبەر دەروازەکە دانیشتبوو چاوی تێ بڕیبوون. پاش ماوەیەك دانیشتەوەو بە دیاریانەوە دامایەوە. دایکەکە خۆی لە خۆی‌دا دوو دڵ و دڵە ڕاوکێی لەگەڵ بوو، ئەمەش ئەوەندەی تر شڵەژاندبووی و پتر لە هەمووان ئەترسا، چونکە ئەیزانی مێردەکەی تا تاریکان نایەتەوە. مێردەکەی ناوی —لیڤسکی— بوو، خۆشی ناوی —مارتن— بوو. بەم جۆرە ناوی خێزانەکەیان بوو بووە —مارتن لیڤیسکی—. ئەم ناوەی لە —مارتن—ی کۆنە مێردی‌یەوە بۆ مابووەوە. تاکو مابوو هەموو ساڵێ چەند ڕۆژێ ئەچوو بۆ —ڕاوە نەهەنگ—، دوو ساڵ دوای ژن و مێردایەتی‌یان کچێکیان بوو، سکیشی شەش مانگ بوو، کە کەشتی مێردەکەی و ئەوانەی لە سەری بوون بێ سەرو شوێن بوون، دەنگ و باسیان لە کوولەکەی تەڕیش دا نەما، ئافرەتێکی ڕەوشت پاك و ئازا بوو، دە ساڵ بە بێوەژنی مایەوەو دوو کچەکەی وەکو گوڵ پەروەردە کرد.

پیاوێکی ماسی گر هەبوو ناوی —لیڤیسکی— بوو، کوڕێکی لە ژنە کۆنەکەی بۆ مابۆوە، داوای لە خانمی مارتن کرد شووی پێ بکات. بەم جۆرە پێك هاتن و خێزانێکیان پێکەوە نا پاش سێ ساڵ دوو منالیان بوو. ژیانیان سەخت و پڕ چەرمەسەری بوو، هەرگیز چاویان بە گۆشت نەئەکەوت، خواردنیان هەر نانە ووشکە بوو. خەڵکی ئەیان ووت:—

—(خێزانێکی چاکن، سەیری —مارتن— بکەن چ خانمێکە، خۆ ئەوە باسی لیڤیسکی ناکرێ، ماسی گری وەك ئەو کوا لەم گوزەرەدا؟)

کیژە چواردە ساڵانەکە هاواری لە دایکە کردەوە:—

-(وا سەیرمان ئەکا، ئەڵێی ئەمان ناسێ، دوور نییە دەرۆزەکەرێکی خەڵکی-ئیپریڤل- یان-نوزیبۆسک- بێ).

دایکەکە لەوە دڵنیا بوو، کە ئەو کابرایە خەڵکی ئەو ناوچانە نییە. کابرا بێ جووڵە چاووی لەماڵۆچکەکە بڕیبوو، خانمی -مارتن- زەندەقی لەمەچوو خۆی پێ ڕانەگیرا، هەموو هێزی خۆی کۆکردەوە، ورەی دایە بەرخۆی و چووە بەر دەروازەکەو هاواری لە کابرا لانەوازەکە کرد:

-(کابرا ئەوە چی ئەکەی لێرەدا؟)

بە دەنگێکی گڕەوە وەڵامی دایەوە:

-(کەمێ ئەحەوێمەوە، بۆ هیچم کردووە پەستان بکات؟]

-[ بۆچی وا دەورو خولی خانووەکەمان ئەدەی؟]

-[مەبەستێکی خراپم نییە، ئایا بۆم نییە کەمێ لەم قەراغ ڕێگایەدا دابنیشم؟]

قسەکەی بۆ نەکرا، گەڕایەوە سەر ئیشەکەی خۆی، لە دەوروبەری نیوەڕۆدا کابرا بزر بوو، پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ بەو ناوەدا خولێکی خواردو ئیتر ئەو ئێوارەیە نەیان بینییەوە، کە باوکیان گەڕایەوە، بەسەرهاتەکەیان بۆ گێڕایەوە، ووتی:-

-[ بەستەزمانێکی وا چ خراپەیەکی لێ ئەوەشێتەوە؟]

ئەمەی ووت و بە دڵنیاییەوە لێی نووست، بەڵام ژنەکەی هە ربیری لای کابراکە بوو. کە خەویشی لێکوت خەونی پێوە دی، کە چۆن بە دوو چاوی پڕ پرسیارەوە لێی ئەڕوانێ، کە سپێدەی داو کەڵەشێر قوقاندی و بێداربوونەوە، ماسی گرەکە هەستی کرد لەشی قوورسە، بڕیاڕیدا لە ماڵەوە بمێنێتەوە و نەچێ بۆ ڕاوە ماسی.

لە چێشتەنگاودا، گەورە کچەکەیان کە چوو بوو بۆ نان کڕین، بە هەڵەداوان خۆی کرد بە ژووورداو ووتی:

-[دایە دیسان کابرا گەڕایەوە].

دایکەکە پەشۆکاو ڕەنگی هەڵبزرکا، بە مێردەکەی ووت:

-[بچۆ بزانە ئەو کابرایە چی لێمان ئەوێ، بۆ بەرۆکمان بەرنادا؟]

لیڤیسکی-ماسی گرێکی چوارشانەی چاوشین بوو، ڕیشێکی چڕو سووری هەبوو، ملپێچێکی خووری لە ملە ئەستوورەکەیەوە ئەپێچا تا لە سەرماو بارانی ناو دەریای بپارێزێ.

بە هێمنی چووە دەرەوەو کە گەیشتە لای کابراکە کەوتە قسەکردن لە گەڵیدا، دایک و منداڵەکان لە دوورەوە بە پەشۆکاوی و ترسەوە سەیریان ئەکردن، لەپڕ کابرا نامۆکە هەستایە سەر پێو لەگەڵ لیڤیسکیدا بەرەو خانووەکە هاتن، خانمی مارتن- سەری لەم کارە سووڕمابوو، مێردەکەی ووتی:-

-[نەختێ خواردنی بدەنێ، سێ ڕۆژە دەمی لە زاد نەداوە].

دوو پیاوەکە چوونە ژوورەوە، دایک و منداڵەکانیش دوایان کەوتن، نامۆکە دانیشت و سەری شۆڕکردەوە و دەستی کرد بە خواردن. خانمی-مارتن- لە نزیکیەوە ڕاوەستابوو لێی ڕائەما. دوو گەورە کچەکە، کە بچووکەکەیان ساواکەی لە ئامێز گرتبوو لە پاڵ دەرگاکەدا مات بوو بوون. دووو منداڵەکە یارییان بە خۆڵەمێشی ناو ئاگردانەکە ئەکرد. لیڤیسکی لەلایەوە دانیشت و لێی پرسی:-

-[ وادیارە لە دوورەوە هاتووی؟]

-[ لە-کێتی-یەوە هاتووم]

-[ بە پێ؟]

-[ بەڵێ، کە مرۆڤ پارەی نەبوو، ناچار ئەبێ].

-[ ئەتەوێ بۆ کوێ بچی؟].

-[ هاتووم بۆ ئێرە.]

-[ لێرە کەس ئەناسی؟]

-[ لەوانەیە]

بێ دەنگ بوون، لەسەرخۆ نانی ئەخوارد، بە دەم تیکەنانەکەوە ئاوگی سێوی هەڵ ئەقوڕاند، پێستی دەم و چاوی چرچ و لۆچ بوو، بە قژیدا دیاربوو، ژیانی کولەمەرگی بووە. لیڤیسکی لێی پرسییەو:-

-[ ناوت چییە؟]

بێ سەر بەرزکردنەوە ووتی-[ مارتن]-

تەزوویەك بە لەشی خانمەکەدا هات، کەمێ لێی هاتە پێشەوە، لێی وورد بۆوە، دەمی داپچڕاندبوو، ماسوولکەکانی باسکی شل بوو بوون. نقەیان لێ نەئەهات تاکو لیڤیسکی پەردەی بێ دەنگی دادڕاند:-

-[خەڵکی ئێرەی؟]

-[بەڵێ خەڵی ئێرەم]

کە سەری بەرزکردەوە، چاوی بڕییە چاوی خانمەکەو تەماشایەکی کردن، خانمەکە بە دەنگێکی نزم و لەرزۆکەوە پرسی:-

-[ئەوە تۆی مێردەکەم؟]

لەسەرخۆ وەڵامی دایەوە:-

-[بەڵێ منم.]

نەجوولا، کەوتە جوینی پاروەکەی. لیڤیسکی، پتر لەوەی پەست بێ، حەپەسابوو:- [تۆ -مارتن-ی؟]

بە ساکارییەوە وەڵامی دایەوە:-

-[بەڵێ من -مارتن-م]

-[لە کوێوە هاتووی؟]

دەستی کرد بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی:

([لە کەناری ئەفریقاوە هاتوومەتەوە. کاتێ کەشتییەکەمان تێك شکا، سیانمان قووتار بووین، من و -پێکارد و ڤاتینێل- کەوتینە چنگی

کێویلەکان، دوانزە ساڵ گیریان داین، ئەوان ئێوە خۆش، گەڕۆکێکی ئینگلیزی منی لەگەڵ خۆیدا... هێنایەوە -کێتی-، وا ئێستاش لێرەم])

خانمی -مارتن- دەستی کرد بە گریان، دەموچاوی خستە لەپی دەستەکانیەوە، لیڤیسکی پرسی:-

-[ئێستا چی بکەین؟]

بەبێ دەنگی سەیرێکی یەکیان کرد، مارتن ئاوڕێکی لە مناڵەکانی دایەوە. چاوی بڕیە دوو گەورە کچەکەو پرسی:-

-[ئەم دوانە کچی منن؟]

-[بەڵێ کچی تۆن]

هەڵ نەستا ماچیان بکا، تەنیا ووتی:-

-[لەچاو بەدووربن چاك گەورە بوون]

لیڤیسکی پرسییەوە:-

-[چی بکەین؟]

-[چۆن ئەڵێی وا ئەکەین، من نامەوێ ماڵت لێ بشێوێنم، دوو مناڵەکەی خۆم بۆ خۆم و ئەوانی خۆت بۆ خۆت. خانمیش حەزی بە کاممانە، ئارەزووی خۆیەتی. خانووەکە هی منە، لە باوکمەوە بۆم ماوەتەوە، تیایا لە دایك بووم و تاپۆکەشی بە ناوی منەوەیە.]

خانمی مارتن هێشتا ئەگریا، دوو گەورە کچەکە لە باوکیان نزیك بوونەوە، کە خواردنەکەی تەواو کرد پرسی:-

-[چی بکەین؟]

-[ئەچینە لای -کاهن- ئەو بڕیار ئەدات.]

مارتن هەستایە سەر پێ‌و لە ژنەکەی نزیك کەوتەوە، خانمەکە بە نووکە نووکەوە، سەری خستە سەر سنگی کۆنە مێردەکەی:

-[مارتن، مێردە هەژارەکەم ئەمە تۆی؟]

دەستی لە ئەستۆی کرد، مێردەکەی ناوچەوانی ماچ کرد، ڕابردووی هاتە یاد، گەنجی‌یانی هاتەوە یاد، ئەو کاتەی بۆ یەکەم جار یەکیان ماچ کرد، دوو منالەکەو ساواکە، کە بینی‌یان دایکیان ئەگری، دایانە پرمەی گریان، لیڤیسکی هەستایە سەر پێو، پاش کەمێ ووتی:-

-[با بڕۆیین، ئەبێ زوو یەك لای بکەینەوە]

کە خەریکی ڕۆیشتن بوو، سەیرێکی کچەکانی کرد، دایکیان ووتی:-

-[وەرن باوکتان ماچ بکەن].

لە باوکیان نزیك بوونەوە، یەکە یەکە هەردوو ڕوومەتی ماچ کردن، ئیدی چوو بە دەنگ -لیڤیسکی-یەوەو پێکەوە چوونە دەرەوە. کە گەیشتنە لای باری -کۆمیرۆس- هاوڕێکەی پێی ووت:-

-[ئەڵێی چی کەمێك بخۆینەوە؟]

مارتن هەڵی دایە:-

-[بەوپەڕی پێ خۆش بوونەوە]

چوونە ژوورەوە، هێشتا بارەکە چۆڵ بوو، لیڤیسکی هاواری کرد:

-[هۆ، شیکۆ- دوو براندی‌مان بۆ بهێنە، ئەمە -مارتن-ە گەڕاوەتەوە، مارتن-ی کۆنە ئاشنات، کۆنە مێردی ژنەکەم کە بێ سەرو شوێن بوو بوو]

خاوەن بارەکە بەرەو لایان هات، بە دەستێکی پەرداخ و بە دەستەکی دیکەی دۆلکەیەکی هەڵگرتبوو، کابرایەکی پفنی سوورکە بوو لە سەرخۆ ووتی:-

-[ئۆ مارتن ئەمە تۆی؟]

مارتن وەڵامی دایەوە:-

-[بەڵێ منم].

# دڵێکی نهێنی درکێن

### ئێدگار ئالان پۆ

ئێستاش هەر مرۆڤە تووڕەکەی جارانم، بەڵام پێم مەڵێن شێت ڕاستە نەخۆشییەک تووشی هەستم هاتووە، بەڵام تێڕوانین و هەستی نەشێواندووم بە پێچەوانەوە، هەستی بیستنم هێندە تیژبووە، گوێم لە هەموو خرتەو فرتەیەکی زەوی و ئاسمانە، زۆر جار شتی ناو دۆزەخیش ئەبیستم، کەواتە ئیتر من کەی شێتم؟ دە گوێم بۆ ڕادێرن. با بەوپەڕی دروستی و هێمنییەوە هەموو بەسەرهاتەکەتان بۆ بگێڕمەوە:

نازانم یەکەم جار چۆن ئەم بیرەم بۆ هات، ئیتر بوو بە بیرکردنەوەی شەوو ڕۆژم. پیرەمێردێکی دەوڵەمەندم خۆش ئەویست. بە بیرم نایەت بۆ تەنها جارێک هەڵەیەکی لەگەڵداکردبم یان سەرزەنشتی کردبم. هەرگیز دڵم بۆ ماڵ و سامانەکەی لێی نەدابوو. وەکو بیری لێ ئەکەمەوە، حەزم لە چاوە شینەکانی کردبوو کە لەچاوی هەڵۆ ئەچوون. کاتێ لێم ڕائەما، خوێنم ئەکەوتە قوڵپ دان، وردە وردە ئەو بیرە لە سەرم دا گەڵاڵە بوو کە ئەم پیرە بکوژم. بۆ ئەوەی بە یەکجاری لە داوی چاوی ڕزگار ببم، لێرەدا بە شێتم تێ ئەگەن! بەڵام شێت چی ئەزانێ؟ خۆ منتان بینی چ بڕیارێکی ژیرانەم دا، ئێستاش ئەزانن کە چۆن بە دووربینی و بە ئاگایی و نەشڵەژانەوە کەوتمە جێبەجێ کردنی بڕیارەکەم. هیچ کاتێ لەوەوبەر وەکو ئێستا بەزەییم پێدا نەئەهاتەوە، هەموو نیوەشەوێ درزێکی دەرگاکەیم ئەکردەوە. زۆر بە هێواشی، لەمپایەکی چوار لا قەپاتی وام

ئەبردە ژوورەوە. گەر بت دیمایە چەند بە زۆرزانی سەرم ئەبردە ژوورەوە. دەستت ئەکرد بە پێکەنین. ئاگاداری ئەوە بووم نەوەك بێداری بکەمەوە، چ شێتێ وا بە ژیرانە ئەجووڵێتەوە؟ زۆر بە ئاگایی‌یەوە درزێکم ئەخستە قەپاغی لامپاکە، تاکو تیشکێك ئەکەوتە سەرچاوە هەڵۆیی‌یەکانیەوە. حەوت شەو ئەمە ئیشم بوو. بەڵام چاوەکانیم بە کراوەیی نەبینی تاکو بڕیارەکەم جێبەجێ بکەم، چونکە من نەم ئەویست لەدەست پیرەمێردەکە ڕزگام ببێ، بەڵکو لەدەست چاوە شەڕانی‌یەکانی.

هەموو بەیانی‌یەکیش وەك هیچ نەبووبێ، ئەچووم بۆ لایو لەگەڵیا ئەدوام و لەناخی دڵەوە بە ناوی خۆیەوە بانگم ئەکردو لێم ئەپرسی خەو یشەوی چۆن بوو: ئیتر مەگەر پیرەمێردێکی زۆرزان بێ دەنا چۆن گوومان ئەکات کە من هەموو نیوە شەوێ بە سەری‌یەوە ڕائەوەستم. شەوی هەشتەم زۆر لەسەرخۆ دەرگاکەم کردەوە، میللی کاتژمێرەکە کەوتە پەلە لەوەو پێش هەستم بەو هەموو هێزو زیرەکی‌یەیی خۆم نەکردبوو، هەست بە سەرکەوتن دەروونی داگیر کردبووم، من بەم جۆرە دەرگاکەم ئەکردەوە، ئەویش هەر خەویشی بەو کارو بیرەی منەوە نەئەبینی. لە ژێرەوە پێکەنینم بەم کارە ئەهات، کێ ئەڵێ گوێی لێم نەبووە؟ دەنا بۆچی تلێکی‌دا. لەوانەیە وا بزانن لەگەڵ تل دانەکەی‌دا گەڕابمە دواوە، نەخێر ژوورەکە هێندە تاریك و نوتەك بوو نەیئەتوانی درزی دەرگاکە ببینێ، تا ئەهات دەرگاکەم زۆرتر ئەکردەوە،خەریك بوو درزی قەپاغی لەمپاکە گەورەتر بکەم، لە دەستم دەرچوو، درزێکی زۆر فراوانی تێ کەوت، ڕووناکی‌یەکی زۆر کەوتە سەر دەم و چاوی. ڕاپەڕی و لەسەر جێگەکەی دانیشت و هاواری کرد:-

-[ئەوە کێیە؟]

ورتەم لێ نەهات، وەك بت ڕاوەستاوم جووڵەم لە خۆم بڕی، تا ماوەیەك پاڵ نەکەوتەوە، گوێی هەڵ خستبوو شتێ ببیستێ.

ناڵەیەك هاتە گوێم، ناڵەی ئازارو گرفتی نەبوو، نەخێر، ئەو دەنگە کپە بوو کە لە ناخی مرۆڤێکەوە هەڵ ئەستێ، کە ئەشکەنجەو ژان ژەنگیان بە گیانی هەڵ هێنابێ. دەنگەکەم زۆر باش ئەناسی. هەموو شەوێ، ئەو دەنگە، کاتێ لافاوی خامۆشی هەموو لایەکی دائەپۆشی، لە ناخمەوە بەرز ئەبووەوە. چ ناڵەیەکی ترسناك بوو، زامی خەم و ژانەکانی ئەهێنایە سوێ، بە پیرەمێردەکەش ئاشنایەو بەزەیی پێدا دێتەوە. ئەمزانی لەو کاتەوە تلەکەیدا، خەوی زڕاوەو لە دڵی خۆیدا ووتویەتی:-

-[لەوانەیە دەنگی بای ناو دووکەڵ کێشەکە یان خرتەو فرتەی مشکێ بێت].

بەڵێ دڵی خۆی بەم قسانە خۆش دەکات، ئەشزانێ بێ کەڵکن چونکە مەرگ وەك تارماییەکی سەرتاپا ڕەش لە بەردەمیدا وەستاوەو ئەیەوێ گیانی قۆچە بکات. بەڵێ چارە گرانی ئەو تارماییە خەوی لێ زڕاند بوو، دەنا باوەڕ ناکەم هەر ئاگای لە درزی دەرگاکەو سەری من بووبێ.

چاوەڕوانی یەکەم درێژەی کێشا، هەستم نەکرد پاڵ کەوتبێتەوە، بڕیارم دا درزێك بخەمە قەپاغی لەمپاکە، گووزە تیشکێکی وەکو داوی جاڵجاڵۆکە، کەوتە سەر ئاستی چاوی چاوی کرابۆوە، ئەبڵەق بوو بوو، بەڵێ چاوی زۆر کرابووەوە. کە چوومە ڕێکی سەری و تەماشام کرد. شڵەژام. زۆر لێی وورد بوومەوە، چاوی شینێکی کاڵ، تەمێکی سەیری بەسەرەوە بوو، ئەو تەمەی تاکو مۆخی ئێسقانی سمی بووم. لە دەم و چاوی بەولاوە هیچی ترم نەبینی، ڕووناکییەکەم ئاراستەی پنتە ئەفرەتییەکە کرد. ئەوەی ئێوە بە شێتی تێ ئەگەن، لە هەست و ژیری بەولاوە زیاتر نییە. گوێم لە دەنگێکی کپ و خێرای وەکو چرکە چرکی کاتژمێر بوو، کە کاتێ لەناو لۆکەدا پێچرابێتەوە. ئەو دەنگەم چاك ئەناسی، ترپەی لێدانی دڵی پیرەمێردەکە بوو، شێت گیر بووم.

هەر چۆن ئەفسەرێکی سەربازی لە کاتی جەنگدا سەربازەکان بەرەو مەیدانی شەڕ هەڵ ئەنێ.

بێ جووڵە وەستام، لە سەرخۆ هەناسەم ئەدا، ئەمویست تیشکەکە لەسەر چاوی بهێڵمەوە. ترپەی لێدانی دڵەکەش زۆرترو خێراتر ئەبوو، ئەتووت ترسی پیرەمێردەکە گەیشتووەتە ئەوپەڕی، تا ئەهات بەرزرت ئەبووەوە.

لێم تێئەگەن چی ئەڵێم؟ پێم ووتن ئێستاش مرۆڤە تووڕەکەی جارانم، لەو نیوەشەوەدا، لە نێو خامۆشی‌یە تۆقێنەرەکەی ئەمماڵەدا، ئەو دەنگە هێندە سەیر بوو، جڵەوی وویست و ئارەزووی لە دەست بەردام، بەڵام تا ماوەیەکی تر بێ جووڵە وەستام و هیچم نەکرد، دەنگەکەش تا ئەهات بەرزتر ئەبووەوە، وام بە بیردا هات دڵەکە شەق ئەبات. دوو دڵی دایگرتم، کێ ئەڵێ دراوسێکان گوێیان لەم دەنگە نی‌یە. کار لەکار ترازا، قریشکانم و خۆم کرد بە ژوورەکەداو هەموو ڕووناکی لەمپاکەم کردەوە، پیرەمێردەکە ڕاپەڕی و قریشکاندی. لەچاو تروکاندنێکدا ڕام کێشایە سەر زەوی‌یەکەو پێخەفە قوورسەکەم ڕاکێشایە سەری، خەندەیەکی سەرکەوتووانە، کەوتە سەر لێوم دڵی تا چەند خولەکێ لێ‌ی‌دا، بەڵام بە کپی. ئەمزانی ئەو دەنگە کپە ناگاتە دراوسێکان، نەشڵەژام، کە دڵەکە لە لێدان کەوت، پێخەفەکەم لابردو لاشەکەیم پشکنی، بەڵێ مردبوو، لە حەوت ساڵان ڕاست بوو بوەوە. بۆ دڵنیایی چەند خولەکێك دەستم خستە سەر دڵی. بەڕاستی مردبوو، ئیتر لە داوی چاوی ڕزگارم بوو.

گەر تا ئێستا بە شێتم ئەزانن، گەر زانیتان چەند بە ژیرانە لاشەکەیم شاردەوە، ئیتر پێم ناڵێن شێت، شەو زۆری نەمابوو، دەستم بە کار کرد، لە پێش هەموو شتێکدا ڕووتم کردەوە،قاچ و دەست و سەرم بڕی. سێ خشتم لەسەر زەوی ژوورەکە هەڵکەندو پارچەکانیم گۆڕ کرد، خشتەکانم وا بە ڕێکی

خستەوە جێی خۆی، هیچ چاوێ، بگرە چاوی ئەویش گوومانی پێ نەئەبرد. هیچ پەڵەیەکی خوێن جێنەمابوو تاکو پێویست بە شتێ بکات، هەموو شتێ برایەوە... ها... ها... ها.

کاتێ لێ بوومەوە کاتژمێر چوار-ی بەیانی بوو، بەڵام جیهان وەکو نیوەشەو ئەنگووستە چاو بوو. لەگەڵ لێدانی زەنگی کاتژمێرەکەدا، لە دەرگا درا، چووم بیکەمەو، لە هیچ نەترسام. سێ پیاو خۆیان کرد بە ژووردا، وەك خۆیان پێ ناساندم، ئەفسەری پۆلیس بوون، دراوسێکان گوێیان لە هاواری بووە و بۆ ئەم مەبەستە هاتبوون. لێکۆڵینەوە دەستی پێ کرد، لە پۆلیسخانەش پرسیارێکی زۆریان لێ کردم.

ئەفسەرەکان هاتنماڵەکە بپشکنن، پێکەنینم ئەهات، جا لە چی بترسم؟ پێشوازیم لێ کردن. ووتم پیرەمێردەکە لێرە نیيە، شەو بە تەنیا بووم لە خەودا قریشکاندبووم. هەموو ماڵەکەیان پشکنی، رێم دان بە ئارەزووی خۆیان بگەڕێن، لە دوایدا بردمنە ژوورەکەیەوە، جل و بەرگ و پێخەفەکەیم نیشان دان، هیچ نەشێوابوون. بۆ دڵنیایی چەند کورسیيەکم هێنایە ژوورەکەوە، داوام لێ کردن کەمێ بحەوێنەوە، کورسیيەکیشم بۆ خۆم هێنا، لەسەر ئەو شوێنە دانیشتم کە لاشەکەیم تیا گۆڕ کردبوو. ئەفسەرەکان هێمن بوونەوە، هەڵس و کەوتم دڵنیایی کردنەوە، دانیشتن. پرسیاری شتی گشتیيان ئەکرد، منیش وەڵامم ئەدانەوە. بەڵام زۆری نەبرد، شڵەژام، حەزم کرد هەڵسن بڕۆن. سەرم کەوتە ژان کردن، گوێم ئەزرنگایەوە، زرنگانەوەکە توندتر ئەبوو، زۆر قسەم ئەکرد تاکو زرنگانەوەکە لەبیر خۆم بەرمەوە، بەڵام بەردەوام بوو، بۆم دەرکەوت کە گوێم نازرنگێتەوە، رەنگم هەڵبزکا، بۆ شاردنەوەی ئەمە بە دەنگی بەرزو بە پەلە قسەم ئەکرد. دەنگەکە تا ئەهات بەرز ئەبووەوە، چی بکەم باشە؟ دەنگێکی نزمی کپ و خێرا وەکو چرکە چرکی کاتژمێرێك کە لە

لۆکەوە پێچرابێ وابوو. هەنسکێکم هەڵکێشا. وا دیاربوو ئەفسەرەکان هەستیان پێ نەکردبوو. دەنگەکە تا ئەهات بەرزتر ئەبووەوە، هەستامە سەر پێ، بە دەنگێکی بەرز قسەم ئەکردو دەستم لەگەڵی‌دا ئەجووڵاند. دەنگەکەتا ئەهات بەرزتر ئەبووەوە. بۆچی هەڵناسن بڕۆن؟ کەوتمە ئەم سەرو ئەوسەری ژوورەکە، دەنگەکە تا ئەهات بەرزتر ئەبووەوە. خوایە من چی بکەم؟ کەوتمە وورێنەو قسە بزرکاندن. سوێندم ئەخوارد، کورسی‌یەکەم خستە جووڵە جووڵ، دەنگەکە تا ئەهات بەرزتر ئەبووەوە ئەفسەرەکان وەك ئاگایان لە هیچ نەبێ، لە قسەو خەندەی خۆیان نەئەکەوتن.

تۆ بڵێی گوێیان لە هیچ نەبووبێت؟ خوایە هاوار گوێیان لە هەموو شتێ بووەو گوومانیان بردووە، چاك ئەزانن چی بووە. بەڵام ئەیانەوێ ئەشکەنجەم زۆرتر بکەن. کێ بەرگەی ئەم بارە ئەگرێ؟ حەوسەڵەم نەما، چی تر بەرگەی خەندە دوو ڕوویی‌یەکەیان ناگرم. دەنگەکە تا ئەهات بەرزتر ئەبووەوە، قریشکاندم:-

-[چەپەڵینە، بەسە دوو ڕوویی. من ئەم کارەم کردووە. لێرەدا ئەو خشتانە لاببەن، ئەمە دەنگی دڵە نەفرەتی‌یەکەیەتی].

# بەڵێ
# لە بەهار ئەچێ

**میلتۆن کاپلان**

لە نزیک دەرمانخانەیەکەوە ڕاوەستام، نانی بەیانی بخۆم، قاوەو محەلەبی‌یەکەم بە پەلە خوارد لە ترسی ئەوەی نەک لەو شەمەندەفەرە دوا بکەوم، کە هەموو ڕۆژێ سواری ئەبووم. لە ناو شەمەندەفەرەکەدا ، هەرچەندە خۆم بە خوێندنەوەی ڕۆژنامەکەی دەستمەوە خەریک کردبوو، بەلام نەم ئەتوانی سەیری ئەو هەموو خەڵکە نەکەم، کە خۆیان ئەکرد بە ناو فارغونی شەمەندەفەرەکەداو پێکەوە ئەدوان و پێ‌ئەکەنین. هەموو ڕۆژێ ئەم بینین، ئەیان ناسیم و ئەم ناسین، بەڵام هێشتا سلاو لە یەکتری لە نێوانماندا نەبوو، بەیەک بێگانە بووین و بە ڕێکەوت کەوتبووینە ئەو شوێنەوە. گوێم لێ ڕادێرابوون، کاتێ پێکەوە ئەدووان، بریا منیش یەکێک ئەبوو لە گەلم دا بدوایەو درێژی ڕێگاکەی بۆ کورت بکردمایەتەوە.

کاتێ لە وێستگەی ژمارە-175- نزیک ئەبووینەوە، هەناسەم سوار بوو، هەموو ڕۆژێ لەم وێستگەیەدا سەر ئەکەوێتە سەرەوە، لە سەرخۆو بە هێمنی دێتە ناو فارغۆنەکەوە، وەکو سواربووەکانی تر پاڵ نانێ و شان لە شانی کەس نادات. هەموو ڕۆژێ لە هەمان شوێندا دائەنیشێ و شتێکی بە دەستەوەیە، دوور نی‌یە [نانی نیوەڕۆ]ی تێدابێ. هیچ جارێ نەم بینیوە پەرتووک یان ڕۆژنامە بخوێنێتەوە، دۆزیمەوە جا کێ ئەتوانێ لەم جەنجاڵ و بگرەو بەردەیەدا بخوێنێتەوە. وا بزانم ماڵیان لە-نیوجێرسی-یە، کیژێکی زۆر

نازداره، دەم و چاوی هێندە گەشە، ئارایشتی هەر ناوێ، هیچ ڕتووش ناکات، تەنها ئەوە نەبێ نینۆکی بۆیە ئەکات، قژە چین چینەکەی هەنگوینییە، گەرچی چاوی شینە بەڵام نیگای هێجگار گەرمە.

هەموو جارێ حەز ئەکەم پڕ بە دڵ سەیری بکەم، بەڵام ئەبێ ئاگاداربم نەك پێم بزانێ، لێم دووربکەوێتەوە، ئەوسا چی بکەم؟ بێ هاوڕێ ئەمێنمەوە، لە ڕاستیدا تەنها ئەوم بە هاوڕێی خۆم داناوە گەرچی ئەو بەوەش نازانێ لەم شاری-نیویۆرك-ەدا تەنیام، تا ڕادەیەکیش شەرمنم ناتوانم بە ئاسانی ناسیاو بگرم، هاوڕێکانی (بانق)م باشن، هەریەکەیان ژیانێکی تایبەتی خۆی هەیە، ناتوانم بە کەس بڵێم وەرە دیدەنیم، ئاوا هەریەکەمان ئەڕوا بەڕێی خۆیەوە.

من فێری جەنجاڵی و گەورەیی-نیویۆرك- نەبووم، بە بچووکی و هێمنی [نیوهامپشایر] ڕاهاتووم، دوای ئەوەی لە هێزی دەریایی وەدەرکەوتم، هەوڵی ئەم شوێنەی ئێستامم داو دەستم کەوت، کارێکی باشە گەرچی تەنهام.

([ کاتێ کە بە تەنیا سوار بووم، گوێ بۆ تەقە تەقی پێچکەکان ڕائەگرم، وا ئەزانم کە من و ئەو هاوڕێین، زۆر جار خەریك بووە زەردەخەنەیەکی بۆ بگرم، قسەیەکی لەگەڵدا بکەم وەك ئەوەی بڵێم:-

-[بەیانییەکی خۆشە وا نییە؟].

بەڵام ڕووم نایە، لەوانەیە وا بزانێ مرۆڤێکی ساختەچی و زمان لووسم، ئیتر خۆیم لێ هەڵە ئەکات و لەوەو پاش نایبینمەوە، جا ئیتر بیر لە کێ بکەمەوە؟

کەوتمە خەیاڵەوە، دوور نییە ڕۆژێك بە ڕێکەوت یەکتر بناسین، وەك بڵێین کاتێ سەر ئەکەوێ، لە دەرگاکەدا پاڵەپەستۆی لێ بکەن و بەسەر من دا بکەوێ، بێگومان ئەڵێ:-

-[داوای لێ بووردن ئەکەم]

منیش بە ڕێزەوە شەبقەکەمی بۆ بەرز ئەکەمەوە و ئەڵێم:-

-[هیچ نەبووە، گوێ مەدەرێ].

زەردەخەنەیەکیشی بۆ ئەگرم، تا بزانێ ئەم قسەیەم لە دڵەوە کردووە. ئەویش ئەڵێ:

-[ڕۆژێکی خۆشە وانی‌یە؟].

منیش ئەڵێم:-

-[بەڵێ، لە بەهار ئەچێ]

ئیتر بێ دەنگ ئەبین، کاتێ لە وێستگەی-34-دا ئەیەوێ دابەزێت، بە پەنجە، ماڵئاوایم لێ ئەکات:

-[خوات لەگەڵ].

منیش دووبارە شەپقەکەی بۆ بڵند ئەکەمەوە. بۆ بەیانی کە سەرئەکەوێ و من ئەبینێ، ئەڵێ؛ [هەلەو] یان لەوانەیە بڵێ:-

-[بەیانیت باش]

منیش وەڵامی ئەدەمەوەو درێژە بە قسەکەم ئەدەم، وەك ئەوەی ئەڵێم:-

-[ئەمساڵ وەنەوشە زوو سەری هەڵدا]

با بزانێ شتێ لە بەهارەوە ئەزانم. زۆر لەگەڵی نادوێم، با وا نەزانێ کە من یەکێکم لەو زمان لووسانەی کە بە دوای ڕاوکردنی کیژان دا، وێڵن.

پاش ماوەیەك ئەبین بە هاوڕێی یەکتر، باسی شتی وەك (ئاوو هەواو دەنگ و باس) ئەکەین تا ڕۆژێکیان ئەڵێ:-

-[ئەمە سەیر نی‌یە، ئێمە هەموو ڕۆژێ پێکەوە ئەدوێین و ناوی یەکتر نازانین].

هەڵئەسم و شەپقەکەم بڵند ئەکەمەوە و ئەڵێم:-

-[من (تۆماس پێرس)م].

ئەویش ئەڵێ:-

-[پێخۆشحاڵم بە ناسینت، منیش خاتوو (ئیلزابیس-ئەلتیمۆس)م].

دەست کێشێکی سپی لەوانە لە دەستدا ئەبێ کە کیژان لە بەهاران دا لە دەستی ئەکەن. پێکەوە تەوقە ئەکەین و پێ ئەکەنین، خەڵکەکەی دەوروبەرمان بزەیان دێت. بە دنگێکی ناسکەوە ئەڵێ:-

-تۆماس

منیش ئەڵێم:- [بەڵێ]

ئەویش ئەڵێ:-

-[ناوەکەت کەمێ قوورسە، ناتوانم بە-تۆماس- بانگت بکەم.

-[هاورێکانم پێم ئەڵێن-تۆمی-].

-[بە منیش ئەڵێن-بیتی-].

پاش کەمێ لەوانەیە من باسی فلیمێکی باش بکەم کە لە هۆڵی مۆسیقادا کار بکات، پێشنیاری بۆ ئەکەم، گەر سەر قاڵ نەبێ سەری لێ بدات، ئەویش یەکسەر ئەڵێ:-

-[ئۆو چەندە خۆشە!]

کەمێ زوو ئەچم بۆ شوێنی کارکردنی، پێکەوە ئەچین بۆ ناو شار. لەوەو پێش لە هاورێکانی-بانق-م ئەپرسم چ چێشتخانەیەك باشە، لەسەر نان خواردنی-شێوان- باسی هامپشایر-ی بۆ ئەکەم، باسی تەنیایی خۆمی بۆ ئەکەم، گەر بە راستی شوێنێکی خۆش و هێمن بوو، باسی ئەوەی بۆ ئەکەم چەندە شەرمنم. ئەویش دەستی ئەخاتە سەر مێزەکەو خۆی ئەخات بە پێشداو بە دڵەوە گوێم بۆ ئەگرێ، چاوی ئەبریسکێتەوە، وورد وورد هێندە لێك نزیك ئەبینەوە تا ئەتوانم بۆنی عەرزیەکەی بکەم. بە چپە پێم ئەڵێ:-

-[منیش شەرمنم]

ئەوسا پاڵ ئەدەینەوە، بزە بۆ یەك ئەگرین، بێ ئەوەی هیچ قسە بکەین، جا چی بڵێین، پاش ئەوە چی ئەمێنێ بووترێ؟

ئـەچین بـۆ هۆڵـی مۆسـیقا، شـوێنێکی بـاش ئـەگرم، لێی ئەحەسـێینەوەو تێکەڵ بە فلیمەکە ئەبین، لە دیمەنێکی بەسۆزدا جووڵەیەکی بۆ ئەکەم، دەستم بەر دەستی ئەخەم، دەست لانابات، دەستی ئەگووشم و دەستم ئەگووشێ.

بەم جۆرە؛ ڕاستە لە نێوان هەشت ملیۆن کەس دا وون ئەبم، بەڵام بە تـەنیا نیم و دەست گیرانی خۆم لە گەڵ ئەبێ.

کە فلیمەکەش کۆتای دێ، ئەمەوێ ڕاوانەی بکەمەوە، ئەڵێ:-

-[من لە-نیوجێرسی-دا ئەژیم زۆرم پێ خۆشە بم گەیەنیتـە ماڵـەوە، بـەڵام حەز ناکەم ئەو ڕێگا دوورە بپری].

باسکی ئەگرم و ئەڵێم:-

-[ئەمەوێ بت گەیەنمە ماڵەوە، نیوجێرسی-م زۆر لا خۆشە].

سواری پاس ئەبین و بە پردی واشینتۆن دا بەسـەر ڕووبـاری-هۆرسـەن-دا ڕائەبوورین، کە ئاوەکەی بە ناو تاریکی بە خێرایی تێئەپەڕێ. کە گەیشـتینە-نیوجێرسـی- گڵۆپـی شـارە بچووکـەکان ئـەبینین، لـە یـەکێ لـەو شـارانەدا ڕائەوەستین. بانگم ئـەکات بچم بـۆ دیدەنـی ماڵـەوەیان، بـەڵام مـن ئـەڵێم کـە درەنگی کردووەو ئەبێ بگەڕێمەوە، ئەویش ئەڵێ:-

-[پەیمانم بدەرێ، ڕۆژی یەك شەممە سـەرمان لێ بدەیت و نانی شێوانمان لەگەڵ بخۆی]])

شەمەندەفەرەکە لـە وێستگەی-175-دا هێواشی کـردەوە، حەشـاماتێکی زۆر چاوەڕێ بوون سەربکەون.

بە دڵە ڕاوکێوە سەیری دەرەوەم کرد، لە هیچ لایەکەوە نەم بینی، دڵم گووشرا، تا لە پاشان دا لە سووچێکەوە بینیم، شەپقەیەکی نوێی لەسەردا بوو، چەند گوڵێکی پێوە بوو. دەرگاکە کرایەوە، خەڵکەکە شاڵاویان هێنا، کە سەرکەوتە سەرەوە پاڵێکیان پێوەنا، کەوت بەسەر من دا. بە شەرمەوە ووتی:-

-[ببوورە].

دەستم کەوتە مێروولە کردن، نەمتوانی شەپقەکەمی بۆ بەرزکەمەوە، بە ڕێزەوە وڵامم دایەوە:-

-[هیچ نەبووە، گوێ مەیەرێ].

دەرگاکە داخرایەوە، شەمەندەرەکە جووڵا، شوێنێ نەبوو دابنیشێ، منیش شوێنەکەی خۆم دایە، ووتی:-

-[ڕۆژێکی خۆشە وانییە].

شەمەندەفەرەکە کەوتە ڕێ، دەنگی پێچکەکانی خوێندنی باڵندەکانی-هامپشایر-ی بە بیر ئەهێنامەوە، خورپە لە دڵم هەڵسا. ووتم:-

-[بەڵێ لە بەهار ئەچێ]

# ئازیز

**چیکۆف**

**ئۆلینکا پلیمینیاکوف- کە کچی یاریدەدەرێکی کار کەنار بوو، لەناو جۆلانەی باخچەکەیان دانیشتبوو، سەرمەستی بیرکردنەوە بوو. هەوا گەرم بوو، مێش و مەگەز پەستیان کردبوو، بەڵام شتێکی خۆش بوو کە مرۆڤ بیری لەوە ئەکردەوە تۆزێکی تر ئەبێ بە ئێوارە. هەورە بارانی‌یە ڕەشەکان ئاسمانی ڕۆژهەڵاتیان تەنی بوو، شنەبایەکی شێدار هەڵی کرد.-کۆکین- کە بەڕێوەبەری شانۆ بوو، کرێچی‌یان بوو، لە ناوەڕاستی باخچەکەدا ڕاوەستابوو، چاوی لە ئاسمان بڕیبوو. لەبەرخۆیەوە ئەیووت:-**

**-[دووبارە دووبارە ئەبارێت، هەموو ڕۆژێ ئەبێ بباریێ، ئەمە ئەبێتە هۆی هەرەس و مردنم.. ئەبێ هەموو ڕۆژێکم وا بە فیڕۆ بڕوات].**

**دەستی‌دا بە یەکداو قسەکەی تەواو کرد ووتی:-**

**-[ئۆلینکا، ئەمە ژیانی ئێمەیە، تۆ وەرە ئیش بکەو شەونخونی بکێشەو مێشکت ماندوو بکە، چیت لە دەست دێ بیکە بۆ ئەوەی شتێکی باشتریان پێشکەش بکەی، ئەمەش ئەنجامەکەی بێ، جاری پشت گوێت ئەخەن. باشترین ئۆپێرام پێشکەش کردن، کۆمەڵێکی... لێ هاتوو هونەرمەندی کارامەم خستەکار، بەڵام ئەوانە شتی وایان ناوێ، نەخێر ئەمە لە ژوور ئاستی ئەوانەوەیە، شتێکی بێمانایان ئەوێ، پێی ڕابوێرن. ئای هەموو ئێوارەیەك**

ئەبارێ، دەستی کردەوە بە باران بارین، لە ڕۆژی دەی مانگی پێنجەوە ئەبارێ. وا ئەمڕۆش ناوەندی مانگی شەشە، بە ڕاستی، بە ڕاستی جێی خەفەتە، گەرچی کارم وەستاوەو جەماوەر ڕووناکەنە شانۆ پێویستە من هەر کرێی خۆم بدەم و پارەی هونەرمەندەکانیش مسۆگەر بکەم]

سبەینێ لە دەوروبەری ئێوارەدا، تەم ئاسمان ئەگرێ و کۆکین-یش بە پێکەنینێکی هیستیریەوە، ئەڵێ:-

-[باشە، ببارێنە ببارێنە، باخچەکەم لێ بکە بە گۆماو، منیش بخنکێنە، بە ڕاستی بەدبەختم لە ژیان دا، پاش ئەمە چی ئەبێ؟ با هونەرمەندەکان لێم وەڕس بن و بە بەندیم... بگەیەنن و بم نێرن بۆ [سیبریا]، بۆ [سکافۆلد] ها ها ها]

بۆ ڕۆژی دوایی، هەمان شت ڕووی دایەوە، ئۆلینکا-بە بێ دەنگیەوە گوێی لە کۆکین، ئەگرت. زۆر جار چاوەکانی پڕ ئەبوون لە فرمێسک . لە ئەنجامدا ئەم بێ بەختیە جووڵاندی و وای هەست -ئەکرد کۆکین-ی خۆش ئەوێ. ئەویش کابرایەکی کورتە باڵای لاوازی دەم و چاو زەرد بوو، کە قسەی ئەکرد، لێوی زۆر ئەبزوا. خەم و خەفەت لە دەم و چاوی ئەباری. شتێکی لە کیژەکەدا زیندوو کردەوە، هەستێکی یەکجار قووڵ بوو. ئۆلینکا-نەیئەتوانی بەبێ خۆشەویستی بژی، لە سەرەتادا باوکی خۆش ئەویست، بەڵام ئێستا نەخۆشەو لە جێگادا، لە ژوورێکی تاریکدا ئەژی و بە گرانی هەناسەی بۆ ئەدرێ. پاشان پووری خۆش ویست، کە ساڵی جارێك لە-بریاسك-ەوە ئەهات، پێش ئەویش، کاتێ ئەچوو بۆ قوتابخانە، مامۆستای زمانی فەڕەنسی خۆش ئەویست. ئافرەتێکی لە سەرخۆو بە بەزەیی بوو، دڵێکی بە پەرۆشی هەبوو، چاو نەرم و کوڵم ئاڵ و گووپن بوو. ملی نەرم و سپی، نیشانەیەکی ڕەشی پێوە بوو، زەردەخەنەیەکی پڕ لە بەزەیی دەم و چاوی ڕۆشن ئەکردەوە. بە تایبەتی ئەو کاتانەی گوێی بۆ شتێکی خۆش ڕائەدێرا. ئەو پیاوانەی دیبوویان، بە دەم زەردەخەنەوە ئەیان ووت:-

-[شتێکی چاکە].

ئافرەتانیش ئەیان دواندو بە خۆشی‌یەوە ئەیان ووت:-

[ئازیز].

ئەو خانووەی هەموو ژیانی تیا بردبووە سەرو بەپێی ڕاسپاردەی باوکی بووە هی ئەم، کەوتبووە کەنار شار، لە نزیك [ڕێی قەرەجان]ەوە، زۆر لە- تیڤۆلی-یەوە دوور نەبوو، ئێوارەو شەوان گوێی لە دەنگی شانۆو ئەو ڕۆکیتانە بوو بەرەو ئاسمان دەرئەچوون. ئاگاشی لە کۆکین-بوو کەوا بە گژ چارەنووسی خۆی‌دا ئەچوو. جنێوی بە دوژمنەکەی ئەدا، کە جەماوەری شانۆ بوو، گوایە ناهۆشیارن. کیژەکە دڵی بە پەرۆشەوە بۆی لێ ئەدا، کە ئەو لە بەرەبەیان دا ئەگەڕایەوە، لای پەنجەرەکەی ئەگرت و لە درزی پەردەکانەوە، دەم و چاوو.. شانێکی پیشان ئەداو زەردەخەنەیەکی هارمۆنی بۆ ئەگرت. ئەویش ڕازی دڵی خۆی بۆ درکاندو بەڵێن دایە کەوا بیکاتە هاوسەری خۆی. کاتێ لە نزیکەوە لە شان و ملە خڕینەکانی وورد ئەبووەوە دەستی بە یەکداو ئەیووت-[ئازیز].

کۆکین- بەختەوەر بوو، بەڵام باران هەر ئەباری و تەنانەت لە ڕۆژو شەوی زەماوەندەکەشیاندا باری، بووە هۆی ئەوەی مۆرکی خەم و خەفەت لە دەم و چاوی نەبێتەوە، وەکو دوو هاوسەر بە خۆشی ژیانیان بردە سەر. ئۆلینکا کەوتە ئەوی خەمی کاری مێردەکەی بخوا، پۆستەی بەسەر ئەکردەوەو چاودێری باغچەکەیانی ئەکردو قەرزکانی ئەدایەوە. کوڵمەکانی، زەدەخەنە خواکردەکەی دەمێ لە پەنجەرەی پۆستەدا دەرئەکەوت یان لە لایەکی شانۆوە دائەنیشت یان لە چێشتخانە ئەبینرا. لای هاوڕێکانی ئەیووت:-

[شانۆ یەکجار مەزنە، زۆر گرنگە، زۆر زۆر شتێکی پێویستە لە ژیان دا. تەنیا شانۆیەکە بتوانێ شادی ڕاستەقینە ببەخشێ و وات لێ بکات شارستانی و مرۆڤ پەروەر بێت].

له خۆی پرسی:

[بەڵام تۆ بڵێی خەڵکی لەمە تێ بگات، ئەوان شتێکی گاڵتە جاڕیان ئەوێ. دوێنێ-فاوست-مان پێشکەش کرد، بەڵام کەس نەهاتبوو. زۆربەی کورسییەکان بەتاڵ بوون. بەڵێ ئەگەر ئێمە شتێکی لاوەکی و بێ نرخمان پێشکەش بکردایە، ئەوا شانۆ-کە یەکێکی تری نەئەگرت. سبەینێ-ڤانیکا-و من (ئۆرتوس لە دۆزەخ) دا پێشکەش ئەکەین].

مێردەکەی هەرچییەکی ئەووت لە بارەی شانۆو هونەرمەندانەوە، ئەم ئەیووتەوە. دەستی خستە پیشەی مێردەکەیەوە، ڕەخنەی لە خەڵکی ئەگرت لە بارەی پشت گوێ خستن و نەنرخاندنی هونەرەوە.

هونەرمەندەکانی ڕێك ئەکردو چاودێری مۆسیقای ئەکرد، ئەگەر بهاتایە یەکێ لە ڕۆژنامەکان ڕەخنەی لێ بگرتایە، دەستی ئەکرد بە گریان و ئەچووە لای سەرنووسەرەکەی و لەگەڵیا ئەدوا. هونەرمەندەکان خۆشیان ئەویست و پێیان ئەووت [ئازیز]، جارجارەش (ڤانیکا-و من) هەمان ووشەمان پێ ئەووت.

زۆر بە پەرۆش بوو بۆیان، دیاری بچووك بچووکی ئەدانێ، ئەگەر لەگەڵیا تێك بچوونایە، ئەگریا، پاشان ڕێکی ئەخستنەوە بەڵام سکاڵای لای ڤانیکا-نەئەکرد، ئەم دوو زستانەشیان بە خۆشی بەسەر برد، شانۆکەیان دایە دەست کەڕ-و ماوەیەك دایان خست و چوون بۆ-ئۆکرانیا-. ئۆلینکا- بەم گەشتە شاد بوو، گۆشتی گرت، بەڵام-کۆکین- تا ئەهات لاواز ئەبوو و دەم و چاوی چەقتر ئەبوو، گلەیی لە چارەنووسی خۆی ئەکرد. شەوانە ئەکۆکی، ئەویش چایەکی گژوگیای کێویلەی بۆ ئەکردو بە ئاوی قۆڵەنیا ئەی شێلاو لە بەتانی گەرم و نەرمی ئەپێچا. لە سەرخۆو بە ئەسپایی دەستی بە قژیا ئەهێناو ئەیووت:-

[مێردەکەم چەندە شیرینی].

کۆکین- چوو بۆ مۆسکۆ بۆ مامەڵەکردن تا لەگەڵ... کۆمپانیایەکی- ئۆپێرا-دا ڕێك بکەوێ بۆ کاری هاوین.

ئولینکا- خەوی لێ نەئەکەوت، لە پەنجەرەکەدا دائەنیشت و ئەستێرەی ئەژمارد. زۆر شتی لە مریشك ئەچوو، هەردووکیان شەوانە ناخەون و خەم و خەفەت دایان ئەگرێ کە کەڵەشێرکە لە ماڵ نەبێ. کۆکین- دوا کەوت، نامەیەکی بۆ نارد کە گوایە لە ڕۆژی پشوودا ئەگەڕێتەوە. لە نامەکەیدا باسی-تیڤولی- کردبوو. بەڵام ڕۆژی دوو شەممە، لە هەفتەی پیرۆزدا، ئێوارەیەکی درەنگ کە لە دەروازەکەیان درا (تەپ، تەپ، تەپ) وەك بە خێرایی لە بەرمیلێك بدەی، چێشتکەرەکەیان بەپێی پەتی و چاوی خەواڵووەوە، بە داڵانەکەدا ڕای کرد دەرگاکە بکاتەوە:-

-[تکایە بیکەرەوە بروسکەیەکتان بۆ هاتووە].

ئولینکا بروسکەی تری بۆ هاتبوو، بەڵام ئەمجارەیان ترساو دڵی گوشرا، بە دەستی لەرزۆکەوە، بورسکەکەی کردەوە، ئەمەی تیا بینی:-

-([ئیڤان بیترافیج کۆکین- ڕۆژی سێ-شەممە، لە کاتی چاوەڕوان کردنی ووتووێژدا کتووپڕ مرد)].

ئەو بروسکەیە لەلایەن لێپرسراوی کۆمپانیای-ئوپرا-وە هاتبوو. بە ڕاستی لە دەرگادانەکە دڵی داخووریان، ئەم هەواڵە وەك ئاگر کسپەی لە هەناوی هەڵسان؛ لەبەر خۆیەوە ووتی:-

-[خۆشی دڵەکەم بووی، دیدەکانم بۆچی تۆی بینی و ناسی و خۆشم ویستی، لە دوای تۆ ئەم ئۆلینکا هەژارە ناشادە دڵ بە کێ خۆش کات].

کۆکین- لە ڕۆژی سێ-شەممەدا لە گۆڕستانی (ڤاگانکوڤ) لە مۆسکۆ نێژراو ئۆلینکا بۆ ڕۆژی دوایی گەڕایەوە ماڵەوە، نەیئەتوانی سەر بکات بەو ژوورەدا کە یادگاری ئەوی پێوە بوو. خۆی کوتایە سەر جێگاکەو دەستی کرد بە گریان و لاواندنەوە بە دەنگێ لە شەقام و باخچەی هاوسێکانیەوە

ئەبیسترا.. دراوسێکانی هاتن بۆ لای، نیشانەی (خاچ)یان ئەکێشاو ئەیان ووت:-

-[ئازیز، بە ڕاستی ئافرەتێکی بەستەزمانی].

سێ- مانگ دواتر کاتێ لە کلێسە ئەگەڕایەوە، تاك و تەنیا بە خەمباری و خەم و خەفەتەوە ڕێی ئەکرد؛ (فازیکا ئەندیج پۆستۆڤالۆڤ)ی دراوسێی، کە بەڕێوەبەری یەکێ لە باخچەکانی ئەو گوزەرە بوو هاتە تەنیشتی و دەستی کرد بە دواندنی؛ تەپلەیەکی پووشی لە سەردا بوو، ساقۆیەکی سپی لە بەردا بوو، کاتژمێرێکی زێڕی،.. زریزەداری لە بەر باخەڵدا بوو، زیاتر لە خاوەن زەوی ئەچوو تا لە کابرایەکی کارگێڕ. بە دەنگێکی پڕ بەزەیی و هێمن کەرەوە ووتی:-

-[لەم جیهانەدا هەموو شتێ سیستەمی تایبەتی خۆی هەیە، (ئۆلگا سیمینۆڤا)* ئەگەر کەسێکی زۆر خۆشەویستمان ڕۆیشت و تیاچوو، ویستی خوای لەسەرە، پێویستە سەبووری خۆمان بدەین و ئەو یادگارە ناخۆشە لەبیر خۆمان ببەینەوە].

کە گەیشتینە دەروازەکەیان، کابرا یارمەتی ڕۆیشتنی لێ خواست. بە درێژایی ئەو ڕۆژە، دەنگە خۆشەکەی لە گوێیدا ئەزرنگایەوە. کە چاوی نوقاندو ڕیشە ڕەشەکەی هاتە بەرچاو، زۆری چووە دڵەوە. بێگومان ئەویش کاری تێ کرابوو، زۆری نەبرد پیرێژنێکی دراوسێی هاتە میوانی، هەر کە دانیشت باسی کابرای کرد:-

-[پیاوێکی ڕێك و پێك و بەهێزە، هەموو ئافرەتێك حەز بە هاوسەرێتی ئەکات].

سێ ڕۆژ دواتر هات بە میوانی، تەنها-دە- خولەك دانیشت، کەمیش قسەی کرد. بەڵام چووە دڵی ئۆلینکا-وە، بە قووڵی کاری لێ کردبوو، ئەوشەوە

---

* واتە ئۆلینکا

وەك تا-ی لێ هاتنبێ خەوی لێ نەكەوت. بەیانی ناردی بە شوێن پیرێژنەكەدا. زۆری پێ نەچوو شیرینی خورایەوەو زەماوەند كرا. وەك دوو هاوسەر ژیانیان بە ڕێكی و شادی ئەبردە سەر. هەموو ڕۆژێ پاش نیوەڕۆ كە لە باخچەكە ئەچووە دەرەوە بۆ ئیش و كار، ئۆلینكا- شوێنی ئەگرتەوەو تا ئێوارە ئەمایەوە تا چاودێری كاروباری مێردەكەی بكات. بە مامەڵەكەرانی ئەووت:-

-[سەیركەن ئێمە هەموو ساڵێ لەسەدا بیستی...

خەرجی ساڵی پێشو زیاتر ئەدەین بە تەختە، جگە لەوی ئەبێ فازیكا- بچێ بۆ ئەم لاو ئەولاو مەترسی ڕێی دێتە بەر]

دەم و چاوی بە لەپی دەستی داپۆشی و ووتی:

-[تەنگ و چەڵەمەو مەترسی ڕێگاش لەولاوە بوەستێ].

وای هەست ئەكرد ئەوەتی هەیە، هەر بە تەختە فرۆشی یەوە خەریكە. وای ئەزانی تەختە فرۆشی لە هەموو شتێكی جیهان گرنگترو پێویست ترە. زۆر شتی زیندوو ناسكی تیا دۆزیەوە وەك گووزە، كۆڵەكە، ڕایەڵی، تەلاش، سندوقی تەختە، هەڵگر، پارچە تەختە. شەوانەش خەوی بە شاخەكانی (ئوردو پلانك)ەوە ئەدی، كاروانی لە ژمارە نەهاتووی ئەبینی، كە لە شارەوە تەختەیان بار ئەكردو ئەیان برد بۆ شوێنە دوورەكانی جیهان. خەوی بەوەوە ئەبینی كە سیستەمی گووزە [28 پێ بە 6 گرێ]، زۆر ڕێك و پێكەو ئەوپەڕێتی. خەوی بەوەوە ئەبینی كە لە حەوشەی تەختە فرۆشەكایاندا پیاسە ئەكاو ئەبینێ گووزە و تەلاش و پارچە تەختەكان بە یەكدا ئەدرێن و بەرز ئەبنەوەو لە شوێنی خۆیان مت ئەبنەوە. دەنگێكی ڕەقی وەك پیاكێشانی تەختەی ووشك دروست ئەكەن. دەم و چاوی گرژ ئەكاو مێردەكەی لێ ئەپرسێ:-

-[چیتە ئازیز؟ نیشانەی خاچ دروست بكە].

مێردەكەی چی ئەووت، ئەمیش ئەیووتەوە وەكو بیروڕای خۆی، بۆ نمونە ئەگەر مێردەكەی وا هەستی بكردایە ژوورەكە گەرمە، ئەمیش وای هەست

ئەکرد ژوورەکە گەرمە، ئەگەر وای هەست بکردایە ئیش و کار کزو هێواشە، ئەمیش وای هەست ئەکرد. مێردەکەی حەزی لە گەڕان نەبوو، ڕۆژانی پشوو لە ماڵەوە ئەمایەوە، ئەمیش لە ماڵەوە ئەمایەوە. خەڵکەکە پێیان ئەووت:-

-[تۆ هەمیشە یان لە ماڵەوەی یان لە سەر تەختە فرۆشتنی نە ئەچی بۆ شانۆ نە بۆ سێرك، بۆچی ئازیزەکەم].

ئەمیش وەڵامی ئەدانەوەو بە هێمنی‌یەوە ئەیووت:-

-[من و فازیکا-سەرقاڵین، کاتمان نی‌یە بە شتی پڕوپووچی وەك شانۆوە بە فیڕۆی بدەین شانۆ چ سوودێکی هەیە].

ڕۆژی شەمووان ئەچوون بۆ سەرژمێری ئێوارانە، ڕۆژانی پشوو ئەچوون بۆ کڵێسەو پێکەوە شان بە شانی یەك ئەگەڕانەوە، شادی لە دەم و چاویان ئەباری. بەیەك قایل بوون، جل و بەرگی ئاوریشمی وورشەداری لەبەرئەکرد. لە ماڵەوەش نان و چاو زۆر جۆر مرەبا-یان ئەخوارد، پاشان ئەکەونە نۆك خواردن. هەموو ڕۆژێ لە نیوەڕۆدا، لە... حەوشەکەیان دا، یان لە بەر دەروازەکەیاندا، یان لەسەر کار، بۆنی خۆشی (بۆرش) ئەهات. ئەوەش نەبوایە بۆنی (ڕۆست)و مراوی ئەکرا، ڕۆژانی چەژنیش بۆنی ماسی ئەهات.

کەس نەبوو بەلای دەروازکەیان تێ‌پەڕێ‌و دەمی ئاو نەکات. لەسەر ئیش کردنیش هەمیشە سەماوەرەکەیان گیزەی ئەهات، مامەڵەکەرانیشیان بانگ ئەکرد بۆ چا خواردن و چەرەس خواردن. هەفتەی جارێکیش ئەچوون بۆ گەرماو-شان بە شانی، بە دەم و چاوی سوور هەڵگەڕاوەوە ئەگەڕانەوە.

ئۆلینکا- بە هاوڕێکانی ئەووت:-

-[هەموو کارێکمان سازە، سوپاس بۆ خوا، ئاواتە خوازم هەمو کەسێ وەکو [من و فازیکا] بەختەوەر بن].

کاتێ فازیکا چووە دەرەوەی شار، بۆ تەختە فرۆشی، نامۆیی ئەکرد، شەو خەوی لێ نەئەکەوت و ئەگریا هەندێ ئێوارانیش [سمیرنین]ی کرێچی‌یان بانگ

ئەکردە لای خۆی. ئەویش بەیتالێکی سەربازی گەنج بوو. ئیتر پێکەوە یاریان ئەکردو ناموٚیی‌یەکەی ئەشکا. دڵی خۆی بۆ ئۆلینکا- ئەکردەوە، باسی خۆی بۆ ئەکرد. ژنی هێنابوو، کورێکیشی هەبوو، بەڵام لە ژنەکەی جیا بوو بۆوە گوایە لەبەر خانە گوومانی. ئێستا ڕقی لێ‌یەتی، بەڵام هەموو مانگێ (40) ڕۆبڵی بۆ ئەنێرێ تا کوڕەکەی باش بەخێو بکات. ئۆلینکا- گوێی لێ ئەگرت و جار جارە هەناسەی هەڵ ئەکێشا و سەری بائەداو بۆی بە داخەوە بوو. پێی ئەووت:-

-[باشە خوا بت پارێزێ].

کاتێ ئەیان کرد بە شەو، تاکو پێ پلیکانەکان بە مۆمێکەوە لەگەڵی ئەچوو، پێی ئەووت:-

-[سوپاست ئەکەم ناموٚیی‌یەکەمت شکاند، هیوادارم تەندروست بیت].

هەموو جارێ بەم شێوەیە وەکو لاسایی مێردەکەی بکاتەوە بە هێمنی و ژیری‌یەوە هەڵس و کەوتی ئەکرد، کە بەیتاڵەکەش دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە پێوەئەدا، بانگی ئەکردو ئەیووت:-

-[فلادیمێر، ئەزانی باشتر وایە ژنەکەت ئاشت بکەیتەوە، لێی ببورە هیچ نەبێ لەبەر خاتری مناڵەکەت، من دڵنیام ئەو مناڵە لە هەموو شت ئەگاو ئازاری پێ ئەچێژێ].

کاتێ فازیکا- گەڕایەوە، بە دەنگێکی نەرم هەموو شتێکی بۆ گێڕایەوە و باسی ناشادی‌یەکەی بۆ ئەکرد. هەردووکیان ئاهیان هەڵ ئەکێشاو سەریان بائەداو باسی مناڵەکەیان ئەکرد کە چۆن ناموٚیی باوکی ئەکێشێ. وەکو بیری یەکتر بخوێننەوە چوونە لای پەیکەرەکەو چۆکیان داداو دەستیان کرد بە نوێژ کردن و داوایان لێ ئەکرد سەرفرازیان کات. بەم جۆرە بە ئاشتی و خۆشی و هێمنی و خۆشەویستی‌یەوە بۆ ماوەی شەش ساڵ ژیان.

بەڵام ڕۆژێکی زستان پاش چا- خواردنەوەیەکی گەرم، فازیکا- چووە دەرەوە بۆ سەرپەرشتی بارکردنی پاپۆڕێ، تووشی لەرز بوو، نەخۆش کەوت،

باشترین پزیشکی هاتە سەر، بەڵام نەخۆشی‌یەکەی لێ پیس بوو پاش چوار مانگ مرد. ئۆلینکا– دیسانەوە بێوەژن کەوتەوە، کاتێ مێردەکەیان ئەناشت بە ئەوپەڕی لاواندنەوە ئەیووت:–

–[ئێستا ڕوو بکەمە کێ، چۆن بتوانم بێ تۆ بژیم، بۆ منت بە دڵ شکاوی و ناشادی‌یەوە بەجێ هێشت؟ بۆچی مرۆڤی باش زوو ئەچێتە بارەگای خوا؟].

جلی ڕەشی پۆشی. پوزەوانەی سپی و تەپلەو دەست کێشی لەدەست نەئەکرد. زۆر بە دەگمەن ماڵی بەجێ ئەهێشت، تەنیا جار جار لەگەڵ چێشتەکەرەکەیان دا ئەچووە بازاڕ جگە لەوە مەگەر بۆ کڵێسە یاخود بەسەر گۆڕی مێردەکەی بچوایە. لە ماڵیشەوە وەکو (زێوان) ئەژیا. پاش شەش مانگ جلە ڕەشەکانی داکەندو تازێ–باری‌یەکەی شکاند، کەس نەیئەزانی چۆن ئەژی و چی لە ماڵەکەی ڕوو ئەدات، ئەوەشی لە بارەیەوە ئەوترا لەسەر ئەوەندە بەند بوو لەگەڵ... بەیتاڵە سەربازەکەدا دیبوویان لە باخچەکەدا دانیشتبوون، کابرا ڕۆژنامەی ئەخوێندەوە، چا–یان ئەخواردەوە. جارێکیش پێکەوە لە پۆستەخانە دیبوویانن، گوایە ووتبووی:–

–[سەرپەرشتی کەرێکی بەیتاڵی ڕاستەقینە لە شارەکەماندا نی‌یە، بۆیە نەخۆشی بڵاوە، تۆ زۆر جار ئەبیستی خەڵکی لە شیرەوە، یان لە مانگاو ئەسپەوە نەخۆشی ئەگرن. ئەگەر باش لێی بکۆڵیتەوە پێویستە گرنگی بە تەندروستی ئاژەڵە ماڵی‌یەکان بدرێ تا تەندروستی مرۆڤ مسۆگەر بکرێ].

ئێستا لاسایی قسەکانی بەیتاڵەکە ئەکاتەوە. بیری لەو شتانە ئەکردەوە کە ئەو ئەیکردن. وا دەرئەکەوێ نەتوانێ تەنیا یەك ساڵ بە بێ پەیوەندی بژی. شادی‌یەکی نوێی لە کرێچی‌یەکەی‌دا بەدی ئەکرد. ئەگەر ئافرەتێکی تر ئەمەی بکردایە ڕەخنەی لێ ئەگیرا، بەڵام ئۆلینکا لێی ناگیرێ. چونکە بە ڕاستی کڵۆڵ و بەدبەخت بوو. کەسیان باسی گۆڕانی پەیوەندی نێوانیان بۆ خەڵك نەئەکرد، هەوڵیان دا بیشارنەوە، بەڵام سەرنەکەوتن. ئۆلینکا نەیئەتوانی

نهێنی بپارێزێ، که بەیتاڵەکە میوانی ئەهات، چای بۆ تێ ئەکردن و خواردنی بۆ ئەهێنان و باسی چاوە قووڵەی ئاژەڵ و نەخۆشی تووتی و قەسابخانەکانی بۆ ئەکردن. کابرا زۆری پێ ناخۆش بوو، کاتێ کە میوانەکانی ئەڕۆیشتنە شانی ئەگرت و بە پەستیيەوە ڕای ئەوەشاندو ئەیووت:-

-[چەند جارم پێ ووتی خۆت لە شتێ هەڵ مەقورتێنە کاری تۆ نەبێ، باسی شتێ مەکە کە تێی ناگەی، بە ڕاستی شتێکی ناشیرینە].

ئەمیش بە سەرسوڕماوی‌یەوە سەیری ئەکردو ئەیووت:-

-[بەلام ئەی باسی چی بکەم؟].

فرمێسکی لە چاو ئەباری، تکای لێ ئەکرد زویر نەبێ، ئاشت ئەبوونەوە. بەلام ئەم بەختەوەریی زۆری نەکێشا، کابرای بەیتاڵ ڕۆیشت و نەگەڕایەوە. چوو بۆ شوێنێکی تازە. دووبارە ئۆلینکا- تەنها مایەوە.

لە مێژە باوکی مردووەو کورسی‌یەکەی لە ژووری نەختینەدا تۆز گرتوویەتی و پێچکەیەکی شکاوە. ئۆلینکا- تا ئەهات لاواز ئەبوو، دیدەکانی نەئەبریسکایەوە و ڕێبوارەکان وەکو لەوەو پێش سەیریان ئەکردو زەردەخەنەیان بۆ نەئەگرت، بێ‌گومان ساڵە خۆشەکانی ژیانی بەسەر چوو، قۆناغێکی تری ژیانی دەست پێ کرد، قۆناغی نامۆیی، بیرکردنەوەی نەمابوو. ئێواران لەناو جۆلانەی باخچەکەدا، دائەنیشت و گوێی لە شانۆکانی [تیڤۆلی]و ئەو ڕۆکێتانە ئەگرت کە دەرئەچوون بۆ ئاسمان. بەلام ئەمانە هیچ ماناکایەکیان لا نەئەبەخشی و نەیان ئەجوولاند، لە باخچەکەدا ئەبلەق بوو بوو، بێ ئەوەی بزانێ لێ چی ئەڕوانێ.

شەوانەش خەوی بە باخچە چۆڵەکەوە ئەدی. نانی ئەخوارد بەلام بە شێوەیەکی خۆنەویستانە. لە هەموو شتێ خراپتر ئەوەبوو نەیئەتوانی بیر لەو شتانە بکاتەوە کە لە دەوروبەری خۆی ئەیبینین. نەیئەزانی باسی چی بکات، چەند شتێکی سامناکە کە نەتوانی بیر بکەیتەوە، بۆ نموونە (شووشە، باران

بارین، جووتیارێك گالیسكه لێ ئـهخورێ) نەیئـەزانی شوشـه بـه كـەڵكی چـی دێت؟ یان باران بۆ ئەبارێ یا جووتیار بۆ گالیسكه لێ ئەخورێت، بەڵام كاتێ- كۆكین- و-ڤانیكا- مابوون یان كه بەیتاڵەكه لەوێ بوو بیری له هەموو شتێ ئـەكردەوەو هـەژدە هـەژدە قسـەی ئـەكرد. بـەڵام ئێسـتا دڵـی نـامۆی وەك باخچەكەی چۆڵە، تامی هەموو شتێكی له دەما تاڵە.

زۆری نەبرد شارەكه به هەموو لادا فراوان بوو، ڕێگای قەرەجان-ی جاران، ئێستا بۆتـه شـەقامێكی ڕێـك و پێـك (تیڤـۆلی)و خانووەكـانی دەورووپشـتی نـەماون، ئـای كـه كـات بـه خـێرایی ڕائـەبوورێ و بەسـەر ئـەچێ. ئێســتا خانووەكەیان داڕووخاوەو بنمیچەكەی له زۆر لاوە داخزاوەو بنمیچەكەی له زۆر لاوە داخزاوەو باخچەكەی بووە به گیاكەڵە، (ئۆلینكا)ش چۆتە تەمەنەوەو ئێسـتا سـەرە ژنـە. هاوینـان لـه جۆلانەكـەدا، دائەنیشـت و هەسـتی بـه نامۆیی‌یەكی قورس و تاڵ ئەكرد. زستانانیش له پەنجەرەكەدا، دائەنیشت و له بەفر بارین وورد ئـەبووەوە سەرەتای بەهارانیش كه شنەبا دەنگە دەنگـی كلێسەی پێ ئەگەیاند، یادگارەكانی ئەژیانەوەو دڵی ئەگوشرا بزەیـەك سـەر لێوەكانی ئەگەشانەوەو فرمێسك ئەزایە چاوەكانی. ئەمەش ماوەیەكی كورتی ئەخایاندو دووبارە ئەكەوتە نـاو نامۆیەكەیـەوە. پشیلە ڕەشـەكەی ئەهاتـە لایەوەو خۆی تـێ هـەڵ ئەسوو، بـه نەرمی‌یـەوە خنگـەی ئـەهات بـەڵام ئەمە نەیئەجووڵاند، چونكه پێویستی بەمە نەبوو، پێویستی به هەست و سۆزێك بوو هـەموو بوونـی بگرێتـەوە، هەسـتی بیركردنـەوەی بداتـێ و سـەری چۆڵـی پڕكاتـەوەو هیوایەكی بداتـێ له ژیـان داو خوێنـه ساردەكەی گـەرم بكاتـەوە. پشیلەكەی له باوەشدا ئەلاواندەوەو ئەیووت:-

-[ختە، خت.. خت پیاما مەنووسێ].

ڕۆژان و مانگان و ساڵان تێپەڕین و بیرۆكـەیێ مێشكی ڕۆشن نـەكردەوە. ئێوارەیـەكی گـەرمی مـانگی شـەش لـەو كاتـەدا ئـاژەڵ بـەرەو مـاڵ ئەبێتـەوە،

کۆزەکان پڕ ئەبوون لە تەپ و تۆز یەکێك لەپڕ لە دەرگای‌دا، ئۆلینکا خۆی چوو بیکاتەوە، سەری سوڕماو زمانی شکا، (سیمرین)ی بەیتاڵ لە بەر دەرگاکەدا ڕاوەستابوو، جلێکی شاری‌یانەی لەبەردا بوو، ڕەنگی خۆڵەمێشی لێ نیشتبوو، ئۆلینکا ژیانی ڕۆژانی ڕابردوووی هاتەوە بەرچاو. خۆی بۆ نەگیرا دایە پرمەی گریان. سەری کردە سەر سنگی و نەیان زانی چۆن هاتنە ژوورەوەو چۆن کەوتنە چا- خواردنەوە. بە شادی‌یەوە مینجە مینجێکی کرد:-

-[ئازیزەکەم ڤلادیمێر چی تۆی هێناو چۆن هاتیتەوە].

ئەویش ووتی:-

-[لە سەربازی کار کەنار کراوم و هاتوومەتە ئەم شارە بۆ خۆم کاربکەم و کوڕەکەشم بخەمە بەر خوێندنی باڵا. پێم نەووتی؟! لە مێژە ژنەکەم ئاشت کردۆتەوە!].

پرسی:

-[لە کوێیە؟!]

-[لەگەڵ کوڕەکەم دا لە ئوتێلە، هاتووم خانویەکیان بۆ بەکرێ بگرم].

ئۆلینکا ووتی:

-[شتی چاکە ڤلادیمێر،ماڵەکەی منتان پێشکەش بێ، پێویست ناکات بە دوای خانوودا بگەڕێی].

بە دەم و لێوێکی لەرزۆکەوە دەستی کردەوە بە گریان ووتی:-

-[ئێوە لێرەدا بژین، منیش لە کوچەیەکی‌دا جێم ئەبێتەوە، پارەشتان لێ ناسەنم، ئای خوایە، بە ڕاستی من دڵشادم].

بۆ سبەینێ کەوتنە بۆیە کردنەوەی بنمیچ و سپی کردنەوەی دیوارەکان، ئۆلینکا-ش بە زەردەخەنەکەی جارانی‌یەوە، کەوتە ئەمسەرو ئەوسەر کردن و سەرکاری کردنیان، ئۆلینکا- وەکو لە خەوێکی دوورو درێژ بێدار بوو بێتەوە، زیت بووەوە، ژیایەوە. ژنی بەیتاڵەکە سەرە ژن و لاوازو قژ بژ بوو. (ساشا)ی

کوڕی لەگەڵدا بوو تەمەنی دە ساڵان بوو، بزێوو چاوەکانی شین و گەش بوون. هەر کە پشیلەکەی بینی بە دوایدا ڕایکردە ناو باخچەکەوە، زۆری نەبرد خۆشی و شادی و چالاکی هەموو لایەکی گرتەوە، پێکەنینەکەی شادی ئەبەخشان، لە ئۆلینکا-ی پرسی:-

-[پوورێ ئەمە پشیلەی تۆیە، دایکم زۆر لە مشك ئەترسێ، ئەگەر بەچکەی بوو، بەچکەیەکم بدەرێ].

ئولینکا- کەوتە دواندنی، پاشان چای دایە. لە پڕ دڵی گەرم بووەوەو بە خۆشییەوە گرژ ئەبوو، هەروەکو (ساشا) منالی خۆی بێت. ئێوارەش، کە منالەکە دانیشت بۆ نووسینەوەی وانەکانی، بە دڵنەرمیو بەزەییەوە لێی وورد ئەبووەوە، بە دەنگی نزم پێی ئەووت:-

-[ئازیز شۆخ و شەنگەکەم، بچکۆلەکەم، چەند زیرەکی!].

لەبەر خۆیەوە دەستی کرد بە خوێندنەوەی کتێبەکەی:-

-[دوورگە: پارچە زەوییەکە هەمو لایەکی بە ئاو گیرابێ] .

ئۆلینکا وەکو بیرۆکەیەکی بۆ هاتبێ ووتی [دوورگە پارچە زەوییەکە...]

بەڵێ ئەمە یەکەم بیرکردنەوەی بوو پاش ساڵانێکی بێ دەنگی و سستی مێشك. ئێستا توانای بیرکردنەوەی هەیە، کاتی نانی ئێوارە کەوتە ئاخاوتن لەگەڵ دایك و باوکی (ساشا)دا، لە بارەی گرانی خوێندنی باڵا بۆ منالان، بەڵام هەرچۆنێ بێ خوێندنی کلاسیکی لە خوێندنی زانستیانە باشترە چونکە خوێندنی کلاسیکی هەموو دەرگایەکت بۆ ئەخاتە سەر پشت، بەڵام خوێندنی زانستیانە وات لێ ئەکات یان ئەبیتە (پزیشك) یان (ئەندازیار).

(ساشا)، ئەچوو بۆ قوتابخانەی باڵا، دایکی چوو بۆ (خارکۆف) بۆ دیدەنی خوشکەکەی، وا بە زوویی نایەتەوە هەموو ڕۆژێ باوکی شار بە جێئەهێڵێ بۆ پشکنینی مۆڵگەکان، زۆرجار دوو تا سێ ڕۆژی پێ ئەچوو. ئۆلینکا-وای

هەست کرد–ساشا– یان پشت گوێ خستووە و بە تەنگی‌یەوە نین، برسی ئەبوو، لەبەرئەوەی بردی‌یە لای خۆی ژوورێکی بچکۆلەی بۆ ئامادە کرد، کاتێ خەوتووە، دەستی خستۆتە ژێر ڕوومەتی‌یەوە، لەسەرخۆ هەناسە ئەدات، بەڵام بە داخەوە ئۆلینکا– ئەبێ هەڵی بستێنێ، بۆیە بە خەفەتباری‌یەوە ئەیووت:

–[شاسا– هەستە دڵەکەم، کاتی قوتابخانە هاتووە].

هەڵ ئەستێ، خۆی پۆشتە ئەکاتەوە، نوێژ ئەکا، دائەنیشێ بەرچا–یی بکاتەوە. سێ پەرداخ چا– ئەخواتەوە، دوو پارچەی گەورە نان و کەرتێ–کەرە–ی فەرەنسی ئەخوات هێشتا خەواڵووە، پاشان نیشانەی خاچ دروست ئەکا. ئۆلینکا– هەروەکو پاش ئامۆیی‌یەکی درێژ دیبێتی، لێی وورد ئەبێتەوە و ئەڵێ:–

–[ئینجیل–ت لەبەر نەکردووە ساشینکا، بەمە دوو دڵ ئەبم، پێویستە باش کۆشش بکەیت، باش گوێ بگرە لە مامۆستاکانت، ئازیزەکەم باش بخوێنە].

ساشا ئەیووت:–

–[تکایە وازم لێ بهێنە].

ئەمە ئەڵێ و بە پێ‌پلیکانەکاندا ئەڕواتە خوارەوە بۆ قوتابخانە، تەپلەیەکی گەورەی لەسەردایە، کتێبەکانی لە جانتاکەی کۆڵیایەتی، ئۆلینکا– بەبێ وورتە دوای ئەکەوێ. بانگی ئەکات، (ساشینکا) ئاوڕ ئەداتەوە، ئەمیش دەنکێ خورمان یان چنگێ مێووژ ئەخاتە دەستی‌یەوە، کە ئەگەنە سنووری قووتابخانە، ئەو شەرم دای ئەگرێ، کە ئەم کەڵە ژنەی لەگەڵدابێ، خۆ مناڵ نی‌یە، سەیری دەورووپشتی خۆی ئەکاو ئەڵێ:–

–[ئیتر خۆم ئەتوانم بە تەنیا بڕۆم، باشتر وایە تۆ بگەڕێیتەوە].

ڕائەوەستێ و لە دواوە لێی وورد ئەبێتەوە تا لە بەرچاو نامێنێ و ئەچێتە ژوورەوە. نە دایکی و نە باوکی هێندەی ئەم خۆشیان نەئەویست و هیچ پەیوەندی‌یەکی لەوەوپێشی هێندە قووڵ و گەرم نەبوو.

هەرگیز لەوەو پێش گیانی هێندە گیرۆدە و شاد نەبووە، هێندە خۆشی لە پەیوەندی‌یەکانی تر نەبینیوە، ئێستا هەستی دایکێتی تیا ژیاوەتەوە بەرامبەر ئەو منداڵە بچکۆلەیەی کە هی خۆی‌نی‌یە. دەم و چاوی ووردیلانەیی‌و تەپلە-زلەکەشی خۆش ئەوێ. ژیانی خۆی بۆچی تەرخان کردووە؟ ئایا ئەم ژیانەی شادی ئەکات یان چاو بە فرمێسکی ئەکا؟ بۆچی، کێ ئەزانێ، بۆچی؟

بە بینینی ڕۆیشتنی ساشا بۆ قووتابخانەو کاتێ لەسەرخۆ ئەگەڕایەوە، هێمنی و شادی، خۆشەویستی لە چاوەکانیا ئەبینرا، لەو شەش مانگەدا ڕەنگی لاوێتی لێ نیشتبۆوە، کە خەڵکی ئەیان بینی و تێڕوانینیان سەریەك ئەکەوت ئەیان ووت:-

-[بەیانیت باش، ئۆلگا سیمینوڤنا-ی ئازیز، ئازیز چۆنی، باشی].

بە دەم شت کڕینەوە ئەیووت:

(خوێندنی قوتابخانەی باڵا زۆر قوورسە بۆ منداڵان. سەیرکە دوێنێ وانەی یەکەم، لەبەرکردنی ئینجیل- یان هەبوو. بەرچڤەی لاتینی و چەند پرسیارێکیان داونەتێ بۆ ئەرکی ماڵەوە، بە ڕاستی ئەمە زۆرە بۆ منداڵێکی بچووك).

پاشان باسی مامۆستاو وانەو کتێبەکانی ئەکرد، بەو شێوەیە باسی ئەکردن کە ساشا باسیان ئەکات. کاژێری سێ نانی نیوەڕۆ ئەخۆن، ئێوارەش پێکەوە خەریکی وانەکانی ئەبن. کە ئەیخستە جێگەوە، ماوەیەکی زۆر لە سەرسەری نوێژی ئەکردو نیشانەی خاچی دروست ئەکرد. پاشان ئەچووە جێی خۆی‌و بیری لە داهاتوویەکی دوورو نادیار ئەکردەوە، کاتێ کە ساشا خوێندن تەواو ئەکاو ئەبێتە دکتۆر یان ئەندازیار، خانوویەکی گەورەی ئەبێ،

گالیسکەو ئەسپی ئەبێ‌و ژن ئەهێنێ و ئەبێتە باوك. ئۆلینکا- خەوی لێ ئەکەوێ، لە خەویش دا هەمان شت ئەبینێتەوە، فرمێسکەکان لە چاوە لێك نراوەکانی‌یەوە بەسەر ڕوومەتیا خلۆر ئەبنەوە. پشیلە ڕەشەکەشی لە تەنیشتی‌یەوە پاڵ کەوتووە ئەپرمێنێ (پڕ، پڕ). لە پڕێکا بە توندی لە دەرگا ئەدرێ. ئۆلینکا بێدار ئەبێتەوە، هەناسەی سوار ئەبێ، ئەترسێ، دڵە کوتێ‌ی پێ ئەکەوێ. پاش نیو خولەك بە توندی لە دەرگا ئەدرێتەوە، لە دڵی خۆیدا ئەڵێ:

[ئەمە بروسکەیەکە لە خارکۆف-ەوە]. هەموو گیانی ئەلەرزێ

[ئۆ خوایە، دایکی ساشا، لە خارکۆف-ەوە ناردوویتی]

هێندە تۆقیوە، دەست و سەرو قاچی سارد ئەبێتەوە، وا هەست ئەکات ناشادترین ئافرەتە لە هەموو جیهان دا. پاش خولەکێك دەنگێ دێت، دەنگی کابرای بەیتاڵە لە-یانە- گەڕاوەتەوە. لە دڵی خۆی‌دا ئەڵێ [باشە، سوپاس بۆ خوا]. وردە وردە دڵی دێتەوە سەر خۆی و هێمن ئەبێتەوە، ئەگەڕێتەوە ناو جێگاکەی، بیر لە (ساشا) ئەکاتەوە، ئەویش ئێستا لە ژووری ئەودیو خەوتووە، شتێ لە خەوەکەی‌دا ئەقریشکێنێ و ئەڵێ: [باشە، ڕووت گرژ مەکە، ئەت دەمێ، شەڕی ناوێ].

# جوانە مەرگ بوو

لوریل ئەلیسن

خرتەو فرتەی مشکی بنمیچەکە-لینی- یان بێدار کردەوە، باوێشکێکی داو خۆی لەسەر جێگە گەرم و نەرمەکەی ڕێك کردەوە، سەری کردە سەر پشتی‌یە ساردەکە. سەرما پێستی شین هەڵگەڕاندبوو، یەخەی ڕۆبەکەی کرابۆوە، قۆپچەکانی داخست، بەڵام هێشتا هەر سەرمای بوو. قاچی خستە ناو لۆچی داوێنی ڕۆبەکەیەوە و لێی پاڵکەوت، خرتەو فرتەی مشکەکان نەما. لینی لە دڵی خۆی‌دا ووتی:-

-[مشکیش تاوێ ئەخەوێ].

چاوی بە ژوورەکەدا گێڕا، سەرنجی ئەو سووچە تاریکەی‌دا کە دوو خوشکەکەی لێی خەوتبوون.-مارت-ی خوشکی هەنسکێکی هەڵکێشاو تلێکی‌دا.-ڕۆبی- جووڵەی لێ نەئەهات. لینی- حەزی ئەکرد مشکەکان بکەونەوە خرتەو فرتە، ماڵەکە هێندە خامۆش و تاریك بوو، خورپەی ئەخستە دڵی مرۆڤەوە. پەڕۆیەکی لە ملی‌یەوە پێچاو پاڵ کەوتەوە. دەنگی سپرینگی چەرپایەکەی دایك و باوکی لە ژوورەکەی تەنیشتەوە نەهات. [هەمو کەس خەوتوون، هەر من بێدارم]، سەیرێکی خوشکەکانی کردەوە، لە دوو بارستە تاریکی ئەچوون لە سێبەری پەردەی پەنجەرەکەدا. هەوا شێدارەکە یەقی بە پێخەفەکەی کردبۆوە. مارت- لەوەوبەر ئەیتوانی وەکو ئەم لە ناو جێگەدا تل بدات، بەڵام لە حوزەیرانەوە کە تووشی ئیفلیجی بووە، بە ئاستەم ئەتوانێ بجوڵێ. لینی- ئەوەی هاتەوە یاد کە چۆن دکتۆرەکەیان بانگ کرد بۆ ئێرە تا چاوی بە مارت- بکەوێ. بە دەنگە ویزەیی‌یەکەی بە دایکی ووت:-

-[ئیفلیجی‌یەکەی سەخت نی‌یە، بەڵام ئەبێ چەند ئەزموونێکی بە سەردا بکەم].

هەر سەیری لینی-یش نەکرد، کە ڕۆیشت ماڵ ئاوایی لێ نەکرد، کەس هەستی بە بوونی ئەو نەکرد.

بێگومان دایکی سەری قاڵ بوو، ڕۆبی- کە دوو ساڵ لەم گەورەتر بوو یاریدەی دایکی ئەدا بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کاری ناوماڵ. هەموو شەوێ کە باوکی لە جەنگەڵەکە ئەهاتەوە، بێئەوەی ئەم بدوێنێ، یەکسەر ئەچوو مارت- ببینێ. دوای نانی شێوانیش خەریکی ئەو ڕاپۆرتاجانە بوو کە ئەم ئەیزانی باوکی ئەیخاتە ئەو سندووقەوە کە لێی نووسراوە (مەڵبەندی سەرەکی کاروباری زەوی). حەزی ئەکرد باوکی هێندە خۆی ماندوو نەکردایە و ڕۆبی- وا بە گورج و گۆڵی کاری نەکردایە و دایکی ڕێی بدایە مارت- ببینێ. ئێستا مارت- باشترە، بەڵام هێشتا زۆر نازی ئەکێشن، لینی- بە بیریدا نایەت هەرگیز ئەمیان ئەوەندە خۆش ویستبێ. هیچ شتێکی وای بەسەردا نەهاتووە، تا بۆی بەداخەوە بن و نازی بکێشن. لەپڕ لە جێگەکەیدا ڕاست بۆوە ووتی:-

-[ئەوا ئەمرم]

سەرماکە هێنابوویە لەرزین، هەستایە سەرپێ، دانەتەقێی پێ کەوتبوو، دوو جار لەژێر لێوەوە ووتی:-

-[مردن لە ئیفلیجی گرنگترە، ئەوا بە ئازایی ئەمرم].

پاڵکەوتەوە، ئەوەی هاتەوە بەرچاو، خەڵکی لەشین و ماتەکەیدا کۆئەبنەوە، ئەگرین و ئەڵێن:

-[تازە تەمەنی بوو بووە دە ساڵ و نیو، جوانەمەرگ بوو]

خۆی وەك کیژێکی جوانکەلە هاتە بەرچاو کە چۆن لەناو داری مردوویەکدا درێژ بووە کە لە مەرمەڕو ئاوریشم و دانتێل دروست کراوە. زەردەخەنەیەکی شیرین و بە جەرگی بەسەر لێوەوەیە، دەم و چاوە سپی و قژە

هەنگوینی‌یەکەی هاتە بەرچاو. دایکی دێتە پێشەوە، سەیری زەردەخەنەی کچەکەی ئەکات و ئەڵێ:-

-[زۆری بە ئازایی مرد].

باوکی دەستەسڕێکی ووشك ئەدات بە دایکی.

لینی- بیری کردەوە:-

-[باشتر وایە ڕاسپاردەیەکیان بۆ بنووسم، لەجیاتی گوڵ ئەلبوومی ئەسپ و کتێبەکانم بخەنە باوەشمەوە].

هەولیدا خۆی گەرم بکاتەوە، فرمێسك بە ڕوویدا خلۆر بۆوە. بەلام نەئەگریا، دەم و چاوی ئەیەشا. کە سپێدەی دا، هێشتا ماڵەکە زۆر تاریك بوو. لینی- سەرنجی ئەو سێبەرانەی ئەدا کە سووچ و قەراغی دیوارو سەربانەکەیان دروستیان کردبوو. ڕەنگی ماڵەکەیان خۆڵەمێشی بوو. ئەم ڕەنگەی بەدڵ بوو، چونکە لە ڕۆژدا وای لە سەرچەفە سوورو زەردەکەی ئەکرد زیاتر لە بەرچاو بن. ئەو چەپکە لۆپین و گوڵە خەنە کێویلەیەی دوێنی لە گوڵدانەکەدا دانابوون، ئێستا سیس بوون و سەریان بەلای پەردەی کاڵی پەنجەرەکەدا خوارکردۆتەوە. حەزی ئەکرد مارت- بێدار بێتەوەو کەمێ پێکەوە قسە بکەن، لەوانەیە مشکەکانیش بزانن ئەم خەریکی مردنە، دەنا بۆ وا بێ خرتەو فرتەن. کێ لە کاتی مردنی مرۆڤە دا یاری ئەکات.

هاتە خوارەوە، لەژێر جێگەکەیدا بە دوای پاپ [illegible] زەردو سوورەکانیدا گەڕا، تەڕ بوو بوون، لە تەختەی زەوی ژوورەکە ساردتر بوون. خۆی بەرز کردەوە، سەرپۆشەکەی لە سەر قەرەوێڵەکە هەڵگرت و بەرەو دوو قەرەوێڵەکە ڕۆیشت. خۆی بەسەر مارت-دا چەماندەوە تا بێداری بکاتەوە، دانیشت پاڵیدا بە دیوارەکەوە. دەستی هێنا بە دەم و چاوی مارت-دا، چاوە قاوەیی‌یەکانی کردەوە، نوقاندی‌یەوە لینی بە چرپە ووتی:-

-[مارت- ئەوا من ئەمرم].

مارت- بە سرپە وەڵامی دایەوە:-

-[لینی- هەمو کەس ئەمرێ، بچۆرەوە جێگەکەی خۆت].

-[نەخێر ناچم] .

-[بێدەنگ بە].

ڕۆبی- هەڵ ئەستێنێ:

-[گوێ بگرە، ڕۆبی- دەستی شکا، باوکم دانیکی لای ئەو دانسازە سەرخۆشە دەرهێنا، دایکم بە منالی تووشی هەوی سی‌یەکان بووە، تۆش، تۆش کە سالێ لە من منالتری تووشی گۆجی بووی].

پرچی لای ڕاستی توند ڕاکێشا، لە سەرمایا خۆی خزانە پاڵ مارت- تاکو گەرمی بێتەوە.

-[هێشتا هیچی خراپ بەسەر مندا نەهاتووە].

چاوەکانی پڕ بوو لە فرمێسک:-

-[سەیرکە خوا منی بۆ شتێکی زۆر خراپ هەڵ گرتووە، چ شتێ لە مردن خراپترە؟].

مارت- ئەبلەق بوو.

-[ڕاست ئەکەی من بیرم لەمە نەکردبۆوە].

دەنگی نزم کردەوە:-

-[لین، بە تەمای کەی بمری؟]

چاوی بە کراسەکەی سڕی:-

-[لەوانەیە ئەمڕۆ، لە وانەیە ئێستا.]

-[باشە، کەواتە با بخەوینەوە، ناتوانین نەهێڵین بمری].

مارت- پاڵ کەوتەوە باوەشی کرد بە لینی-دا.

-[هەر ئێستا دێمەوە].

له جێگاکەی دەرپەڕییە دەرەوە، لەسەر نووکی پەنجە بەرەو دەرگا تەختە خۆڵەمێشـییەکە ڕۆیشـت، کردییـەوە. بـەپێ پلیکانـە چیمـەنتۆکاندا چـووە خوارەوە.

خـۆر هـەڵ نـەهاتبوو، سەرپۆشـەکەی لـە خـۆی کـردەوە، پرچـەکانی بەربوونەوە، بەسەر ڕێگاکەدا بەرەو سەر ئاوەکە ڕۆی. خڕکە بەردە بچووکەکان و پارچەی ڕەقی کولێرە چەورەکەی دایکی کردبووی، بەسەر ڕێگاکەدا بڵاوبوو بوونەوە.

مشتێ کشمیشی هـەڵخراوی هـەڵگرت، دەستی کـرد بـە خواردنـی، چـەند شیرین و فرە ناوك بـوو. بـۆ یەکـەم جار سـەیری خـوارەوەی چیاکـەی کـرد، دۆڵەکـە بـە تـەمی سـپی و بـۆر داپۆشـرابوو. چـەند شـلکە گیایـەکی سـپی و پەمەیی سەریان لە زەوییەکە دەرهێنا بوو.

لینی چوونە سەر ئاوەکەی لـەبیر نـەما، سێ پلـەی پـەیژە- دارینەکە هاتە خوارەوە بەناو گژوگیا ئاونگ دارەکە تا ناوەڕاستی مەزراکە ڕای کرد. کـەمێ وەستا، مردنیلـەبیر نـەما، باڵی بڵاو کـردەوە، بەوپـەڕی توانایـەوە بـە دەوری خۆیدا خولایەوە. ڕۆبەکەی تا سەر ئەژنۆی تەڕ بوو، لە قول و قاچی ئـاڵا. دەستی کـرد بە پێکەنین، پرچـەکانی خست بـە پشـتیدا، لەسـەرخۆ هـەوڵی گرتنی تەمەکەی دەوروبەری ئەدا. لە دڵی خۆیدا ووتی:-

-[هەرگیز هەوڵی گرتنی تەمم نەداوە].

لە پێکەنین کەوت؛

-[ئەمە دوا جارمە ئیتر ناگەم تەم بگرم].

وەرچەرخا، بەرەو ڕێگاکە گەڕایەوە [زۆر ساردە].

بەرەو پەیژەکە چوو، سەرپۆشـەکەی لە خۆیـەوە پێچا. لەسـەر دوا پلـەی پەیژەکە دانیشت، سەرنجی تەم و تەختایی-فلادلفیا-ی ئەدا.

-[لەوانەیە ئاسمانیش وابی].

ڕۆبە تەڕەکەی لە لاقەکانی دوور خستەوە، تەڕاییەکە گوڵە بنەوشەییەکەی سەر ڕۆبەکەی مۆر هەڵگەڕاندبوو. بە دەنگی بەرز ووتی:-

-[لەوانەیە ئێستا من لە ئاسمان بم و بە خۆم نەزانم].

خۆی گرموڵە کرد، سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد.

-[کە هاوینان دێین بۆ ئێرە، دایکم ئەڵێ ئێرە ئاسمانە، بەڵام ئێرە ئاسمان نییە، ئاسمان کەی مێرووی لێیە؟].

هەستایە سەر پێ، کەمتر هەستی بە سەرما ئەکرد، لە لای پێی پەیژەکەدا، گوڵە بەهارەیەکی زەردی بچووك خۆی بۆ ژووانی خۆر قیت کردبۆوە. لینی-لێی وورد بۆوە تاکو پەڕە پچکۆلەکانی سەرەیان کرد بە یەکداو قوچەکێکی نەرمی بچووکییان پێك هێنا. لە دڵی خۆیدا ووتی:-

-[ئەوا مرد، تەنیا یەك شەو ئەژی، ئەوا مرد].

پرچەکانی هەڵدایە پشتیو بە خەمناکییەوە سەری پرچی خستە ناو دەمی، تامی سرکەو شامپۆی-ودبەری- ئەدا.

شنە با-یەك هەڵی کرد، شلکە گیاکانی شنانەوە بەرەو ماڵە بۆرە سەوز باوەکە چوو. هەستایە سەر پێ، سەرپۆشەکەی لە خۆی ئالاند، چووە ناو مەزراکە، دەستی ڕاستی بەرەو لای تەمەکان ڕاکێشا کە کەوتبوونە جووڵە. ووتی:-

-[من کابانی ماڵم، بە ئازاییەو، بەرەو ڕووی مەرگی ڕەزا تاڵ ئەبمەوە].

فرمێسك زایە چاوەکانی.

[کابانیش ئەگری]

بە پەیژەکەدا سەرکەوت، ملی ڕێگاکەی گرت،

هەندێکی تر کشمیشی هەڵ گرت:-

-[لەوانەیە نەگەم جارێکی تر کشمیش بخۆم].

بە پردەکەدا پەڕییەوە و خۆی کرد بەماڵەکەدا. ڕۆبە تەڕەکەی داکەند، بەسەر قەڕەوێڵەکاندا هەڵی خست. پاپووجە سوورەکانیداکەند، بەسەر- مارت- چەمایەوە خۆی خزانە پاڵیەوە لە جێگە گەرمەکەدا مت بوو.

نزیکی چێشتەنگاو، دایکی لە بەردەم ماڵەکەیاندا، لە سەر پارچە تەختەیەك لینی- دانا بوو، قژی بۆ ڕێك ئەخست. -تیم مۆرتینسن-ی بە ساڵا چوو بە سواری (ماین)ە سوورەکەی کە ناوی-ڕاچل- بوو هات بۆ لایان، ئەیویست لە تەلەفوونەکەی- کاروباری جەنگەڵەکان-ەوە تەلەفوون بکات، کە لەناو سندووقێکی ئاسن دا بەلای دەرگاکەی ماڵی ئەماندا هەڵواسرا بوو.

قژی-لینی- هێندە شانە کردبوو، تاڵەکانی وەکو ئاوریشم بەسەر شان و دەم و چاویدا پەخشابوون، کە خۆرەکە لێی ئەدا وەکو چەپکێ تاڵی مسین ئەبریسکایەوە.

-لینی- لە بیری ئەوەدا بوو، تۆ بڵێی وەکو [ئینجیل] ئەڵێ لە بەهەشت دا پێویستە سەرپۆش بدەن بە سەرداو ئەم بسکە بشارنەوە. گەر وابێ ئەوا بەرەو دۆزەخ دائەبەزێ تا بزانێ لەوێ چۆنە.

تیشکی خۆرەکە، تەوقە سەرە- زیوین و مووی سەر قەپۆزی ماینەکەو ڕیشی درێژی-تیم-ی ئەبریسکانەوە. دەسکی تەلەفوونەکەی هەڵگرت، سێ زرەی کوورت دوو زرەی درێژی لێ هەڵساندو دەستی کرد بە هاوار کردن. کە تەلەفوونەکەی دانایەوەو دەرگای سنووقەکەی داخستەوە، دایکی-لینی- داوای لێ کرد بچێتە ماڵەوەو کەمێ کولێرە چەورەیان لەگەڵ بخوات.-تیم- کابرایەکی زۆر سەیر بوو، قاوەی بە گەرمی نەئەخواردەوە، سەیرێکی-لینی- کرد ووتی:-

-[بەرخەکانم، حەز ئەکەن سواری-ڕاچڵ- ببن؟].

-مارت- لە دەرگای چێشتخانەکەوە هاواری کرد:-

-[بێگومان زۆر حەز ئەکەین].

لینی- لەگەڵیان دا سوار نەبوو، لە ترسی ئەوەی نەوەك بکەوێتە خوارەوە بمرێ، لای-رۆبین-ەوە دانیشت، کە باشترین سەگی شوانی-تیم- بوو. لەسەر کلکی ماینەکەوە سەیری سەیری بریسکانەوەی هەورەکانی ئەکرد. سەیری خۆری نەئەکرد کە ئەتووت لەسەر تەختێکی زێڕین ئەگری هیچی نەئەدی، ئەو دوو هەڵۆ کلك سوورە نەبێ، کە پێکەوە بە ئاسماندا خولیان ئەخوارد.

پاش نیوەڕۆ دایکی و مارت و ڕۆبی- لە چیاکە دابەزین بۆ ناو شار. لینی- لە ماڵەوە مایەوە لە ترسی ئەوەی نەك لە ماشێنەکەدا شتێکی لێ بێت، بە تایبەتی کە ڕێگاکە تەسك و پێچاو پێچە.

ویستی ماڵئاوایی لە مشکەکان بکات. کە ماشێنەکە ڕۆیشت، گیایی درێژی پاڵ ماڵەکەیانی لاداو خۆی کرد بەژێر گوێسوانەکەداو بە چرپە ووتی:-

-[مشکەکان ماڵئاوا].

هیچی نەبینی بجووڵێتەوە، کەمێ وەستا. مشکەکان گوێ بە ماڵئاوایی ئەم نادەن، لایان گرنگ نی یە گەر بشمرێ. کە دایکی و کچەکان لەشار گەڕانەوە، باوکیان لەگەڵ خۆیان هێنابۆوە. ڕۆبی- لای ڕاستی باوکی یەوە سوار بوو بوو، ئێستا لینی- لە دڵی خۆی دا ئەیووت (ئەگەر لە گەڵیاندا بڕۆشتایە، ئەم لە پاڵ باوکی دا سوار ئەبوو).

پاش نان خواردنی شێوان، باوکی-گیتار-ەکەی هێنا، لە دەوری ئاگردانەکە کۆبوونەوە، گۆرانی یان ئەووت. لینی- ئەمەی بە دڵ بوو، کە یاری ئەکرد پاڵی دابوو بە لاقی باوکی یەوە. سەرنجی پریشکی ئاگرەکەی ئەدا کە چۆن بەرز ئەبنەوە کە ئەگەنە تاریکایی یەکە، کەمێ ئەگەشێنەوەو دائەمرکێنەوە. سەرنجی دایکی ئەدا کە گۆرانی ئەووت، ئاگرەکە ڕووی ڕۆشن کردبۆوە، قژی ئەبریسکایەوە سەرنجی ئەو خەلووزانەی کە لە دەوری ئاگرەکە

دانرابوو، کۆڕیان گەرم و شەوەکەیان خۆش بوو، ئەستێرەکان گەشترو گەورتر لە شەوان ئەهاتنە بەرچاوی. پشتی کردە ئاگرەکە، کە کزەبایەك لە ڕووی‌دا تەزوویەکی بە لەشی‌دا هێنا، دوو درەختی بەرز بە چرپە یەکیان ئەدواند، بۆنی گژوگیاو سەلکە کاژ لە ئاگرەکەوە ئەهات.

مارت- کە گۆرانی ئەووت، چاوەکانی ئەبریسکانەوە، لینی- نەی ئەزانی چاوی ئەمیش ئەبریسکێتەوە. لەوانەیە لەبەرئەوە بێت باوکی وا مارت-ی خۆش بوێ. باوکی حەزی لە گۆرانی مەکسیکی بوو، دەستی کرد بە ووتنی گۆرانی-ئیل کۆیلیلی- کە لینی- زۆر حەزی لێ بوو:-

([بابە، هەڵۆ سپی‌یەکە مرد
ئەیی یی، یی یی
کلە کاژێری سێی بەیانی‌دا مرد
بەچکەی هەڵۆ سپی‌یەکە
ئەیی یی، یی یی
بۆ ئەم کۆستەیان ئەگریان])

چاوی پڕ بوو لە فرمێسك، لووتی سوور هەڵ گەڕابوو، هەموو کەس باسی مردن ئەکەن. هەستایە سەرپێ، دایکی ماچ کردو شەو باشی لێ کرد. پاشان باوکی ماچ کرد. لینی-لەوە ئەترسا بگری، ووتی:-

-[بابە شەو باش]

ئیتر چوو بۆ ژووری خەوتن، لە تاریکی‌دا جلەکانی داکەندو ڕۆبەکەی لەبەرکرد. هێشتا هەستی بە ڕیشی باوکی ئەکرد لە سەر کوڵمی. مارت- بە ئەسپایی دەرگاکەی کردەوە، هاتە ژوورەوە، ڕۆبی- بە دوای‌دا هات. مارت بە چرپە پێی ووت:-

-[باسی مردنەکەتم بۆ دایکم کرد]

ڕۆبی- بە چرپە ووتی:-

-[مردن باشترین شته تووشت ببێ].

مارت- قسەکەی پێ بڕی:-

-[ئەمە قسەی مەسیح-ە].

ڕۆبی قسەکەی تەواو کرد:-

-[باشترین شت مردنە، تۆ هێشتا منالّی و تووشی هیچی خراپ نەبووی. خوا ئەتباتەوە بۆ لای خۆی، هێندە تۆی خۆش ئەوێ، ئەیەوێ لە نزیکی‌یەوە بژییت].

ڕۆبی- ئەوەندە بە پەلە قسەی ئەکرد، لینی- نەینەتوانی قسەکەی پێ بڕێ، تا بۆ هەناسەدان وەستا. لینی- پرچی خۆی توند گرت ووتی:-

-[کە هاتن بۆ مالّی ئەو، جار جارە سەرم لێ بدەن].

مارت ووتی:-

-[زۆر باشە فێلّباز].

لینی- سەری پرچی نایە دەمی، تامی سرکەو شامپۆی (ودبەری) ئەدا. لەپڕ دایە قاقای پێکەنین. ڕۆبی-و مارت-یش دایانە قاقای پێکەنین و چوون بۆ ناو جێگاکانیا بخەون.

کە لینی- بە تەواوی خەوی لێ کەوت، خرتەو فرتەی مشکەکان بێداریان کردەوە، لە جێگاکەی‌دا قیت بۆوەو بزەیەکی گرت، مشکەکانیش بەردەوام بوون لەسەر خرتەو فرتەی خۆیان.

## زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم

| | | |
|---|---|---|
| ١-پیکاسۆ | ئینگو وڵتەر | و. زۆراب |
| ٢-خوان | ئەفلاتوون | و. ئاوات ئەحمەد |
| ٣-مارا-ساد | پیتەر ڤایس. | شێرزاد حەسەن |
| ٤-دنیای شتە بچووکەکان | رێبوار سیوەیلی | |
| ٥-جەژنی لەدایکبونی کەروێشکە خرپن | ئەلیسۆن ئەتتلی | و. تۆفیق ئەحمەد عبدول |
| ٦-مێلانە | حسێن عارف | |
| ٧-راپەرینی شێخ سەعیدی پیران | رۆبەرت ئۆڵسن | و. ئەبوبەکر خۆشناو |
| ٨-هوشیاریی ئابووری | فوئاد تاهیر سادق | |
| ٩-بینای هونەری لە کورتە چیرۆکی کوردیدا | ئەحلام مەنسور | |
| ١٠-کوردو کوردستان | د. ولید حمدی | و. محەممەد نوری تۆفیق |
| ١١-زمانی ئاگایی، ئاگایی زمان | عبدالمطلب عبدالله | |
| ١٢-بەهەشتی ئەوبەر پردەکە | رێبوار حەمە ڕەحیم | |
| ١٣-مستەفا سائیب ئەستێرەگەشەی | کەمال رەئووف محەممەد | |
| ١٤-ڕووەك و پزیشکێتی میللی کوردی | کەمال جەلال غەریب | |
| ١٥-زستانە خەون | گوڵی تەرەقی | و. دلاوەر قەرەداغی |
| ١٦-هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان | هاوڕێ باخەوان | |
| ١٧-پیدرۆ پارامۆ | خوان ڕۆلفۆ | و. ئازاد بەرزنجی و رێبوار سیوەیلی |
| ١٨- ئاغا و شێخ و دەوڵەت | مارتین ڤان برونەسن | و. کوردۆ |
| ١٩-پاڵمە خۆی | | و. رێبوار رەشید |
| ٢٠-چراکانی سەر هەڵەموت | شێرکۆ بێکەس | |
| ٢١- گۆران وگەڕان بەدوای یەقیندا | عەتا قەرەداغی | |
| ٢٢- کتێبی (ژن) | کەژاڵ ئەحمەد | |
| ٢٣- رێویەکی سەیر | | و. حەمە رشید |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٤- له پەراوێزی مێژووی ئەردەڵاندا | نەوشیروان مستەفا ئەمین | |
| ٢٥- مێژووی ئارامییەکان | شاسوار. خ هەرشەمی | |
| ٢٦-٣٣ گولله | ئیسماعیل بێشکچی | و. ئاسۆس ئەحمەد هەردی |
| ٢٧- دیوانی بێکەس | کۆکردنەوەی ئومێد ئاشنا | |
| ٢٨ کیژی کاپیتان | ئەلێکساندەر پووشکین | و. محەمەد حەمە صالح |
| ٢٩- سێ دڵۆپە خوێن | | و. محەمەد کریم |
| ٣٠- پاشماوەی خێڵەکان | عطا محمد | |
| ٣١- سەلیقەی زمانەوانی | د. حسێن محمد عزیز | |
| ٣٢-کیمیاگەر | پاولو کوئیلو | و. ئەبوبەکر خۆشناو |
| ٣٣-کوردستانی عێراق سەردەمی قەڵەمو موراجەعەت | نەوشیروان مستەفا ئەمین | |
| ٣٤-کێشەی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلی کورد | د. مارف عومەر گوڵ | |
| ٣٥- لەتاریکییەوە بۆ رووناکی | | و. جەمال میرزا عەزیز |
| ٣٦-بیرەوەریەکانی تەیمووری لەنگ | | و. حەمەی حەمە سەعید |
| ٣٧-کوردستانو راپەڕینەکانی کورد | مستەفا یامولکی | و. شێرزاد کریم، ئا: سدیق سالح |
| ٣٨-بەفرنووس | دڵشاد عبدالله | |
| ٣٩-دۆن کیشۆت | سێرڤانتێس | و. کاکە وەیس |
| ٤٠-چەند بابەتێکی مێژوویی | د. جەبار قادر | |
| ٤١-زێڕی ناو زبڵ/لێکۆڵینەوە | د. فەرهاد پیرباڵ | |
| ٤٢-سێبەرو هەتاو/ هونەری | نامق عەلی قادر | |
| ٤٣- سیاسەت بە هەڵەیدا بردین | بزورگی عەلەوی | و. هەژار جلال فهمی |
| ٤٤- بەتەنیشت سیاسەتەوە | ستران عبدالله | |
| ٤٥-کلیلەکانی دەروازەی ئاسینی خەڵکو خودی خۆمان | دۆن بایرۆنو رۆبرت ئا. بارۆن | و. مستەفا پەژار |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٦-گولدانی خالی/ چیرۆکی منداڵان | | و.موژه محمد حەمه باقی |
| ٤٧-مرۆڤ و دەورووبەر/ رووناکبیری | مسعود محمد | |
| ٤٨-گۆڤاری گزنگ/ لیکۆڵینەوە | نەوزاد علی ئەحمەد | |
| ٤٩-کتێب | کەریم دەشتی | |
| ٥٠-عەقڵی خێڵ | بیستون شەوکەت | |
| ٥١-لە "عەممان"ەوە بۆ "ئامیدی" | عەلی سەیدۆ گەورانی | و. تالیب بەرزنجی |
| ٥٢-چەند وێستگەیەکی فیکری و ئەدەبی | ئازاد بەرزنجی | |
| ٥٣-گەڕدون لەڕوانگەی زانستەوە | عەبدولڕەحمان فەرهادی | |
| ٥٤-میری چکۆلە | | و. ناصر حسامی |
| ٥٥-سێ شانۆ نامەی چیخۆف | عثمان چیوار | |
| ٥٦-جوگرافیای کوردستان | عەبدوللا غەفور | |
| ٥٧-قەدەغە شکێنی | مەولود ابراهیم حەسەن | |
| ٥٨-دەسەلات و جیاوازی | مەریوان وریا قانیع | |
| ٥٩-خەونەکانی دێڵە گورگ | جەنگیز ئایتماتۆڤ | و.جەوهەر کرمانج |
| ٦٠-کارنامەی ئەردەشێری بابەکان | | و. شاسوار خ. هەرشەمی |
| ٦١-ئای لە ڤیلیا لە ڤیلیا | کاروان عومەر کاکە سوور | |
| ٦٢- پەندی پێشینان | شیخ محمدی خال | |
| ٦٣- لە هونەرمەندە بلیمەتەکانی جیهان | | و. محمد عارف |
| ٦٤- نان و شەراب | ئینازیۆ سیلۆنە | و. رزگار ئەمین نەژاد |
| ٦٥-ژنێك و دوو پیاو | لیۆنارد فرانك | و.شیرکۆ بیکەس |
| ٦٦-کاروانی بێ کۆتایی | محمودی مەلا عیززەت | |
| ٦٧-هوشیاری فەلسەفی | فوئاد تاهیر سادق | |
| ٦٨-سلێمانی شارە گەشاوەکەم | جەمال بابان- ئاسۆ بابان- ئومید خالید | |
| ٦٩- (گۆڤاری نزار) | | |
| ٧٠-رامبۆ و زەمانی پیاو کوژان | | و.غفور صالح عبدالله |
| ٧١-خوریی زێڕین | | و. محمەد حەمە صالح توفیق |

٧٢-ئەفسانەی کوردی م.ب. رودێنکۆ و.عەزیز گەردی

٧٣-تورکیا لە سەردەمی گۆڕاندا محمد نورالدین و.ئازاد بەرزنجی

٧٤-گەشتێک بەکۆماری مەهاباد دا بەکر عبدالکریم حەوێزی

٧٥-کوردستان لە نێوان ململانێی

نێو دەوڵەتی‌و ناوچەییدا کامەران مەنتک

٧٦-درەختی گەورەو درەختی بچوک و.نەجیبە ئەحمەد

٧٧-خولاصەیەکی تاریخی کوردو کوردستان محمد ئەمین زەکی

٧٨-سۆفیستەکان ڕێبوار سیوەیلی

٧٩- گەنجی سەربەمۆر ئەحمەد بەحری

٨٠- شەوی دووەم دڵشاد عبداللە

نرخی (١٠) تەنها دە دینارە



بە دڵە ڕاوكێوە سەیری دەرەوەم كرد، لەهیچ لایەكەوە نەم بینی، دڵم
گووشرا، تاڵە پاشان دا لە سووچێكەوە بینیم، شەپقەیەكی نوێی لەسەردا
بوو، چەند گوڵێكی پێوە بوو . دەرگاكە كرایەوە، خەڵكەكە شاڵاویان هێنا، كە
سەركەوتە سەرەوە پاڵێكیان پێوەنا، كەوت بەسەر من دا، بەشەرمەوە ووتی:
(بیبوورە) .

# Yes, it is like a spring

## A collection of global short stories

*Translated from English by:*
**Dr. Hiwa Omer Ahmed**

2000-Sulaimani